


ئامادەکردنی :

دکتۆر یاسین سەردەشتیی



ناوی کتێب: بیرەوەرییەکانی "جەمیل مەردۆخیی" سەبارەت بە قۆناغێکی گرنگی شۆڕشی کوردستان

ئامادەکردنی : دکتۆر یاسین سەردەشتیی

شوێنی چاپ : سلێمانی

ساڵی چاپ: ٢٠١٦

لەسەر ئەرکی نووسەر لەچاپدراوە

**ئەم کەشکۆڵەم:**

**پێشکەش بە گیانی پاکی هەموو کورد پەروەران بێت بەتایبەتی ئەو قارەمانە نەمرانە لە ڕیزی حیزبی دیموکرتدا سەریان نایەوەو ئازادی کوردیان لەگەل خەباتو تێکۆشان بە ئەمانەت بەمیراتی بۆ نەوەی نوێ یان بەجێهێشت...لەگەڵ ڕێزو حورمەت**

**جەمیل مەردۆخیی**





**دەقی ئۆرجینالی دەستنوسی بیرەوەریی جەمیل مەردۆخیی**

## پێشکەشکردن:

خوێنەری ئازیز، ئەگەر مێژووی زارەکیی و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لەلایەن شایەتحاڵ و ڕووداوسازەکانەوە گرنگیی و بایەخێکی یەکجار زۆری لەبواری بابەتی نووسینەوەی مێژوودا هەبێت، ئەوە بۆ گەلی کورد ئەم بایەخ و گرنگییەی چەند هێندە زێدەترە. ئەوەی بەردەست بیرەوەرییەکانی (جەمیل مەردۆخیی)ە سەبارەت بە قۆناغێکی زۆر گرنگی مێژووی کورد کە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم و تاکو ناوەڕاستی شەستەکانی ئەو سەدەیەی گرتۆتەخۆ، ناوبراو هەوڵی داوە زۆر بە پوختی ئەو ڕووداوانەمان بۆ بگێڕێتەوە کە خۆی تێیدا بووەو بینیونی و بەشداریی تێدا کردووە، وەك شایەتحاڵێك چەند زانیارییەکمان پێشکەش دەکات کە بۆ نووسینەوەی مێژووی سیاسیی کورد زۆر بایەخدارن و تیشکیان خستۆتە سەر قۆناغ و ڕووداوگەلێك، کە تا ئەم دواییەش زانیاریی کەمیان لەبارەوە وترابوو.

مەردۆخیی، ئەم بیرەوەرییانەی خۆی لەماوەی سەرەتاو ناوەڕاستیی نەوەتەکانی سەدەی بیستەمدا بەشێوەی دەستنوس نووسیوە، پێشتر لە ساڵی ٢٠١٢دا، ئێمە بەچەند بەشێك لە سایتی (کوردستان پۆست) دا بڵاومانکردەوە، هەموو ئەو ڕووداوانەی گێڕاونێتییەوە بەرجەستەی بیرو بۆچوون و تێڕوانینی تایبەتی خۆی دەکات، کە لەوانەیە لای هەندێ کەسی دیکە جیاواز بێ، یەك لەو نموونانە قسەکردنە لە (حیزبی شۆڕش)، کە وەختی خۆی لەلایەن ڕەوانشاد کاك (عومەر نگڵی)یەوە وەڵامێکی دەستنوسی بە دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەردا بۆ



ناردبووم و ئەویشم لەو سایتە بەرێزەدا بڵاوکردەوە و لەم کتێبەشدا لە پاشکۆی ژمارە (٢) دا دامبەزاندۆتەوە.

ئەرکی ئێمە لێرەدا تەنیا ڕێکخستن و پیتچنین و ئامادەکردنی دەستنوسەکەیە تاکو بەو شێوەی کە پێویست دەکات بە ئەمانەتەوە بکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و کۆمەڵێك ڕووداو و زانیاری گرنگی مێژوویی لە لەناوچوون بپارێزرێن و ئەو کەلێنەی لەم ڕووەو لەو قۆناغە مێژووییەدا هەیە بەم جۆرە کارانە پڕبکرێنەوە، جگە لەوەی هاندەرێکیش بێت بۆ ئەوانەی لەو قۆناغەدا بەشداریی ڕووداوەکانیان کردووەو هێشتا بیرەوەرییەکانی خۆیان بۆ نەوەی نوێ بڵاو نەکردۆتەوە کە بەئەرکی پێویست و زۆر گرنگی خۆیان ڕابن و بەشدارییەکی جیدیی لە دەوڵەمەندکردنی مێژووی زارەکیی نەتەوەکەیان بکەن و هەر بژین..

**دکتۆر یاسین سەردەشتیی**

**زانکۆی سلێمانی/ ٥ ئۆکتۆبەری٢٠١٥**

## دەستپێك:

پێویستە بزانین ڕووداوی مەڵبەندیی‌و جیهانیی، کاریگەریی لەسەر تێگەیشتن‌و پێگەیشتنی مرۆڤ هەیەو هەستی دەبزوێنێت‌و هانی دەدات بۆئەوەی ڕاپەڕێت و سوود لەو ڕووداوانە وەربگرێت کە بە لایەوە بایەخیان هەیە، ئیتر ئەو ڕووداوانە مەرج نیە تەنیا سیاسیی بن، بەڵکو لەوانەیە گۆڕانکارییەکی ئابووریی یاخود کۆمەڵایەتیی بن‌و کاریگەرییان بۆ سەر مرۆڤ حەتمی دەبێت‌و هەرکەس بە گوێرەی زەرفییەتی خۆی. لێرە مەبەست لەو گۆڕانکارییانە بریتییە لەو ڕووداوە سیاسییە ناوچەییەی کە ساڵی ١٩٥٨ لە عێراقی دراوسێ ڕوویداو زۆر کەسی خستە بەر هێزو تەوژمی خۆی‌و بەناچاریی گەلێك کەسی جوڵاندو پاڵی بە ڕەوڕەوەی ئەو ڕۆژگارەوە ناوە.

من یەکێکم لەو کەسانەی گەرمی ئەو تەوژمەم بەرکەوت. بە تایبەت لایەنە ئەرێنییە نەتەوەییەکەی کە بریتییبوو لە دانپێدانانی ئەو گۆڕانکارییە بە هاوبەشبوونی کوردو عەرەب لە عێراقدا، ئەوەی کاری لێکردم‌و ویژدانی نوستوومی بەخەبەر هێنا. بۆ کەڵك وەرگرتن لە ڕووداوە سیاسییە ناوچەییەی کە لە عێراقی دراوسێدا ڕوویدا چوومە ناو داوی سیاسەتەوە، بەوەش هەر لەو کاتەوە پەیوەندی نزیکم بە مەسەلە ڕەواکەی کوردەوە هەیەو ئاواتم ئەوە بووە کوردبە مافە نەتەوەییە حەقەکانی خۆی شاد بێت‌و ئازادو سەربەست‌و سەربەخۆ بژی.

دیارە ئەم نووسینەش بە بەشێك دەزانم لە شێوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆم بە خەباتی گەلەکەمانەوە بۆیە بە ئەرکی خۆمم زانی ئەم



هەنگاوە بنێم هەتا ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەڵەو کەموکورتییەکانی ئەم قۆناغە پەند وەربگرن‌و ژیرانەتر پاڵ بە ڕەوڕەوەی خەباتی گەلی کوردەوە بنێن‌و ئەو ماوەیەی کە دەمێنێت لە دەرفەتی داهاتوو بیبڕن‌و کات بە فیڕۆ نەدەن. زۆر بەدووری نازانم ئەو هەنگاوانەی لێرە بە دواوە دەهاوێژرێت زۆر تیژتربن بۆ پێشەوەو گەلەکەمان وەك گەلانی جیهان‌و دراوسێ حیسابی ڕاستەقینەی خۆی بۆ بکرێت.

لەم نووسینەدا، بە تەرتیب ڕووداوو بەسەرهاتەکانم تۆمار کردووە، لە پێشدا باسی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی عێراقم کردووە، دوای ئەوە باسێکم لە " یەکێتی قوتابیانی ئاینی‌و مەدەنی کوردستان" کردووە، ئنجا هاتوومەتە سەر باسی تێکەڵبوونی ئەو یەکێتییە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان دا ، لە پاشان بەشداری جیددی ئەو حیزبە لە شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی. دواتر، کەوتوومەتە باسبی دامەزراندنی " کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان" و دیسانەوە گەڕانەوە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و پێکهێنانی "کۆمیتەی مۆقەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان" و چەند وردە چیرۆك‌و باس‌وخواسی تر کە هیوام وایە خوێنەرانی بەڕێز لە ڕووی مێژووییەوە سوودی لێ وەربگرن.

## کاریگەریی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ :

لە ساڵی ١٩٥٨، لە دێی"ئەوێهەنگ" قوتابی ئاینیی بووم لەگەڵ هاوڕێیانم "شێخ عوسمان مەردۆخی، سەید ئەحمەد ئەسکۆڵی" لە

خزمەت زانای هەڵکەوتووی کورد مامۆستا"مەلا حەیدەری فەهیمی" ڕۆژانە بە دەرس‌و خوێندنەوە سەرقاڵ بووین، هێشتا شۆڕشی عێراق ڕووینەدابوو، لە بێتاقەتیی ڕۆژانی هەینی، ڕوومان دەکردە چەم‌و دەشتەکانی ئاوایی‌و ئەڕۆیشتین بۆ چەمی "ڕەزاو"، بەدەم ڕێگاوە شێخ عوسمان باسی ئەو سەردانەی بۆ دەکردین کە چەند مانگێك لەوەبەر بۆ عێراق کردبووی. ئەو پێی گوتین کە "لەو سەفەرەدا بۆم دەرکەوت کە وەزعی عێراق لە گۆڕاندایە و خەڵك چاوەڕوانی شۆڕشن، بەتایبەت کوردەکان لە سلێمانی بە گەرمیی باسی گۆڕانکارییان دەکرد".

لەو قسانەی شێخ عوسمان ئێمەش چاوەڕوانی گۆڕان بووین، بەتایبەت جولانەوەی نەتەوەی عەرەب بەڕابەرایەتی عەبدولناسڕ، کە خرۆشی خستبووە جیهانی عەرەبەوە، یەقینمان وابوو کە ڕووداو نزیکە. بەڵام ناخۆشیی ژیانی ڕۆژانەمان لە ئەوێهەنگ بە بۆنەی دووبەرەکییەك کە لە ئاوایی هەبوو، ناڕەحەتی کردبووین. خەڵك خزمەتی نەدەکردین، مامۆستا مەلا حەیدەر وەك پێی دەخوێندین، ڕۆژانەش مەسرەڤ دەکردین، دیارە ئێمەش بە حاڵەتە زۆر سەخڵەت بووین.

بۆئەوەی مەسرەفمان سووك بێت‌و ئەرکمان لەسەر ماڵی مامۆستا کەم بێتەوە، من مۆڵەتی چەند ڕۆژێکم وەرگرت‌و چوومەوە بۆ " تەوریوەر" کە وابزانم ڕێکەوت بوو لەگەڵ یەکی تەموزدا، لەماوەیەدا بوو ئامۆزایەکم کۆچی دوایی کردو ئەو چەند ڕۆژە لە پرسەدا بووین. لە شەوی ١٤/١٣ی تەموز گەیشتمەوە "هویە"، بەڕێکەوت شێخ عوسمان‌و سەید ئەحمەدی هاوڕێشم لەوێ بوون. یەکمان گرتەوەو شەو میوانی فەقێکانی هویە بووین، بۆ بەیانی لەلایەن کەریم میرزا مەحموودەوە



دەعوەت بووین‌و لەبەر هەیوانە درێژەکەیان کەبەسەر باخچەو ئەو دەشت‌و دەرەدا دەیڕوانی چاو نانی بەیانیمان خوارد. هەر ئەو بەیانیە بوو، رادیۆکەمان کردەوەو عێراقمان وەرگرت"بەیانی ژمارە یەکی شۆڕش"ی راگەیاند. ئێمە لەسەرەتاوە حەپەساین‌و وردە وردە ئارام بووینەوە، چونکە شتێکی لامان چاوەڕوانکراوبوو.



شۆڕشی ١٤ی تەموز بە کودەتایەکی سەربازیی دەستیپێکرد/ بەغدا ١٩٥٨

شەوی دواتریش هەر لە هویە ماینەوە بۆئەوەی بەتەواویی لە سەرکەوتنی شۆڕشەکە دڵنیا بین، چونکە نوری سەعیدو هەندێك لە پیاوەکانی رژێمی پاشایەتیی، هێشتا دەستگیر نەکرابوون. بە ناچاریی ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ ئەوێهەنگ، چونکە لەوێ پاسگای لێ بوو،

کەس نەیدەوێرا رادیۆی عێراق بکاتەوە باسی شۆڕش بکات. بۆیە بەناوی دیداربینی سەرهۆیە رۆیشتین‌و شەو لە ماڵی مەلا عەلی ئەکبەر میوان بووین، ئەوان رادیۆیان هەبوو، ئەو شەوە هەواڵی دەستگیرکردنی نوری سەعیدو نەیارانی شۆڕشمان بیست‌ودڵنیابووین کە شۆڕش سەرکەوتووە.



عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) رابەری شۆرشی ١٤ی تەموز

ئێمە دوای ئەوەی عێراق لە دەستووری کاتیدا بە گوێرەی مادەی سێ، دانی نا بە هاوبەشی کوردو عەرەب لە عێراقدا بە تەواویی گەشاینەوەو زۆرمان پێ خۆش بوو. ئێمە ئەو شۆڕشەمان بە هی خۆمان دەزانی‌و بە



پاراستنی لە دەستی ئیستیعمار، ئامادەی هەموو گیانفیدایيەك بووین، چونکە بۆ یەکەمجاربوو لە مێژوودا کورد دانی پێدا بنرێت‌و لەنێو ئەو وڵاتانەی تێدا دابەشکراوە بەچاوی شەریك سەیری بکرێت.

ئەوە بۆ ئێمەش بوو بە دانپیانانێکی رەسمیی و بۆ بەدەستهێنانی مافێکی قانونیی وەك ئەوەی کوردەکانی عێراق کەوتینە پرۆپاگەندەو پشتگیریی ئەو مافەو هەمیشە بۆ خەڵکمان باس دەکرد و تێمان دەگەیاندن کە ئێمەش ماف خۆمانە ئەوەمان هەبێت کە کوردانی عێراق دەستیان کەوتووە. لەمێژەوە گوتراوە کوردانی هەربەشێکی کوردستان مافێکیان دەستکەوێت، کوردانی بەشەکانی تریش داوای دەکەن، هەربۆیە هیچ کام لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان ماف بە کورد نادەن ، ئەگەریش بە ناچاریی شتێك لە دەمیانەوە دەربچێت، ئەوە بۆ ماوەیەکەو هەر زوو پەشیمان دەبنەوە، دیارە ئەوە بۆ عێراقیش شتێکی راست بوو.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەموزدا، ناچاربووم ئەوێ‌هەنگ جێبهێڵم و لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە رووبکەمە شاری سنە:

یەکەم: وەزعی نالەباری ژیان بەهۆی دووبەرەکیی ناو گوندەکە و بێ سەروسامانی حوجرەو مزگەوت‌و شوێن‌و جێگاکە.

دووەم: ئاشکرابوونمان لە شوێنێکی بچووکی وەك ئەو شوێنە زۆر ئاسان بوو.

سێیەم: شوێنی بچووك بۆ ئەو ئاواتانەی ئێمە هەمان بوو بێکەڵك بوو، پێویست بوو لە کۆمەڵگایەکی شارستانییدا تەرحی بۆچوونەکانی خۆمان بکەین.

لەبەرئەو هۆیانە من گواستمەوە بۆ شاری سنەو هاوڕێکانم لە ئەوێهەنگ بەجێمان. من، لە مزگەوتی "عەبدوڵڵا بەگ" لە خزمەتی "سەید عەلی سەجری" سەرقاڵی خوێندن بوومو هاوڕێی دیکەم هەبوو بەناوی "سەید عەبدوڵڵای کوڵیو سەید مەحموودی سەجری. سەید مەحموود پاشتر لە کوردستانی عێراق شەهید بوو، دوای ئەوەی لە دەست شۆڕشی ئیسلامیی هەڵات. لەگەڵ ئەو دوو برادەرە تازەبەتازە یەکترمان دیبوو بۆیە بۆ ماوەیەك لە باسی سیاسەتو چۆنیەتیی کوردو بەسەرهاتی شۆڕشی ١٤ی تەموزی عێراق قسەیەکمان نەبوو، هەمیشە بە خوێندنەوە خەریك بووین. هەرچەند لە سەرەتاوە چونەکەی من بۆ سنە بۆ هاندانو پێگەیاندنو تێگەیاندنی رۆڵەکانی گەلەکەمان بوو، بەڵام لە رووبەڕوو بوونەوەم لەگەڵ ئەو برادەرانەم زۆر ئەترسام، لەوبارەیەشەوە ناهەقم نەبوو. دوای ماوەیەك سەید عەبدوڵڵا رۆیشتو مایەوە منو سەید مەحموودی سەجریو لەگەڵ ئەودا زیاتر لەیەکتر نزیك بووینەوە، هەر لەم ماوەیەشدا بەهۆی ناسیاوییەکی کۆنەوە لەگەڵ"شێخ لەتیفی شێخوئیسلامی مەریوانی"دا هەمبوو، "چاوە"ی برازای پێناساندم، وردە وردە ناسراومان زۆر بوو، دیدارو هاتوچۆو بەڵێنمان دەستپێکرد، هەتا هاتینە سەر درکاندنی رازو نهێنییەکانی خۆمان، تێکڕا بیروڕامان لەیەك نزیك بوو کە لە بەرژەوەندیی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو. هیچمان نە مارکسییو نە زڕە مارکسیی بووین، بە یەك شادبووینو بڕیاری ئیشکردنمان بە یەکەوەدا. بەرلەوەی وەك رێکخراوێك کاربکەین هەوڵماندا سەرەتای کارەکانمان کەسانێکی نیشتمانپەروەری کورد لە کوردستانی ئێران پەیدا بکەین، بەداخەوە کەسمان وەگیرنەکەوت. دیارە ئەم هۆیانەی خوارەوە رێگربوون لە



پەیوەندییکردنمان بە هێزە سیاسییەکانەوە، بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە هەر ئەو حیزبە بە حیزبی کوردیی دادەنرا:

یەکەم: توندوتیژیی ساواكو داروودەستەکەی شا کارێکی وەهای کردبوو نیشتمانییەکان بڕوایان بە هەموو ئەو کەسانە نەدەکردو کەس لە کەس ئەمین نەبوو.

دووەم: ئێمە وەك کۆمەڵە گەنجێکی خوێنگەرم کۆنترۆڵ نەدەبووین لە چوارچێوەی سیاسەتی خۆئارام ڕاگرتندا.

سێیەم: خەباتی خۆمان لە خەباتی حیزبێکی نەتەوەیی جیانەدەکردەوەو بڕیارمان بوو رۆژێك لەگەڵ حیزبی دیموکرات یەکبگرین، بۆیە چاوەڕوانبوون لەو رۆژەدا بۆ پەیداکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان شتێکی زیادەبوو.

## دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی ئاینییو مەدەنیی لە کوردستان•:

دوای ئەوە لە هەوڵەکانمان نائومێدبووینو چاوەڕوانییکردنمان بۆ مەهدی مەوعود بە شتێکی ناڕاست دەزانی، هەربۆیە بڕیاری دامەزراندنی "یەکێتی قوتابیانی ئاینییو مەدەنیی لە کوردستان" مان داو لە چوارچێوەی خزمەت بە نەتەوەی بەشخوراوی کورد، پەیمانی

• ساڵی ٢٠٠٧، بۆ یەکەمجار لەسەر ئەم یەکێتییە بابەتێکی زانستیمان لەگۆڤاری ژمارەی ٤ی (چیا)ی تایبەت بە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و دواتریش وەك نامیلکەیە بڵاو کردۆتەوە. بڕوانە پاشکۆی ژمارەی (١) {سەردەشتیی}.

خەباتمان بۆ یەکتر ئیمزاکرد کە ئەم خالانەی خوارەوە رەچاو بکەین‌و لە پێناویدا تێبکۆشین:

یەکەم: هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ فێرکردنی خوێندن‌و نووسین بە زمانی کوردیی لەناو ئەندام‌و لایەنگری قوتابیاندا.

دووەم: بایەخدان بە مێژووو ئەدەبی کوردیی‌و پەیداکردن‌و خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانە، بۆئەوەش من کرام بە بەرپرس‌و کتێبەکان لای من دادەنران، منیش بۆ ماوەیەك دەمدا بە برادەران بۆ فێربوون‌و خوێندنەوە، ئەوەش کەسانێکی زۆری بە مێژووو ئەدەبی کوردیی ئاشناکرد. بەداخەوە کاتێك دواتر حوجرەکەیان لەلایەن ساواکەوە داگیرو تالان کرد، تەواوی کتێبەکانمان بە کتێبەکانی دەریشەوە، سەری تێداچوو.

سێیەم: هەوڵدان بۆ یەکخستنی قوتابیان بە هەردوو بەشەکەیەوە(واتە ئاینیی‌و مەدەنیی/سەردەشتیی) بیٚ جیاوازیی‌و کارکردن بۆ پتەوکردنی برایەتیی نێوانیان.

چوارەم: بەستنەوەی قوتابیانی شارەکانی کوردستان بە یەکەوە.

پێنجەم: پەیوەندییکردن بە قوتابیانی کوردەوە لە کوردستانی عێراق بەهۆی نوێنەرمانەوە. ئەوەبوو بە تێکڕای دەنگ بڕیارماندا "شێخ ئەحمەد موفتی" بەم کارە هەڵسێت.

دوایی کارەکانمان لەنێوان خۆماندا بەمجۆرە دابەشکرد:

١- فاتیح شێخولئیسلامی مەریوان و ئەسعەد مودەریسی بەشی قوتابیانی مەدەنی بەڕێوەبەرن‌و کۆبوونەوەیان پێبکەن‌و لە ئیش‌وکارەکاندا رابەرایەتییان بکەن لە مەدرەسەکانی شاری سنەدا.



٢- من‌و سەید مەحموود سەجادیش بەشی قوتابیانی ئاینییمان بەڕێوەدەبرد.

٣- مەلا ساڵح زەنانی ئەمینی بارەگای رێکخراوەکەمان بوو، هەواڵگری دەنگ‌وباسەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز بوو، چونکە یەك رادیۆمان هەبوو لەلای ئەوبوو، ئەویش دواتر پاش داگیرکردنی بارەگاکەمان لەلایەن ساواکەوە، لەگەڵ هەندێك گۆڤارو رۆژنامەی کوردییدا، دەستی بەسەرداگیرا.

٤- بڵاوکردنەوەی نووسراوێکی ناوخۆیی بە زمانی کوردیی‌و بە دەستخەت.

بەم شێوەیە دەستبەکاری ئیش بووین‌و ناوەندی کارمان بوو بە شاری سنە، ئەوە بوو پاش ماوەیەکی کەم توانیمان دەنگی قوتابیان بگەیەنینە تاران‌و لە کوردستانیش مەریوان بانەو سەقزی گرتەوە. بەهۆی نوێنەری قوتابیانەوە، دەنگمان گەیشتە کوردستانی عێراق، بۆیە دەستگیرکردنی ئەندامانی یەکێتی ئاینیی لە رۆژنامەکانی عێراق، بەتایبەت رۆژنامە کوردییەکان وەك رۆژنامەی خەبات، بە درێژی باسی ئەو تاوان‌و رەشبگیرییەی رژێمی پەهلەویی کردبوو لە لاپەڕەکانی خۆیداو ناڕەزایەتیی‌و پرۆتێستۆی کوردی عێراقی بڵاوکردبووەوە.

ئەتوانم بڵێم ئەو رووداوە لە شاری سنە لەژێر چاودێری وردو تیژی ساواکدا، بە گەورەترین تەحەدا بۆ ئەو دەزگا سەرکوت‌و درەخشانترین بەڵگەی ئازادییخوازیی‌و نەترسی رۆڵەکانی شارەکە دەسەلمێنێت، بۆیە ئێستاش ساڵی ١٩٥٨ کە بەرابەری ١٣٣٧ی هەتاوییە لە شاری سنەو لای دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو شارە بە "ساڵی فەقێکان" ناوبانگی دەرکردووە.

بەبۆنەی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە ئێران ترسی لێ نیشتبوو، لە شۆڕشێکی ناکاوی وەك شۆڕشی عێراق دەترسا، بەتایبەت لە کوردستان، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- دانپێدانانی حکومەتی عێراق بە ماف کورد لەو وڵاتەدا.

٢- چاوەڕوانیکردنی گەڕانەوەی رابەری میللەتی کورد مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتی شورەویی پاش دوازدەساڵ ئاوارەیی.

٣- ئازادیی حیزبو کۆڕو کۆمەڵی سیاسییو ئازادیی بەیانو رۆژنامەو چاپەمەنیی، بەتایبەت نووسینی کوردیی.

٤- محاسەرەبوونی لە بەری رۆژئاواوە بە دەوڵەتێکی سەر بە شورەویی، لەگەڵ زۆر مەترسیی تر.

یەکێتی قوتابیانی ئاینییو مەدەنیی لەو رۆژە پڕ مەترسییەدا، بە بێ رکابەر لە مەیدان بە تەنیا بوو، هەتا حیزبە ئێرانییەکانیش ورتەیان لێوەنەدەهات، ئەوە باسی تودەییەکان هەر مەکە. ئەو رۆژە یەکێتی ئەو گۆمە مەنگەی شڵەقاندو شەوانە بە کوچەو کۆڵانو مەدرەسەو مزگەوتو ساختمانە دەوڵەتییەکاندا دروشمو بەیانی ئەنووسیو هەڵدەواسی. بۆ ئەو رۆژە بە نیسبەت ساواکەوە ئینقلابێك بوو، ترسی رژێمی لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی عێراق مەزنتر کردبوو. بۆیە ئێمەش بە لەخۆبردوویی لێبڕابووین درێژە بە نووسینو شەونامەکانی خۆمان بدەین، ئەوەبوو نووسینەکان ئەم شوێنە گشتییانەی گرتەوە:

١- پەیکەری شا لە چواڕیانی خیابان، ئەو کاتە حەوزێکیان لەو شوێنە دروستکردبوو، پەیکەرەکەیان لە بەرزی ناو حەوزەکە



دانابوو، دەرورووبەریان بە بەرق رۆشن کردبوو، بە گوڵیش رازاندبوویانەوە.

٢- دیواری دوخانیات لەرووی خیابانەوە.

٣- رووی دەرەوەری مزگەوتی دارالاحسان.



مزگەوتی دار الاحسان/سنندج

٤- دیواری دانشسەرای ئەو کاتە کە شوێنەکەی لەوبەر چەمەوە بوو.

٥- دەرورووبەری ساختمان.

٦- زۆربەی مزگەوتو مەدرەسەکانی شار.

دروشمەکان بریتییبوون لە:" بژی کوردو کوردستان"، " بڕوخێ ئیستیعمارو نۆکەرانی"، "سەرکەوتووبێت خەباتی کورد"، " داوای خوێندنو نووسین بە زمانی کوردیی دەکەین لە کوردستاندا". شەوانە ئەم دروشمانەمان بە دیوارەکانەوە دەنووسی، ئەم نووسیانە کاریکردبووە سەر شارو خەڵك زۆر خۆشحاڵ بوون، بەتایبەت کاسبو دوکاندارەکان کە بەیانییان دەڕۆیشتنە بازاڕ دەیانبینی ساواکییەکان بە تەنەکە نەوتەوە خەریکی کوژاندنەوەی نووسینەکان بوون.

یەکێتیش چەند برادەرێکی تەرخانکردبوو بۆ ئەوەی بیروڕای خەڵك ببیستنێتو کۆی بکاتەوە، ئەوەبوو دوای وەرگرتنی بیروڕایەکی نهێنی دەرکەوت نووسینەکان زۆر پێویستو ئیجابین، بۆیە هەرگیز وازمان لێنەهێنا، لەگەڵ ئەوە برادەران ئەکەوتنە مەترسییەوە، بۆئێمەش مەسەلەکە هۆشیارکردنەوە بوو. ئەو کاتە برادەرانی یەکێتی "کوردبوون"و یەکیان گرتبوو بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەوەی ئەمە کوڕی ئازادییخوازە یان کوڕی رەجعییە، یان لەبەرەی سەرمایەدارو دەرەبەگە. بەکورتیی کوردبوون باڵی بەسەر یەکێتییەکەماندا کێشابوو، خەباتمان بۆ مافە بنەڕەتییەکانی گەلی کورد بوو کە قووتدرابوون، وەك نووسینو خوێندنی کوردییو هەروەها ئازادییو تا دەگاتە ئاڵا و قەوارەی نەتەوەیی کە نەتەوەکانی دراوسێ هەیانبوو. بەم بیرە نەتەوەییە خۆمان لەو شەڕە نابەجێیەی چینایەتیی بە دوورگرتبووو بە خەیانەتمان دەزانی کە کورد هێشتا خانۆچکەیەکی بە دەست نەهێناوە، شەڕی چینایەتیی تێبخەینو بەگژ یەکیدا بکەین، بەداخەوە هەلپەرستان



وازیان نەهێنا لەماوەی ئەم چل ساڵەی دواییدا لە کوردستان ئاگری شەڕی چیبنایەتییان خۆشکردو تەڕووشکیان پێکەوە سووتاندو کوردیان بەمجۆرە دواخست.

من ئەو کاتەو ئێستاشی لەگەڵدابێت بە چاوی قەومیانەوە روانیومەتە سیاسەتی کوردو وشەی کوردم بە قەومی کورد مانا کردووە، وەك چۆن چەمکی عەرەبو فارسم بە "قەومی" عەرەبو فارس لێکداوەتەوە. بەپێی بۆچوونی من ئەگەر کوردێك لەهەر جێگایەكو مەقامێکدا بێت لەسەر ئەم گۆی زەوییە، بەزانینەوە گوتی من کوردم، ئەوە ئیعترافە بە قەومیەتو پێویستە هاوڕەگەزەکانی چ لە کوردستان یان لە هەندەران بە چاوێکی رێزەوە بنرخێنێ چونکە قەومییەت چوارچێوەو وەسفێکی تری نیە ئەمە نەبێت. چوارچێوەیەك کە چینایەتیی دروستی دەکاتو و بۆ بەرژەوەندیی خۆی شەڕی قەومی پێدەکات من ئەوساو ئێستاش دژیمو هەرگیز رازیی نەبووم بە شەڕێکی دروستکراوی چینایەتیی لەلایەن ئەو کەسانەوە کە مەعلوم ئەلحاڵنو پێویست بە ناوهێنانیان ناکات.

شایەنی باسە، زۆر کەس بە دڵسۆزییەوە هاوکاریی یەکێتیی قوتابیانیان کرد کە کارمەند، مەلا، ئاغا، شێخ یا جووتیارو کرێکار بوون. لەناو ئەوانەدا مەرحوم شێخ موعتەسەم حیسامی، دەورێکی دڵسۆزانەو نەتەوەییانەی بەرچاوی هەبوو، هەروەها مەرحوم مەلا حەیدەر، ئەوەبوو دوای ئاوارەبوونی منو گیرانی برادەران، ساواك ئەویشی بانگکردبوو بۆ شاری سنەو هەفتەیەك لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوو.

لەساڵی ١٩٥٨دا، خەڵك بە زەحمەت لە دەوری"کوردایەتیی" جەم دەبوون، بەڵام یەکێتی توانی بەو شێوە تایبەتییە کە بەکاریدەهێناو جیاوازیی نێوان کوردو کوردی لەرێگای چینایەتییەوە حەرام کردبوو هەر زوو بوو بە خاوەن جەماوەرێکی دڵسۆزو رێكوپێكو یەکدەستو تاقەهێز بوو لە شاری سنەو کوردستانی ئێراندا. هیچ زێدە ڕەوییەك نیە گەر بڵێم یەکێتی قوتابیان بەر لە حیزبی دیموکرات بەخەبەر هاتو خۆی رێکخستو خەڵك پێی زانی. بۆ نرخاندنی ماندووبوونی ئەو دڵسۆزانەی یەکێتی، جێگای خۆیەتی لێرەدا ناوی ئەو ئەندامە دڵسۆزانە بنووسم کە ناویانم هێشتا لەبیرماوە:"فاتیح شێخولئیسلامی مەریوانی، مەلا ساڵح خوسرەوی، مەلا محی الدین کێلانەیی، سەید مەحمود سنجەری، ئەسعەد مودەریسی، ئەسعەد سیراجەدینی، مەلا ساڵح هارونی، شێخ ئەحمەد فەزڵی، مەلا ساڵح مەجدی، شێخ تاهیر، شێخ سەعید، شێخ سەدیق مەردۆخی، سەید ئەحمەد ئەسکۆڵی، شێخ عوسمان مەردۆخی، مەلا ئەمین نوینی.ئەمانە تێکڕا بەشداری تەواویان لە دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی ئاینییو مەدەنیی کوردستاندا هەبوو، زۆریان گیرانو گەلێکیان ئاوارەبوون. ئەمانە لەو رۆژەدا ئازاو بەجەرگ لێبووردوانە کاریان بۆ تێگەیاندنو راپەڕاندنی گەلی کورد لەژێر چەپۆکی داگیرکەر دەکرد. دیارە هی تریش زۆربوون کە بەداخەوە ئێستا ناویانم لەبیر نەماوەو داوای لیبێبوردنیان لێدەکەم.

زۆر جێگای خۆیەتی وەڵامێکی ئەو کەسانە بدەمەوە کە رەخنە لە نووسینی بەسەرهاتو رووداوەکانی رابردوو دەگرن، بەیانوی



ئەوەی کە ئەوی رابورد تێپەریو ئەو رووداوانە کۆن بوون، بەڵام بە بڕوای من هەر کوردێك لە بوارەکانی سیاسیی یا زانستیی یا کۆمەڵایەتیی خزمەتی کردبێت لەسەر نەتەوە پێویستە بە زیادەوە یادی بکاتەوەو لەسەری بنووسێت، چونکە نەتەوە پێویستی بە مێژوویەکی دەوڵەمەند هەیە بۆ چەسپاندنی، ئەمانەش بەڵگەی مێژووییو دەبێت بخرێنەڕوو. ئێمەی کورد پێویستمان بە پسپۆڕانی سیاسییو قارەمانی جەنگییو لێهاتووانی زانستیی زۆر زۆرە قارەمانی کۆنمان وەك تازەمان زیندوونو مێژووی کۆنمان هەر ئەوەیە ئێستامانی پێوە گرێدراوە، ئیتر چ خراپەیەکی تێدایە گەر خۆمان ماندوو بکەینو لەسەر مێژووی ژیانی سیاسیی لە کوردستانو قارەمانە لەخۆبوردووەکانی خۆمان شتێك بنووسین.

لەماوەی ٥٠ساڵی رابردوو، لەژێر باڵی پێغەمبەرایەتیی مارکسی–لینیندا هەموو شتێك بۆ ئێمە حەرام بووە، باسی قەومایەتیی، باسی مافی چارەنووسو خۆ بەمرۆڤزانین هیچ حەقی ئێمەی کورد نەبوو، ئیتر نازانم دوای ئەم هەموو هەنگاوانەی گۆرباچۆف، جیهانی کورد بە کویێ دەگات. ئەی ئەگەر خۆمان لە رابردووو مێژووی خۆمان نەدوێین بە تەمای کێ بین ئەم هەنگاوە پێویستەمان بۆ بنێت! میللەتانی پێشکەوتووی جیهان شانازیی بە گۆرانی بێژو شاعیرو نووسەرو قارەمانانی جەنگی خۆیانەوە دەکەن، هەر بۆیە ناکرێت ئێمەش قارەمانیەتیی ئەم پۆلە کوردە لەخۆبوردووە لە یاد بکەین کە لەبەرامبەر دەسەڵاتی تاغوتی شاو پیاوەکانی، بێباکانە خەباتو ململانێیان ئەکردو زیندانو ئاوارەبوونیان لەپێناوی ئازادیدا هەڵدەبژاردو ملیان کەچ نەدەکرد.

ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی ئاینیی‌و مەدەنیی بێترس شەووڕۆژیان خستە سەریەك بۆ هۆشیارکردنەوەی گشت چین‌و توێژو بەشەکانی گەلی کورد لە بازاڕو مەدرەسەو شوێنە گشتییەکان، پەیامبەرانی کوردایەتیی، پەیامی ڕاستی کوردییان بەگوێی خەڵکدا ئەداو ئەو خەباتەش نیمچە ئاشکرابوو. سازمانی ئەمنیەت‌و ئیتلاعات"ساواك" هەر لەسەرەتاوە ئاگای لەم جموجوڵە هەبوو، زۆری پێ باش بوو لەبەر هەر هۆیەك بێ ئەم خرۆشانە کپ بکاتەوە. بە بۆچونی ئەوان ئەگەر جوڵانەوەیەك بەناوی کوردایەتییەوە هەبێت ئەوا دەبێت لە شارەکانی مەهابادو بانەو سەردەشت بێت نەك لە سنەو سەقزو مەریوان. بەڵام خەیاڵیان خاو بوو، سنە بەر لە هەموو جێگایەکی تری کوردستانی ئێران خرۆشاو هەموو دەوروبەری گرتەوە. ساواك زانی ناتوانێت بە ڕێگای تر بەری ئەم جوڵانە بگرێت، لەناکاو‌و زۆر دڕندانە لە شەوی





دیمەنی پەلاماریکی سەرکوتکەرانەی ساواك بۆ سەر نەیارانی ڕژێمی شاهەنشاهی

۱۸/۱۷ی ئابانی ۱۳۳۷ی هەتاوی/۱۹۵۹زایینی پەلاماری کادرانی یەکێتیان دا ئەو شەوە ۳۲کەسیان گرت لەناویاندا : فاتح‌و ئەسعەدو هەردوو مەلا ساڵح‌و شێخ سەعید بەرکەوتن، من‌و چەند برادەرێکی تر خۆمان شاردەوەو هێرشیان کردە سەر حوجرەو شوێنە تایبەتییەکانمان‌و دەستیان بەسەر تێکڕای کتێب‌و رادیۆو کەلوپەلەکانمان گرت. دوای ئەم پەلامارە ترس‌و دڵەڕاوکێ کەوتە ناو شارەوە لەبەر ئەوەی پەلامارەکە گەورەو بەربڵاوبوو هەموو کوردستان پێی زانی. ڕۆژنامە نیشتمانییەکان وەك: خەبات، ئازادی، ئیتحادالشعب، صوت الاکراد لە عێراق‌و کوردستانی

عێراق تەواوی جەریانەکەیان بە نووسین بڵاوکردەوە، ئەمجارە کڵپەی کوردایەتیی لە شاری سنە بەرزبووەوەو کوژانەوەی نەبووەو نیە، ئێستاش هەر ئەو مێژووەیە هەتا کورد دەگاتە مەنزڵی رزگاریی بەردەوامە.

## منو پەلامارەکەی ساواک

دوای پەلامارەکەی ساواک، من لە ماڵە برادەر لە سنە خۆم شاردەوەو چاوەڕوانی سەرئەنجامی ئەو رووداوەم دەکرد. دیاربوو رۆژ لەدوای رۆژ گرتنو راوەدونان زیاتر دەبوو، ساواک وەك شێتی بەسەر هاتبوو، بەحەقو بەناحەق خەڵکیان دەگرت. دوای مانەوەم لەشار بۆماوەی شەش حەوت رۆژێك، چوومە ماڵی شێخ موعتەسەم حیسامی بۆ راو تەدبیر، چونکە ئەو بێگانە نەبوو پێمانو دۆستێکی راستی کوردایەتیی بوو. لەسەر بڕیاری هەردوولا، بە باشمان زانی من بچمەوە بۆ لادێو لەوێ چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بکەم. لەسەر ئەو بڕیارە رۆیشتم بۆ تەوریوەرو شیان، نزیکەی مانگێك خۆم شاردەوە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێك بووم لە ئەندامانی ناسراوی یەکێتی قوتابیانی ئایینیو مەدەنی، ساواك بەهیچ جۆرێك لەکۆڵم نەدەبوونەوە، ئەوەبوو بەناوی فەقێو سواڵکەرو لوتی، بەدێهاتی ژاوەرۆدا بۆ دەستگیرکردنم بڵاوببوونەوە، هەمان کات رادیۆی سنە خەلاتێکی ٣٥هەزار تمەنیان بۆ هەرکەس تەرخانکردبوو منیان بۆ بگرێت. ساڵ بەرەو ساردی ئەرۆیشتو لە هەموو لایەکەوە ساواك گوشاری خستبووە سەرم، هیچ ئاواییەکی



ژاوەرۆ نەبوو، رۆژانە ساواك بەناوی چەرچییو سواڵکەرەوە سەردانیان نەکات، منیش هەر خەریکی خۆشاردنەوە بووم.

لەسەرەتاوە، هەرگیز کۆتایی کارێك راستەو راست وەك خۆی پێشبینیی ناکرێت، تەنیا ئەگەرەکان بە نەزەر وەردەگیرێتو هەموو ئەو ئەگەرانەش راست نابێت، بۆیە ئێمە لەم کارەی خۆماندا بیرمان لە ئاوارەییو دەربەدەریی نەکردبووەوە، بەڵام بیرمان لە گرتنو ئەشکەنجەو زیندان کردبووەوە. ئەوەبوو بە پێچەوانەوە، هەندێك لە برادەران لەژێر فشاری ئەشکەنجەو لێدانی ساواکدا بەرگەیان نەگرتو زۆربەیان ئیعتیرافیان لەسەر من کردبوو بەو ناوەوە نەگیراوم بۆئەوەی باری ئەوان سووکتربێت، لەو لاشەوە هەواڵیان بۆ من ناردبوو لەگەڵ هاوڕێیانی ترمان دەربازبین بۆ کوردستانی عێراق دەنا ئێمە دەگیرێینو زۆربەمان ئیعدام دەکرێین. ئەوەش وایکرد کە بەناچاریی مل بە ئاوارەیی بدەمو وڵات بەجێبێڵم. سەرەتای مانگی سەرماوەرزی ١٣٣٧ی هەتاوی(کۆتایی نۆڤەمبەری ١٩٥٨-سەردەشتیی) لەگەڵ شێخ جەمالی برام، لە شیان بەڕێکەوتین. شاخە سەرکەشەکان بەفریان لێنیشتبوو بۆئەوەی لە ئاوەدانییەوە تێنەپەڕین، رێگەی کوێستانەکانمان گرتەبەر، لەسەر تەنگی سەرو میرگەوارەوە، قەدبڕ بڕیمانو شەومان بردەسەرو لەماڵی ئالیخان رۆژمان کردەوە، لەبەرئەوەی دەوڵەت رێگا سنوورییەکانی کۆنترۆڵکردبوو، ئێمە لەرێگەی قاچاخ ئیستیفادەمان کرد، بەتایبەتی ئەو کاتە قاچاخچیان، بەتایبەتی هی چا، لە عێراقەوە بە هەوراماندا تێئەپەڕی بۆ ناوچەکانی کانی ژاوەرۆو سنە، ئەوان هەمیشە لەبەر کارەکەی خۆیان بەوریاییەوە چاودێریی رێگاکانیان ئەکرد کە بزانن ئەمنیەو پۆلیس لە ناوچەکەدا

هەیە یان نیە. ئەم حاڵەتە یارمەتی دەربازبوونی دام، شەوی دواتر بووم بەمیوانی مەلاقادری روار کە پیاوێکی زاناو وریاو زۆر عاشقی کوردایەتیی بوو. ناوبراو بەهۆی رادیۆوە لە قاچاخی من بەئاگابوو، هەربۆیە وتی بە یەکێك لە قاچاخچییە شارەزاکان رائەگەیێنم بەسەلامەتیی بتگەیێنێتە تەوێڵە. ئەوەبوو پاش گەڕانەوەی شێخ جەمالی برام، خۆم لەگەڵ قاچاخچییەکان ملی رێگەم گرتو شەوی داهاتوو گەیشتمە تەوێڵە. بۆ بەیانی هاتمە خورماڵو چوومە حوجرەی فەقێیان، لەوێ دەبینم کە مەلا محێدینی هاوڕێمان لێرە جێگەی گرتووەو خۆی مەشغوڵ کردووە، پێکەوە رۆیشتینە خزمەت مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی مەلابەهای بیارەو داوامان لێکرد وەك فەقێ لە حوجرەکەی خورماڵ بخوێنم. ئەویش بە روویەکی گەشەوە داواکەمانەی پەسەندکردو ئیتر لەگەڵ مەلا محێدین خۆمان بەخوێندنەوە سەرگەرمکرد. ئەو کاتە من (جمع الجوامع) م دەخوێندو لەم ماوەیەشدا رۆژنامەکانی عێراقو کوردستانی عێراق بەگەرمیی بروسکەی ناڕەزایی خەڵکیان بڵاودەکردەوە کە بە بۆنەی گرتنی قوتابیانی ئاینیو مەدەنی شاری سنە روویداوە. هەر لەم ماوەیەدا مەلا محێدین سەردانێکی ئێرانی کردەوە، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەدا گیرابووو خرابووە زیندانی کرماشانەوە. ئەوەبوو سەرلەنوێ بەناوی یەکێتی قوتابیانەوە بەیانێکمان دەرکردو داوامان لە هەموو ئازادییخوازی جیهانو کوردستان کرد کە دەنگی ناڕەزایی دژی دەزگای ساواكو رژێمی شاهەنشاهیی بەرزبکەنەوەو داوای ئازادکردنی مەلامحێدینو هاوڕێکانی بکەن. ئەوەش تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکی گەورەی لێکەوتەوە کە لە رۆژنامەکانی خەباتو ئازادیو ئیتحادولشەعبدا بڵاودەکرانەوەو ببووە باسی سەردەم.







لاپەرە — ٢ —

## ئازادی بۆ تێکۆشەرانی کوردستانی بەزۆر بەئێرانەوە بەستراو

■ لە ( ٢١ ) قوتابی کوردستانی عراق لە شەقلاوەوە ، نامەیەکمان بو هاتووە ، تیایا زور بەتوندی بێزاری خویان نیشان دەدەن لەسەر رەفتاری کاربەدەستانی ئێران سەبارەت بەو ئەزیەتەی برا قوتابییەکانی کوردی ئێرانیان دەدرێت . وە نیشان ئەدەن کە لایەنگری خەباتی قوتابیانی کوردستانی بەزور بەئێرانەوە بەستراو ئەدەن ، وە داوا دەکەن کە دەست بەجێ مەلا محی الدین سنەیی و مەلا حەکیمی جوانرویی بەردرێن .

# خەباتی کوردستان

## راوورووتی کاربەدەستانی تارانی بو خەبات هانمان ئەدات

نامەیەك لە یەکیەتی قوتابیانی ئاینیی و مەدەنی کوردستانی ( سنەو ژاوەرو مەریوان ) بەزور بەئێرانەوە بەستراو پێشکەش بی بە خەباتی خوشەویست لە بەغداد .

ئاشکرایە کاربەدەستانی تاران رووتاندنەوەی گەلەکەی ژێر ئایانەوی دەس هەلگرن لەچەتەیی و دزي . لەم بەهارەدا کە قازانی ( مەنجەلی ) تورەیي گەلی ئێران بەگشتی وە گەلی کورد بەتایبەتی هاتبوە قول وە کاربەدەستانی داگیرکەری خستبوە لەرزە ، لەم کاتەدا لەباتی دلخوش کردنی گەل بە کارگەو فابریقەو دانەوەی مافەکانی نەتەوایەتی ، کەوتنە جادەبردنەوە و خوقایم کردن لەسنورەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لەمەریوان و جوانرو وە بو چاككردنی ئەو ریگاو بانانە پارەیێك کە تەرخان کراوە دەدزرێت و دەخورێت ، وە لەجیاتی ئەو پارەیە هێندی لەو دەغلە دەدری بە خەلك کە وەختی حکومەت ناردبوی بو بەشێنەوە بەسەر خەلکی مەریوان و جوانرودا . بەراستی کاربەدەستانی تارانی هەمو روژی ئەو راستیە ئیسپات دەکەنەوە کە «کاربەدەستانی ئێرانی بێهاوتان لەدزی کردن و دەستیان » .

لەگەل ئەو هەمو دزیو چەتەییەشی روژ بەروژ تیروو فشارهێنان بو سەر خەلکی لە پەرەسەندنە . بەلام خەلکی ئێران بەگشتی وە گەلی کورد بەتایبەتی لەوەدا نەماوە لەو جورە شتانە بسلەمێتەوە ، چ جاری ئەوەی بغەوێ . بەپێچەوانە ، ئەوتان هەمو روژی بانگ بەگوی ئەواندا ئەدا . خەلکی ئێران خەریکی گورهەلکەندنن بو کاربەدەستانی زوردارو نیشتمانفروشان .

یەکیەتیەکەمان لەژێر سەرکردەیی پارتیەکەی گەلماندا پارتی دیموکراتی کوردستان ، بە هەمو هێزو توانای خریەوە . درێژە بەخەباتی سەختی شورشگێرانەی خوی دەدا ، لەپیناوی میللەتە زورلیکراوەکەیدا ، وە بەلێن ئەدا کە تا دوا هەناسەی ژیان کول نەدا لەخەبات . وە لەبو هێنانەدی روژێکی وەك روژی چواردەی تەموزی عیراقی .

## لەری سەربەخویی نەتە...

هەروەکو هەموو چینێکی مردوو ، هێزە ئیمپر... مەیدانی مێژوو چول ناکەن . ئەمە قسەیەکە بەرامبە... و هولاندەو بەلجیکاو دەولەتەئیمپریالیستەکانی کەی... بەرامبەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکیش راستە .

ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا ، کەوا سەروەتو... لەشەرردا پیکەوەناوە . نیازی ئەوەیان هەیە کە کە... کەیان وەربگرن بو ئەوەی بەریتانیا ، فەرەنسە... وەدەولەتە کولونیەکان ( = مستعمرات )ی تر دەری... شلوقەکانی ئاسیاو ئەفریقایان — لەژێر پەردەی بە... سوفیت و کرمیونیزم »دا . بونەوەی بگەن بەم ت... دروزنەیەکیاندا لەخویان لەعاستی بزووتنەوەی سە... بەلام مێژوو ، ناتوانرێت بشاردرێتەوە ؛ بویە ئەو... رووی راستەقینەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بو گەل... دەرکەوت .

بەپێچەوانەی پروپاگاندەی ئەمریکا ، گەلانی ئاس... لاتینی کە لەپیناوی سەربەستیو سەربەخوییدا خ... زیاتر بویان روون بووەتەوە باوەریان کردووە ک... ئەمریکی چاوبرسی ترینو درترین چەشنی کولونیالی... مەسەلە هاتە سەر قەلاچوکردنو لەناوبردنی گەلە... یەکان . یارمەتي هێزە ئیستعمارییە ئەورووپاییەکان...

ئایا بەبیردا دێت کە ئەو شەرە درندانەیەی ... لەگەل جەزائیر ئەیکات بەبی یارمەتي ئەمریکا بکرێت... ئەمریکی « رای‌نەکردە زوورسەری هاوری‌کەی لەگ... بە فرەنسەو بەریتانیا بەتەواوي لێژکرا لەو ولاتانەدا... وە کە چەند نەتەوەیەکی ئاسیایی و ئەفریقایی — خویان‌وەرگرت ؟ هەرئەو حالە خراپەی دي کە ... تی‌کەوتبوو لەروژهەلاتی ناوەراستدا ئەمریکا بەهەلی... ( بوشایی‌یەك ) پەیدابووە پیویستە پربکرێتەوەو... دەلەس — ئایزنهاوەری بلاوکردەوە بەم چەشنە ، کە ... کەی عیراق سەرکەوت و ئیمپریالیستەکان زارەترك... لەشکری نارد بو ( لەبنان ) . ئەوسا ئیمپریالیستە د... بەچەیان لەروو هەلالرا بەرامبەر بە دنیای عەرەب... ئاسیایی وە نەتەوەکانی هەموو جیهان .

خەباتی سەرکەوتووی نەتەوەکانی ئاسیاو ... کولونیالیزم هاندانیك بوو بو گەلانی ئەمریکای لاتینی... لەسەریکی‌کەوە هاندان بوو بو نەتەوەکانی ئاسیاو ئە... تازەتر . ئیستا بەبی کیشەوبەرە بو خەلکی هەر ... بووەتەوە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکي قەلای بەئەمینی... ناوکویی هەمرو زورلیکراوانە .

بەربەیانی ئیمپریالیزم دەستی‌پی‌کردووە . لەگەل... یەکجارەکي دەسەلاتی ئیمپریالیستي هیشتا هەر ... ئالوزە لەپیتیەدەمی گەلانی دنیادا . بەر... بەسەروکایەتي سەرمایەی مونوپولی ( = احتکاري )... دارەترین دەستەی کونەپەرستین . ئیستە ئیمپریالی... دوولانەیان گرتووە هەم کە بەفراوانی توانای عە...



پاش ماوەیەك مانەوەم بەتەنیایی لە خورماڵ، هەستم بە تەعقیبی ساواك كرد، هەربۆیە لە مانگی نیسانی ١٩٥٩ چووم بۆ هەڵەبجەو لەوێش هەرچەندە لەژیانی فەقێیایەتی وەرز ببووم ، بەڵام لەخزمەتی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی درێژەم بەخوێندندا. لە هەڵەبجە لەگەڵ پارتییەكان هاتوچۆم هەبوو، رۆژێك شێخ سەعیدی موفتی پێی وتم: ئەمڕۆ لە سلێمانییەوە برادەرێكی بەرپرسی گەورەمان دێت بۆ ئێرە، تۆش وەرە بەسەرهاتی خۆتو هاوڕێكانتی بۆ باس بكە بەڵكو بە فەرمیی كارێكت بۆ بكاتو لەم دڵەڕاوكێیە رزگارت بێت. منیش وتم زۆر باشەو بۆ بەیانی لەگەڵ شێخ سەعید چووین بۆ بینینی برای مەسئولی پارتی دیموكراتو رابەری كورد. دوای چوونە ژورەوە بە عادەتی سلێمانی وتی(ئێ)، واتە قسە بكە، منیش هەرچییەكم لەبیربوو بۆم باسكردو وامزانی رێزێك بۆ هەوڵو بایەخێكیش بە نەهامەتییەكانمان دادەنێتو وەك قارەمانێك پێشوازییم لێدەكات، كەچی لەوەڵامدا وتی:" جا بەرامبەر دەوڵەتی ئێران بۆ ئەوەتان كردووە، خۆ دەوڵەتی ئێران خراپ نییە!!" بەڕاستی بە بیستنی ئەم قسەیە لەجێی خۆم وشك بووەمو هاتمە دەرەوە.

لەماوەی مانەوەم لە هەڵەبجە، لەلایەك لەدەست ساواكییەكانی مەریوانو جاسووسە خۆماڵییەكانی خورماڵ رزگاربووم، چونكە بە زەحمەت دەیانتوانی لە هەڵەبجە كارەكانیان ئەنجام بدەن. هەروەها لەوێ ئاشناییم لەگەڵ ناوەندە سیاسییەكانی ئەودەمە پەیدا كرد كە لە حیزبی شیوعیو پارتی دیموكراتدا بەرجەستە دەبوو. لەلایەكی تر توانیم لەگەڵ ئاوارەكانی جوانڕۆییدا پەیوەندیی بگرم، بەتایبەتی حسێن بەگو قازیی زادەی جوانڕۆیی، قازیی زادە بۆ ئیشوكاری

پەناهەندەکان زوو زوو سەردانی بەغدای دەکردو زیاتر میوانی مەلامستەفا بارزانی دەبوو، لە بەغدا هەر گرفتێك بهاتایەتە رێی، بارزانی فریای دەکەوتو کارئاسانی بۆ دەکرد. بەقسەی قازیی زادە، مەلامستەفا بەچاوی رێزەوە سەیریانی دەکردو هەمیشە ئاگای لێیان بوو. رۆژێك لە حوجرە دانیشتبووم، دوو جامانە سوور خۆیان بەژووردا کردو دوای بەخێرهاتنو قسەوباس، وتیان ئێمە لەلایەن مەلامستەفا بارزانییەوە بۆ سەردانی جوانڕۆییەکان هاتووینو لەوێ قازیی زادە باسی تۆی بۆکردووینو پێی وتووین حەزدەکەم سەردانی بکەنو ئەویش هەر دەربەدەرە، ئێمەش بۆ دڵخۆشیی دانەوەت هاتووین. بەڕاستیی من ئەم دیدارەم بە پێچەوانەی دیدارەکەی حیلمی عەلی شەریفەوە زۆر پێ خۆش بوو.

## پەیوەندیی پێوەکردنم لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە

ماوەیەك بوو قازیی زادەم نەدیبوو، رۆژێك سەردانیم کرد، ئەو تازە لە سەفەری بەغدا گەڕابووەوەو سەردانەکەمی زۆر پێ خۆش بوو. ئەو وتی : بەقەبری وەکیل ئێستا ئەهاتم بۆ لات، باش بوو خۆت هاتی، دوێنێ شەو لە بەغدا لە ماڵی بارزانی لەگەڵ برادەرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان باسی تۆمان کردووەو سەبارەت بە یەکێتی قوتابیانی ئاینیو مەدەنیو پەلاماری ساواكو ئەو دەنگو باسانەی لە رۆژنامەی خەباتو ئازادی دا بڵاوکراونەتەوە. ئەو برادەرە کە من لە ماڵە بارزانی ئەوم ناسیوەو ناوی (ئەحمەد تۆفیقە)و زۆر داوایکردووە کە بە یەکتان بناسێنم. پاش ئەوەی لەبارەی ئەحمەد تۆفیقەوە چەند



پرسیارێکم ئاراستەی قازیی زادەکرد، ئامادەییم بۆ بینینی دەربڕی بە مەرجێك ئەو بێت بۆ هەڵەبجە، قازیی زادە وتی: هەرکاتێك رێگەم کەوتە بەغدا لەگەڵ خۆم دەیهێنم. ماوەیەکی کەم پاشتر، لەبەر چەند هۆیەك هەڵەبجەم جێهێشتو گەڕامەوە خورماڵ، کە گرنگترنیان نزیکبوونەوە لە سنووروو ئاگاداربوون بوو لە برادەرە گیراوەکانمان، هەروەها پەیوەندی بەهەندێك لەو برادەرانەو ئاگادارکردنیان لەبارەی ئەحمەد تۆفیقو تێکەڵ بوون لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کوردستانی عێراق.

رۆژێك لە حەوشەی مزگەوتی خورماڵ دەورم ئەکردەوە، لەدوورەوە پیاوێکم دی لە غەریب ئەچوو، ریشێکی ماشو برنجیو باڵایەکی کورتی هەبوو، شکم لێکرد کە لەژێرەوە بۆ کەسێك بگەڕێت، وردە وردە لەمن نزیك دەبووەوەو منیش بە پارێزەوە لێی نزیك بوومەوەو پێم وت: چیتە چاوەچاو دەکەیت؟ وتی: وەڵڵا کاکە مەلا هیچ نیە، میوانمو بڵێ ئەمشەو لە حوجرە جێگام بکەنەوە،وتم: میوان بەخێربێت. ئنجا چەند پرسیارێکی سەبارەت بە سەردانی مەڵبەندی موکریانو حوجرەکانی لێکردمو بە نەخێر وەڵامم دایەوە. پاشتر وتی: قازیی زادەی جوانڕۆیی دەناسی؟ منیش وتم : تۆ ئەحمەد تۆفیقی؟ وتی نەخێر بەڵام لەلای ئەوەوە هاتووم. ئەو شەوە میوان لەلامان مایەوەو بەیانی بۆ باسکردنی رازو نیازی خۆمان لە مزگەوت چووینە دەرەوەو بەدەم رێگای ئەحمەدئاواو زەڵمەوە وتی: ناوی نهێنیم (سادق شەریفە) بەڵام لە ئەسڵدا ناوم (مەلا باقی) ەو لەلایەن برادەرانو ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەوە هاتوومو پێتڕابگەیەنم کە برادەران لەسەر ئەو بڕیارەی لەگەڵ قازیی زادە کردووتانە دێنە لاتان، بەڵام ئێستا لەشاری سلێمانی

سەرقاڵی دابینکردنی شوێنو ڕێن بۆ ئەو برادەرانەی کە لەلایەن ساواکەوە ئاوارەکراون. لەراستییدا لە پایزی ساڵی ١٩٥٩دا لە پەلامارێکی کتوپڕی ساواکدا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان گیرانو ئەندامانێکی زۆریش پەرتەوازەی شارەکانی کوردستانی عێراق بوون لە هەولێرو سلێمانیو قەڵادزە گیرسانەوەو گەلی کوردو پارتی دیموکرات کۆمەکیان پێکردن. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکو پاش ئەوەی ئاوارەکان جێگیرکران ئەحمەد تۆفیقو فایەق هاتن بۆ خورماڵ بۆئەو دیداربینییەی کە لەگەڵ قازیی زادە باسمان لەبارەوە کرد. ئەوەش یەکەم دیدارم بوو لەگەڵ ئەم دوو کەسە. بۆ قسەکردنو بەناوی سەیرانەوە روومان لە چەمی ئەحمەدئاواو زەڵم کردو لە شوێنێکی تایبەت بەتێروتەسەلی ڕووداوەکانی رابردوومان باسکردو بڕیاردرا:

١- راپۆرتێکی دووردرێژ سەبارەت بە یەکێتی قوتابیانی ئایینیو مەدەنی کوردستان لەلایەن یەکێتیەوە، ئەویش کە من بووم بنووسرێت.

٢- هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیەکەو بانگێشتی ئەندامە دڵسۆزەکانی بۆ چوونە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان.

٣- چالاککردنی ڕێکخستنی حیزبی دیموکرات لەناوچەی سنەو مەریوانو هەوڵدان بۆ پێشخستنی لەم دوو ناوچەیە چونکە حیزبی دیموکرات لەم دوو ناوچەیە چالاك نەبووەو کەسیش بەناوی حیزبەوە لەو ناوچەیە بەر پەلاماری ساواك نەکەوتبوو.



٤- بەرلە دەستبەکاربوونی من، پێویست بوو پاش گەڕانەوەی ئەوان سەفەری سلێمانی بکەمو لەگەڵ برادەران جێگاو شوێنی سیاسیی دیاریی بکرێت.

دوای گەڕانەوەی ئەوان، من دەستم بە نووسینی راپۆرتەکە کرد. پاش تەواوکردنی بەرەو سلێمانی بەرێکەوتمو لەجێگایەکی تایبەت برادەرانم چاوپێکەوتو هەموویان خۆیان پێناساندم کە بریتیبوون لە

١- عەبدوڵڵا ئیسحاقی دەبیر ئەوەلی حیزب ناوی نهێنیی ئەحمەد تۆفیق.

٢- سلێمانی موعینی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ناوی نهێنیی فایەق.

٣- قاسم سوڵتانیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی ناوی نهێنیی کەمال ئەحمەد

٤- هاشم ئەقەل تولاب ئەندام کۆمیتەی مەرکەزی ناوی نهێنیی قادر شەریف

٥- مەلاباقی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی ناوی نهێنیی سادق شەریف

من هەر لەگەڵ ئەمانەدا دانیشتمو هەر لە سلێمانی کەسانی تریشیان هەبوو وەك عەبدولڕەحمانی قاسملوو یوسف ڕەزوانیو هی تر، ئەوانەم بەناو بەرگوێ کەوتن. بەداخەوە هەر یەکەم ڕۆژ لەگەڵ برادەران بووم بە هاوکار، هەستم بە دووبەرەکیی کرد، خۆم پێنەگیراو بە عەبدوڵڵای ئیسحاقیم وت: ئەم دووبەرەکییە ئەنجامی نالەباری لێئەکەوێتەوە، ئەو وتی: گوێ مەدەرێ چەند کەسێکن، شیوعییەکان لەخشتەیان بردوونو بۆخۆیان پەشیمان دەبنەوە. بەهەرحاڵ، من لە حیزبی دیموکراتی



ئەحمەد تۆفیق (١٩٣١-١٩٧٣)

کوردستاندا بووم بە هاوکاری دەستەکەی عەبدوڵڵا ئیسحاقیو ئەوانیش شەرەڤ ئەندامی سەرکردایەتییان بۆمن بە رەوا زانیو ناوی نهێنیی "بلێسە"یان بۆداناموو لەیەکەم رۆژی ئەندامبوونم بەرپرسیارێتی مەڵبەندی سنەو مەریوانی حیزبیان بەسەردا دام.



## سەردانی ناوچەی مەریوان

لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا، بەمەبەستی رێکخستنو بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی دەورەی سێیەمی رۆژنامەی "کوردستان"•، لەگەڵ هاوڕێ کەمال ئەحمەد رۆیشتین بۆ مەریوان. هەرچەند دنیا سارد بوو، بەڵام لە دەرەوە خەرمانەکان زۆر بوو، دوای چاوپێکەوتنی ئەو کەسانەی کە بە باشمان زانین، لە دەشتە پێچو پەناکانداو شەو لەناو "کا" دەنووستین. ئەم سەفەرەی ئێمە دەنگی دایەوەو گەنجولاوانی مەریوان بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کوردستان لە شارەکەیاندا فرە خۆشحاڵ بوون. بەتایبەت ئەو دەنگوباسە کە یەکێتی قوتابیانی ئاینیو مەدەنی، تێکەڵ بە حیزبی دیموکرات بووە، ئەوەش وایکرد زۆر لەو لاوانە داوای هاتنە ناو حیزبی دیموکرات پێشکەش بکەن. بەراستیی، ئەم سەفەرە تەلیسمی بێدەنگی شکاندو ناوچەکەی خستە جووڵە، وایکرد دواتر لاوان خۆیان پەیوەندییان دەکردو خۆشیان سەربەخۆ کۆمیتەکانی حیزبیان پێکدەهێنا. لەگەڕانەوەدا کەمال ئەحمەد رۆشتەوە بۆ سلێمانیو منیش رووم کردەوە حوجرەکەم لە خورماڵ، ئەو حوجرەیەی بێ ئاگاداریی مامۆستاو قوتابییەکانی، ببووە بارەگایەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لە رێگەی منەوە گۆڕابوو بۆ خاڵی پەیوەندیی کارە حیزبییەکانی نێوان سەرکردایەتیی لە سلێمانیو رێکخستنەکانی مەڵبەندی مەریوانو هەورامانو تەنانەت شاری سنەش.شایەنی باسە، هەر لەم ماوەیەدا کاری زۆرباش کرا، وەك دابەشکردنی ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانو بەیانو وێنەی ئەندامە

• ساڵی ٢٠٠٦، ئێمە بۆ یەکەمجار بەکۆڵینەوەیەکی زانستیی لە ژمارە ٤ی بڵاوکراوەی (مادێنە)ی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان، بابەتی بڵاوکردنەوەی ئەم دەورەیەی رۆژنامەی کوردستانمان ساغکردۆتەوە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣) {سەردەشتیی}.





گیراوەکانی حیزب، بەتایبەت وێنەی عەزیز یەسفی، غەنی بلوریان، رەحمەتی شەریعەتیو دکتۆر عەلی مەولەوی و زۆر پرۆپاگەندەی بەکەڵکی نەتەوەیی.

ساواك بۆ پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی ئێمەو رێگرتن لە پەیوەندیی لاوانی کورد بە حیزبی دیموکراتەوە، هەستا بە دروستکردنی حیزبێك بەناوی "حیزبی شۆڕش"و هانی خەڵکانی خوێندەوارو عەشائیرەکانو جووتیارانی دەدا کە پەیوەندیی بکەن بە شۆڕشەوە، تەنانەت پرۆپاگەندەی ئەوەشی بۆ دەکرد گوایە ئەم حیزبە هەڵدەستێت بە شۆڕشێك کە سەراسەری کوردستان بگرێتەوە!!. حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهۆی برادەرانەوە هەر زوو بەم پیلانەی زانی، ئەوەبوو بەیانێکی لەسەر ئەم حیزبە دەکردو شێخ ئەحمەدی فەزڵی بردی لە مەریوان بڵاویکردەوەو دەست بەدەست گەیشتە سنەو دەوروبەریو شۆڕش بووە بڵقی سەرئاوو بە بەیانێك هەڵوەشا. دەکرێت بوترێت کە دەنگوباسی حیزبی شۆڕش، کوردستانی عێراقیشی گرتبووەو زۆر لە هەلپەرستانو بێبەندو باری لەدەور کۆببووەوە، ئەگەر ئەو بەیانەی حیزبی دیموکرات نەبایە هەر ئەو دەمە ساواك بەهۆی شۆڕشەوە دەستی دەگەیشتە زۆر جێگا.

## سەبارەت بە حیزبی شۆڕش

حیزبی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٠ لە کوردستانی ئێران لە مەرکەزی سنە بە هاوکاریی ساواك‌و بە رابەری شێخ نەسرەدین نەقشبەندیی دامەزرێنرا. لەسەرەتاوە لاوەکانی کورد زۆریان پێخۆش بوو، پرۆپاگەندەی ئەم حیزبە سەبارەت بە هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی گەورەو سەرتاسەری لە کوردستان دەنگی دابووەوەو هەرکەس بە شێوەیەك لەبارەی حیزبی شۆڕشەوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕی‌و بەدەملوسیی‌و پارەی ساواك زۆر ئینسانی باش تەفرەدرابوو. لەوبارەیەوە ئەگەر حیزبی دیموکرات فریا نەکەوتایە ئەوا زۆر کوردی پاك‌و نیشتمانپەروەر بەتەواویی گرفتار دەبوون. ئەوەبوو دوای ئاشکراکربوونی رووی راستەقینەی "شۆڕش"، ئەو کوردە دڵسۆزانە گیران کە لە پەنای ئەو حیزبەدا بۆ ساواك دەرکەوتن، بەك لەوانە عەلی قوتبی بێسارانی بوو کە دوای لێدان‌و ئەشکەنجەیەکی زۆر نەیانتوانی چۆکی پێدابدەن‌و ئیرادەی تێکبشکێنن . ئەوەبوو مەردانە لە زیندان هاتەدەرو پەیوەندیی بە حیزبی دیموکراتەوە کردو یارمەتی شۆڕشی ئەیلولیدا. عومەر سادق نگڵی، یەکێکی تربوو لە ئەندامە کارامەو دڵسۆزە راستینەکانی کوردو لەناو حیزبی شۆڕشدا بوو، بەڵام دواتر نەیتوانی لە ئێراندا بمێنێتەوەو ئاوارەی کوردستانی عێراق بووو لە رێگەی منەوە هاتە نێو حیزبی دیموکر اتی کوردستانەوە، پاش ئەوەی لەگەڵ خۆم هێنامە سلێمانی‌و بە ئەحمەد تۆفیق‌و فایەقم ناساندو ئەوانیش پاش کۆڵینەوە، داوایان لێکرد راپۆرتێك لەسەر حیزبی



شۆڕش بنووسێت‌و داوایەکیش بۆ ئەندامەتیی پێشکەش بکات‌و ماوەیەکیش لە خورماڵ بێت‌و پەیوەندیی حیزبیی بە منەوە بێت. بەداخەوە گەر حیزبی دیموکرات حیزبێکی بێ دەردەسەریی بووایە ئێستا ئەو راپۆرتە لە ئەرشیفەکەیدا دەبینرایەوەو نەدەفەوتا. لەڕاستییدا، دامەزراندنی حیزبی شۆڕش لەلایەن ساواکەوە بەمەبەستی بەربەرەکانیی بوو لە دژی حیزبی دیموکرات، وێڕای ئەوەش هێشتا چەند ئاکامێکی ئەرێنیی لێکەوتەوە کە بریتییبوو لە:

١- گرتنەخۆو وەرگرتنی پاشماوەی شۆڕش لەلایەن حیزبی دیموکرات، ئەوانەی کە بەڕاستیی کوردپەروەربوون‌و لەڕووی دڵسۆزییەوە کەوتبوونە دوای شۆڕش.

٢- خۆپاراستنی دڵسۆزان‌و خەڵکی کوردپەروەر لە پاشماوەی حیزبی شۆڕش کە سەر بە ساواك بوون.

٣- هاتوچۆی حیزبیی بۆ ناوچەکە وایکرد رێگە لە دروستبوونی وەها کۆسپێك بگرێت‌و رێگە نەدرێت بەناوی کوردایەتییەوە ساواك جارێکی تر خۆی بکات بە ریزەکانی کورددا.

٤- ساغبوونەوەی حیزب‌و چین‌و توێژەکانی کوردستانی عێراق و تێگەیشتنیان سەبارەت بە ماهییەتی حیزبی شۆڕش .

من بەوەندە سەبارەت بە حیزبی شۆڕش وازدێنم‌و وردەکارییەکانی بۆ ئەو کەسانە جێدێڵم کە کاریان لەو حیزبەدا کردووەو ئەمێستا لە ژیاندا ماون‌و داواکارم تەواوی زانیارییەکانیان لەوبارەیەوە بۆ خوێنەرانی کورد بخەنەبەرچاو•، چونکە شۆڕشیش بە هەموو خراپیی‌و

• بڕوانە بۆچوون و زانیارییەکانی رەوانشاد عومەر نگڵی لە پاشکۆی ژمارە (٢)دا .

چاکەیەکییەوە بەشێکە لە میراتی جوڵانەوەی سیاسیی ئەم میللەتە ستەمدیدەیەو پێویستە ون نەبێت.

## دووبەرەکیی لە عێراق

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٠ەوە، کە بوومە ئەندامی حیزبی دیموکرات، ئەوەمزانی لەناو ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبدا دووبەرەکییەکی قووڵ لەئارادابوو. دەستەیەك لەگەڵ ئەو بۆچوونەدابوون کە حیزبی دیموکرات وەك دەورانی جەبهەی میللیو سەردەمی مەسەدیق ڕێکخراوێکی سەر بە حیزبی تودە بمێنێتەوەو یارمەتی مادییو بارهێنانی تیۆریی لەوەوە وەربگرێت. لەناو ئەم دەستەیەدا هەبوون جیابوونەوەی حیزبی دیموکراتیان لە تودە بەخیانەتو نۆکەرایەتیی ئیستیعمار دەزانی. دەستەیەکی تر کە تاقمو لایەنگرانی ئەحمەد تۆفیق بوون، لایان وابوو چۆن پارتی لە باشووری کوردستان لە حیزبی شیوعی عێراق جیایە، دەبێت حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە حیزبی تودەی ئێران جیابێتو سەربەخۆ بێت. ئەم دووبەرەکییە بەشێوەیەك پەرەی سەند کە ئاڵۆزییەکی گەورەی لەنێو حیزبدا پێکهێنا، هەتا کار گەیشتە ئەوەی ئەحمەد تۆفیقو هاوڕێ کەمال ئەحمەد چوونە بەغدا بۆ لای مەلامستەفا بارزانیو داوایان لێکرد ئەو تاقمەیان لە کۆڵبکاتەوە کە لەلایەن عەبدولڕەحمانی قاسملووە ڕێبەرایەتیی دەکران. مەلامستەفا زیرەکانە پێیوتن:" وەك ئێوە باس ئەکەن ئەبێت عەبدولڕەحمانو هاوڕێکانی خیانەتیان لەحیزب کردبێت،



ئەگەر وایە پێویستە حیزب ئەوان وەدەرنێت، جا لەبەرئەوە مادام ئێوە حیزبتان هەیە، بڕۆنەوە سلێمانیو کۆبوونەوەی خۆتان لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن، ئەگەر حیزب بەناوی خیانەت ئەوی دەرکرد، ئەوە



مەلامستەفا بارزانی

چارنیە من بۆ دەرەوەی ڕەوانە دەکەم". ئەوان هەر ئەوەندەی لە بەغدا گەڕانەوە خێرا دەستبەجێ کۆبوونەوەیەکیان کردو بە ئیجماع، بڕیاری دەرکردنی عەبدولڕەحمانی قاسملویان داو بە بەیان بڵاویانکردەوە. ئەوەبوو دوای بڕیاری حیزب، بارزانی قاسملۆی لەعێراق وەدەرنا، مایەوە ئەحمەد تۆفیقو بەشە نیوە تودەییەکەی حیزب، هەتا گەیشتە ئەوەی کەمال ئەحمەدو تاقمێکی تریان گەڕانەوە ئێران. دیارە ئاوارەبوون خۆی لەخۆیدا دەردێکی پیسە، دووبەرەکیش هێندەی تر ئەو دەردەی ئێمە کۆڵەوارترکردبوو، وایکردبوو لە هەموو لایەکەوە تەماعی ئەوەمان تێبکرێت کە لەلایەن هێزو لایەنە جیاوازەکانی

ناوچەکەوە بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان‌و بەشێوازی دزێو بمانکە ئامرازو هەر کەسێك هەستێت بازرگانیی بە کوردی ڕۆژهەڵات‌و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بکات، ئەو ڕەوتەی هەر لەدوای جێگیربوونی ئاوارەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە لە باشووری



لە ڕاستەوە: ئەحمەد تۆفیق ، هاشم حوسێن زادە، کەمال ئەحمەد



کوردستان لە تێکڕای قۆناغەکان‌و لەلایەن تەواوی هێزو لایەنە جیاوازەکانەوەو بەچاودێریی ساواکییە دڕەکانی وەك عیسا پەژمان‌و سەرهەنگ ئەیوبی‌و سەرهەنگ مودەریسیەوە، گیرابووەبەرو ئێمەیان کردبووە دەستمایەی بازرگانی خۆیان.

کاتێك لە ساڵی ١٩٥٩ەوە، لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژەم بە تێکۆشاندا، هەتا ساڵی ١٩٦١و بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ بەڕێزان: ئەحمەد تۆفیق، سلێمانی موعینی، قادر شەریف، مەلاباقی، قاسم سوڵتانیان، رئوف مەلا حەسەن، مەلا ڕەحمانی سێفەتاڵەیی، مەلا سەید ڕەشید، ڕەشەی قاچاخچی، شێخ موعتەسەم، عەبدوڵڵای شێخ موعتەسەم، عومەر نگڵی، مەلا عەلی لێوی، شێخ عوسمان مەردۆخی،

مەلا ئەمین نوینی، عەلی عەجەم، کوێخا کەریم، تۆفیقە سور، شێخ ئەحمەد فەزڵی‌و لەتیفی شێخولئیسلامی‌و چەند لە تێکۆشەرانی تر کاروچالاکیی حیزبییمان لە هەردوو پارچەی کوردستانی ئێران‌و عێراق ئەنجامداوەو ئەرکی نەتەوەییمان بێ هیچ چاوێك لە پاداشت‌و بەرژەوەندییەکی تایبەت ڕاپەڕاندووە، بەڵام بەداخەوە کە کەسانێکی بێ‌ئاگاو هەندێکیش بە ئەنقەست چاو لەم قۆناغەی تێکۆشانی حیزب دەپۆشن‌و خۆبەختکارانی ئەم قۆناغە لە نەوەی نوێ دەشارنەوە.

# سەردانی مەلامستەفا بارزانیو پلان بۆ شۆڕش لە کوردستانی ئێران

بەهەر حاڵ، گەرموگوڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گۆڕانو کاری جددیی لە ساڵی ١٩٦١دا چووە قۆناغێکی تازەوەو چاوەڕوانی دەکرا، ئەوەی لە ١١ی ئەیلول لە کوردستانی عێراق روویدا، لە کوردستانی ئێراندا بکرێتو بۆ جێبەجێکردنی ئەم قۆناغە تازەیە، حیزب دەستی بە گورجوگۆڵییو جوڵانی نوێ کرد، بەمجۆرەی لای خوارەوە:

١- نووسینی نامەیەك بۆ بارزانیو دانیشتنو قسەکردن لەسەر ئەم بەرنامەیەی حیزب کە بەدەستەوە بوو، بە ئیمزای زۆر لە برادەران کە منیش بەناوی بڵێسە سنەدژی یەوە ئیمزامکرد.

٢- پەیوەندییکردن بەزۆر کەسەوە لە کوردستانی ئێران لە مانگی شوباتی ١٩٦١دا بۆ بیرۆکەیەکی وەها.

٣- ئامادەکردنی رای گشتیی لە کوردستانی عێراق بۆ ئەم مەبەستە.

ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی بارزانی بووین، ئەو کاتەی مەلامستەفا لە بەغدا نەمابوو، بینینو چاوپێکەوتنی لە بارزان فرە زەحمەت بوو. خاڵەکانی پشکنین لێپرسینەوەیان لەگەڵ هەرکەس دەکرد کە سەردانی ناوچەی بارزانی کردبا، هەربۆیە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بووین. ئەوەبوو لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦١دا، بارزانی داوای چاوپێکەوتنی ئێمەی کرد.من لە خورماڵ بوومو بەهۆی سلێمانو حەمەی مینە عەولاوە لە هەواڵی سەردانی بارزان ئاگادارکرامەوە، زۆرم پێخۆش بوو، چونکە هێشتا بارزانینم نەبینیبوو، هەر لە دوورەوە ناوبانگیم



بیستبوو. ئەوەبوو لەگەڵیاندا چووەمە سلێمانیو بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ: ئەحمەد تۆفیق، سلێمانی موعینی، رەشەی قاچاخچی، قادر شەریفو عارف قەرەچەتانی دا بەرەو بارزان بەڕێکەوتین. شەوێك لە هەولێر لە ئوتێل ماینەوە کە خاوەنەکەی ناسیاوی ئەحمەد تۆفیق بوو، ئێمە کە بێ ناسنامە بووین، ناچار بووین لە زۆربەی شوێنەکان رێگەی قاچاخ بگرینەبەر. بەتایبەت لە خەلیفان لەسەر رێگەی رەواندز–بارزان فەوجێك عەسکەر دانرابابوو، لە خاڵەکانی پشکنین نەیاندەهێشت کەسانی وەك ئێمە تێپەڕن. ئەوەبوو بۆ نیوەڕۆی رۆژی دواتر گەیشتینە گوندی ریزان، کە ماڵی لوقمانی کوڕی مەلامستەفای لێبوو. لەوێ بەومان راگەیاند کەلەسەر داوای بارزانی هاتووین، ئەویش وتی: با لەپێشدا ئاگاداری بکەم، ئەوسا چۆنی بەباش زانی هەواڵەکەتان دەدەمەوە. ئێمە ئەو رۆژەمان بە گوندی ریزان لە چاوەڕوانییدا بەسەر برد، وەرزی بەهار بوو رۆژ هەر تەواو نەدەبوو، ئەحمەد تۆفیق پێشنیاری کرد سەردانێکی ئاوی زێ بکەینو سەرێکیش لە شێخ بابۆی برابچووکی مەلامستەفا بارزانی بدەین.

هەربۆیە کە لەسەیری زێ گەڕاینەوە، چووینە خزمەت شێخ بابۆ، بەتەنیا لە ژوورێك لەسەر بەرماڵێك رووەو قیبلە دانیشتبوو، پیاوێکی نورانیو رۆحانییەکی بەدڵداچوو، پیاو بە بینینی دڵو دەرونی دەگەشایەوە. من پرسیاری ژیانی شێخ بابۆم لە ئەحمەد تۆفیق کرد، چونکە ئەو ئاموشۆی زۆری لەگەڵ ماڵە بارزانییدا هەبوو، لەوەڵامدا وتی: چۆنت بینیوە هەمیشە وا لەسەربەرماڵەو خەریکی تاعەتە، تەنیا ئەو کاتە لەسەر بەرماڵ نیە کە خەریکی کسپو فەلاحەتەو خواردنی

خۆی بەدەستی خۆی پێکدەهێنێت‌و بۆ هەرشوێنێك بڕوات خواردنی خۆی لەگەڵ خۆی دەبات.

رۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦١، پاش ئەوەی لەلایەن بارزانیەوە بانگ کراین، هەر زوو نانمان خواردوخۆمان کۆکردەوە، من بە عەقڵی خۆم وام چاوەڕوان دەکرد کە شوێنی بارزانی هەر نیو سەعاتێك لە ماڵی لوقمانی کوڕییەوە دووربێت. شارەزایەك بەناوی "زەکی کامل" پێشمان کەوت‌و بەرەولای بارزانی کەوتینە ڕێ. زۆر نەڕۆیشتین پردێکی ئاسنی گەورە هاتە ڕێمان، زەکی لایداو ئێمە بەدوایدا، نوسا بە باریکە ڕێگایەکی هەڵەت‌و سەخت کە تەنیا بزن ئەیتوانی خۆی لێبدات، باریکە ڕێیەکی بەرەوژوور کە دارستانی بەڕوو قەزوان سەری لەیەك نابوو بەچەشنێك بەکێك ون بووایە بەناڕەحەت دەبینرایەوە. هەر ڕۆیشتین‌و هەر نەگەیشتین. لە سەرەڕێگا گوندێکمان هاتە ڕێ، خەڵکەکەی پێشوازییان لێکردین‌و لەسەر یانجیڵەی خانوویەك بەڕەیەکیان بۆ ڕاخستین‌و دۆی ساردو کەرەو هەنگوینیان خستە بەردەممان. خانمی ماڵەکە خزمەتی میوانی دەکرد، قسەمان لەگەڵ کرد وەلامی نەداوە، دواتر زانیمان ئەو خانمە روسەو شووی بە بارزانییەك کردووەو هێشتا فێری کوردیی نەبووە. پاش ڕۆیشتن لەم دێیەو بڕینی کوێرەڕێگایەکی تری سەخت‌و لەکۆتایی نەهاتووو جێهێشتنی چەند ئاواییەك، گەیشتینە چیایەك لە زەکیمان پرسی وتی: ئەمە (چیای شیرینە) بەچەشنێك بەرزو سەخت بوو کە شاخە بچووکەکانی دەوروبەری هەمووی لەژێر نیگاو دیدماندا بە بچووکی دەردەکەوت. تەنیا شاخێك کە شانی لە شانی ئەم چیایە دەدا، (پێرس) بوو، دیمەن‌و چەشمەندازەکان تادەهات دڵگیرترو سیحراویتردەبوو.



دوای ڕێڕۆیشتنێکی چوار پێنج ساتی، شاخ تەواو بوو بەودیو ئەودیودا شۆڕبووینەوەو نزیکەی دوو تا سێ کیلۆمەتر، لە دوورەوە چادری سپی دەرکەوت‌و زەکی مژدەی دا وتی: ئەو چادرانە ماڵی مەلامستەفایە، زۆرمان پێخۆش بوو، چووینە نزیك چادرەکان‌و پێشمان کەوتن بۆ میوانخانە، لەڕاستییدا، ماندوێتی ڕێگا شەکەتی کردبووین‌و ئەو شەوە بارزانی نەهات بۆ لامان‌و بە ڕاحەتی نووستین‌و هیلاکی ڕێگەمان دەرچوو. بەیانی ئاوی گەرمیان بۆ هێنایین، وتمان دەچینە کانی بۆ دەستوچاوشتن، وتیان لە (چاڵوێ) کانیاونییەو تەنیا بەفراو هەیە، ئەویش بەیانیان دەیبەستێت‌و تا دەمی نیوەڕۆ بەفرەکە خاونابێتەوە. پاش نانخواردن، بارزانی تەشریفی هێناو بەقسەی خۆش‌و میوان نەوازیو ڕێزگرتنی بێ ئەندازە ئارەقی ماندووبوونی ڕێگای لێ سڕین‌و غەمی ئاوارەیی لەدڵ دەرکردین. ماوەی هەشت رۆژمان لە چاڵوێ لە خزمەت بارزانیدا بردەسەر، لەم دانیشتنەدا لە زۆر شت دواین، لەوانە گەڕانەوەی جەنابی بارزانی لە یەکێتی شورەویی کە بەبۆنەی یادکردنەوەی حیزبی شیوعی شورەویی بانگێشتکرابوو. هەروەها دەربارەی ئەو هۆکارانەی وایان لە بارزانی کردبووە بەغدا جێبهێڵێت‌و ڕووبکاتەوە بارزان. لەبارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە، باس لە ناخۆشیی ژیانی ئاوارەکانی کوردی رۆژهەلات‌و دەستگیرکردنیان لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەی عێراقەوە کرا. هەروەها بیرۆکەی دروستکردنی دەستەی چەکداریی بچووك بچووك بە رابەرایەتیی حیزبی دیموکرات‌و بەشداری هەندێك لە عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستانی ئێران. سەبارەت بە کوردستانی عێراقیش، بارزانی رای بەوشێوەیە بوو کە نە بە نووسین‌و

نه به چەك دژی عەبدولكەریم قاسم هەنگاو نەهاوێژرێت. بۆچوونێكی وا كه عارف قەرەچەتانی بێزاركردبوو كه دەیوت: ئێمه دەمانەوێت سبەی بارزانی شۆڕشمان بۆ بكات كەچی ئەو دەڵێت نابێت دژی عەبدولكەریم هەنگاو بنرێت. بارزانی ئەو ڕۆژە پێیوابوو كه كورد پێویستی به لانیكەم ١٠-١٥ ساڵی ترە تا بتوانێت شۆڕشێك بەرپاكات. ئەو لەوە دەترسا نەیارانی عەبدولكەریم هەلەكە بۆ كودەتاكردن بقۆزنەوەو دەیوت: " گەر ئەمرۆ منو كاك ئیبراهیم(مەبەستی ئیبراهیم ئەحمەد بوو) دەتوانین بۆ كوردێك لای عەبدولكەریم تكایەك بكەین، ئەوە سبەینی ناتوانین لەگەڵ ئەو كەسانەی دێنو لە شوێنی ئەو حاكم دەبن ئەوە بكەین، ئەوە مەحمود كاوانی فەرمانی دەستگیركردنی هەیەو لای منه، كاتێك چوومەوە بۆ بەغدا لەگەڵ خۆم دەیبەمو عەفوی بۆ وەردەگرم، باشترین شت ئەوەیە لەناو جەماوەردا بنكەی خۆمان داكوتینو دەبێت بە وردیی ئاگامان لەخۆبێتو كەی وەختی شۆڕش هات خۆی لە دەرگا دەدات، ئێمه دوژمنمان زۆرەو میللەتێكی هەژارینو نابێت دوژمن بەخەبەر بێنین. بۆیانگێڕاومەتەوە كە یەكێك لە ئەندامانی بەرزی پارتی...لەبەردەم سەفارەتی چیكسلۆڤاگیا ڕۆژنامەی خەباتی پێشانی سەفیرداوەو پێی وتوه بزانن چیمان بۆ نووسیوون، ئێمه باشتان بۆ ئەنووسین یان "اتحاد الشعب". بەرای من ئەم جۆرە قسەو پەیوەندییانە ئاگرخۆشكردنن بۆئەوەی ڕۆژێك بەناوی شوعییبوونەوە لە كورد بدرێت، چ پێویست دەكات بە خۆڕایی ناوزڕاوبین."

بارزانی رای لەسەر بیرۆكەی جوڵانەوەی چەكداریی لە كوردستانی ئێران بوو، بەمەرجێك هەنگاوی وردو لەسەرخۆو عاقڵانەی بۆ بنرێت. سەبارەت بە راوەدونانی ئاوارەكانیش لە عێراق، زۆری پێناخۆشبوو،



بڕیاریدا به چوونەوەی بۆ بەغدا لەگەڵ كاربەدەستانی حكومەتدا قسه لەوبارەیەوە بكات. لەبارەی پێویستی ماڵیشەوە، بارزانی یارمەتی ٥٠٠ دیناری به حیزب كردو ناونیشانی چەند كەسێكی له بەغدا دا به ئەحمەد تۆفیق، تاكو بڕوات لەوێ بەناوی بارزانییەوە داوای یارمەتی بۆ ئاوارەكانو برادەرانی حیزب بكات.

لەڕاستییدا، لەو ماوەیەی میوانی بارزانی بووین زۆرم سوود بینی، زۆر مەسەلەی سەرەكیی له مێشكمدا قەتیس مابووو وەڵامی گونجاوم بۆ نەدەدیتەوە، لەم ماوه كورتەدا وەڵامیانم دەستكەوت. به راشكاویی پرسیار له هەموو بابەتێك دەكراو وەڵامەكەی به پوختی وەردەگیرایەوە. لەبەرئەوەی بارزانی پیاوێكی نیك نەفسی ئاسایی بوو، دنیادیدەو پەروەردەی چەرخی زەمانە بوو، هەربۆیە بێباكانە وەڵامی پرسیارەكانی بەڕاستیی دەدایەوە. پرسیارم لێكرد: له یەكێتی شۆرەویی رۆڵی جەنابتان چی بوو؟ لەوەڵامدا پێكەنیو فەرمووی: "قەساب بووم له سیبریا!. " لەرستییدا، من وەڵامەكەم به سەرسوڕمانەوە وەرگرت، بەڵام ئەو بۆئەوەی بۆم بسەلمێنێت دەستی كردە بستو فەرمووی :" كێردێكم لەبەر پشتێنێكەم كردبوو ئا ئەوەندە دەبوو!!". هەروەها لەم سەردانەدا هەستم كرد بارزانی مرۆڤێكی زیرەكی تیژهۆشه، لەوجۆرە بوو گەر كەسێكی بۆ جارێك دیتبا پاش ماوەیەكی درێژ ببینیایەتەوە زوو دەیناسییەوە. یاخود ئەو بەسەرهاتو ڕووداوانەی ژیانی زۆر به وردیی دەگێڕایەوەو ئەو ماوەیە سەبارەت به ڕووداوەكانی كۆماری كوردستانو شەڕەكانی بارزانی لەگەڵ لەشكری ئێرانو چۆنێتی چوونیان بۆ شورەویی و زۆر وردە ڕووداوی تری وا باس دەكرد دەتوت ماوەیەكی كەم بەسەریاندا تێپەڕیوە. لەو چەند شەوەدا به پەرۆشەوە

گوێمان بۆ داستانە تاڵو شیرینەکانی بارزانی رادێرابوو، ئەزموونێکی زۆرمان لێوەرگرت. بارزانی فەرمووی تەمەنم شازدە ساڵ بوو، شۆڕشی شێخ سەعید لە کوردستانی تورکیا دەستپێکردبوو، شێخ ئەحمەد پەیوەندیی بە شێخ سەعیدەوە هەبوو، ئەویش نامەیەکی ناردبوو بۆ شێخ ئەحمەد سەبارەت بە پەیوەندییکردن بە عەشائیرە کوردەکانەوە لە کوردستانی ئێران، بەتایبەتی ئەعیانو ئەشرافی شاری سنە. شێخ ئەحمەد منی لەگەڵ پێنج کەسدا ناردە سنەو نامەی بۆ ئەشرافی سنە نووسیو وتی با بەهۆی (ئایەتوڵڵا مەردۆخیی)وە پەیامەکەی شێخ سەعید بە ئەعیانی سنە بگات. ئێمە کەوتینەڕێ بۆ سنەو نامەکەی شێخ ئەحمەدمان برد بۆ ئایتوڵڵا مەردۆخیو ئەویش لەگەڵ عەشائیرو ئەشرافی سنە، شەو لەماڵی ئایەتوڵڵا کۆبوونەوەو ئەوانیش بە گەرمیی پێشوازییان لە پەیامەکە کردو بەڵێنیاندا لەڕووی مادییو مەعنەوییەوە یارمەتی شۆڕشی کورد لە تورکیا بکەن. لەکاتی گەڕانەوە، لە کەلی خان چەند ئەمنیەیەکی ئێران رێگایان لێگرتینو هەوڵییاندا رووتمان بکەنەوەو چەندەمان هەوڵدا لەگەڵیان وەڵامیان نەداینەوە، ئەوەش وایکرد تەقە لەنێوانماندا دروستبێتو یەکێکمان لێکوشتنو ئیدی هاتین بەڕێدا.

هەروەها لەم سەفەرەدا رۆیشتین بۆ خزمەتی شێخ ئەحمەدو دیداربینی ئەویشمان کردو میوانیان بووین لە هاوینەهەوارێکی دوورتر لە چاڵوێ بەرەو لای تورکیا. پێش ئەوەی بگەڕێینەوە وێنەیەکی یادگارییمان لەگەڵ بارزانیدا گرتو بەمجۆرە کۆتایی بەسەفەرەکەمان کۆتاییهاتو گەڕاینەوە بۆ شاری سلێمانی.






لەڕاستەوە: جەمیل مەردۆخیی، ئەحمەد تۆفیق، سلێمانی موعینی، مەلامستەفا، عارف قەرەچەتانی، قادر شەریف، ئەسعەد خۆشەوی، رەشەی قاچاخچی.

## زەمینە خۆشکردن بۆ جولأنەوەی چەکداریی

لەبەرئەوەی من و عومەر نگلی، بەناوی فەقێ لەخورماڵ بووین، هەربۆیە هاوڕێیانمان لە سلێمانی جێهێشت و گەڕاینەوە بۆ خورماڵ. دوای دە ڕۆژ، لەگەڵ عومەر سەردانی مەریوانمان کردو لەگەڵ برادەران باسی ئەو سەردانەمان کرد بۆ لای بارزانی و ئەوەشمان درکاند کە لەگەڵ بارزانی بیرۆکەی جولأنەوەیەکی چەکداریمان لە کوردستانی ئێران هێناوەتە گۆڕێ و وتمان براینە ئەگەر کاری خراپ روونەدات بەم زووانە حیزب خەباتی چەکدارانە دەستپێدەکات. ئەو کاتە مەلاعەلی و مەلا شێخ عوسمان مەردۆخی بەڕێوەبەری کۆمیتەی مەریوان بوون و ئەم هەواڵەیان زۆر پێخۆش بوو. پاش ئەوەی لەمەریوان گەڕاینەوە، لەخورماڵ ئیزنیان داین و دەریانکردین، هەرچەندە مامۆستامان زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام ناچارکرا بەتایبەت کاتێك دەرکەوت کە حوجرە وەك بارەگای حیزبیی لێهاتووە.

ناچار لەگەڵ عومەر شانمان دایە کرێکاریی لەسەر جادەی سەیدسادق-هەڵەبجە و ژیانی سادەی ئاسایی خۆمان پێ دابیندەکرد، پاش مانگێك سلێمانی موعینی هات بۆلام و پێیوتم نامەیەك سەبارەت بە بیرۆکەی جولأنەوەی چەکداریی بنووسم بۆ شێخ موعتەسەم حیسامی، بۆئەوەی بێتە سەر سنوورو ئێمەش دەچین لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵدادەکەین. هەر لەخورماڵ نامەکەم نووسی و بەهۆی شەریف ڕەزاوییەوە، ناردم بۆ مەلائەمین نوینی لەهەورامان، شەریف دوای دوو ڕۆژ هاتەوەو وتی مەلائەمین نامەکەی بردووە بۆ سنەو



وتویەتی هەر بەگەڕانەوەم وەڵامەکەیت بۆ دەنێرمەوە بیبەرەوە بۆ برادەران. منیش لەگەڵ سلێمان چووم بۆ سلێمانی، دوای دوو ڕۆژ مەلائەمین خۆی هاتبوو بۆ سلێمانی و منی بینیەوەو وەڵامی شێخ موعتەسەمی هێنابوو، شێخ وای دانابوو کە بۆ قسەکردن بێتە گوندی"کراویە دۆڵ"، نامەکەم پێشانی هاوڕێیانداو دوای بەرێکردنەوەی مەلائەمین و تێپەڕینی چەند ڕۆژێك، بەناوی سەیرانی زەڵم و ئەحمەدئاواوە، ئۆتۆمبێلێکمان پڕکرد لە خواردەمەنی و جل و نوێن و لەژێرەوەی چەند تفەنگ و دەمانچەمان شاردەوە، ئێمە خۆمان بۆئەوە کۆدەکردەوە لەکوردستانی ئێران شۆڕش بکەین، بەهیچ شێوەیەك بەبیری کەسماندا نەدەهات لەم ساڵەداو لە ئەیلولدا شۆڕش لەکوردستانی عێراق هەڵبگیرسێت!! کاتێك گەیشتینە ئەحمەدئاوا، چەکەکانمان دەرهێناو خۆمان بەست، من وەك شارەزاو چاوساغ کەوتمە پێش ئەم هاورێیانەی حیزب کە دەتوانم بە یەکەم مەفرەزەی چەکداری حیزبیان بناسێنم لەپاش کەوتنی کۆماری کوردستانەوە کە پێکهاتبوون لە:

١- عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحەمەد تۆفیق)
٢- سلێمانی موعینی (فایەق)
٣-هاشمی حەق تەڵەب (قادر شەریف)
٤-مەلاباقی
٥- ڕەشەی قاچاخچی
٦- قادر تەگەرانی
٧- حەمەی مینە عەولا بانەیی
٨- سەعید بانەیی

٩- کویخا کەریم

١٠-تۆفیقە سوور بانەیی

دەمەو عەسر روومان لەچیا سەرکەشەکانی سنوورکردو لەکاتی تاریکبووندا گەیشتینە گوندی "هانە نەوە"، دوای ئەوەی کەمێك لەژێر دارگوێزەکان وچانێکمانداو چایەکمان خواردەوە، برادەران وتیان ئێمە لەوە زیاتر نایەین و دەترسین شێخ موعتەسەم هەر نەهاتبێت و پیلانێك هەبێت، مشتومڕ لەنێوانمان پەیدا بوو، من وتم متمانەم بە شێخ هەیە و چۆنی بۆ نووسیوین ئاوا دێتە شوێنی خۆی، ئەوان وتیان ئێمە لێرەدەبین و تۆ بڕۆ کراویە دۆڵ، منیش ناچار شەو بەرێکەوتم و بۆ چێشتەنگاو گەیشتمە نزیك باخەکانی کراویەدۆڵ. کە گەیشتم لەدوورەوە جەنجاڵییەکی زۆردیار بوو، شێخ بەناوی سەردانی مۆڵکو باخ و مریدو مەنسوبانەوە هاتبووە ئەوێ و قەرەباڵغییەك بوو هەر مەپرسە، منیش خۆم پیاکردو پاش ئەوەی مەلائەمینم بینی هەموو باس و خواسێکم تێگەیاند، وتی بابچینە لای شێخ، کە چووین شێخ وتی: من ئامادەم ئەوان کوێیان پێ خۆشە لەوێ بیانبینم، بەڵام من بەم هەموو خەڵکەوە ئەگەر روو بکەمە سەر سنوور گومانی لێ پەیدا دەبێت، وتم ئەی چارە، وتی بڕۆ پێیان بڵێ با بێن بۆئێرە، ناچار گەڕامەوە بۆ هانە نەوەو نزیك بە بانگی عیشا بوو گەیشتمەوە، برادەران هەر یەکەو لەپشت بەردێکەوە سەنگەریان گرتبوو، ئیشارەتم پێدان و هاتنەدەر، چیم دیبوو بۆم گێڕانەوەو ئەوانیش کە زانیان شێخ هاتۆتە ئەوێ، بڕیاریاندا هەر شەو بکەونەڕێ و هێشتا رۆژ نەببۆوە چووینە ئەوێ. دوای حەوانەوەو یەکتر ناسین، دوو رۆژی تەواو قسە لەسەر مەسەلەی جوڵانەوەی چەکداریی کرا لە کوردستانی ئێران، شێخ



موعتەسەم ئامادەیی خۆی دەربڕی و وتی من ئێستا حازرم نەگەڕێمەوە بۆ سنە، ئەگەر ئێوە راتان لەسەر بێت.

لەم سەفەرەدا چۆنمان ویست ئاوا کارەکان بەڕێوەچوون بێئەوەی کەسی دیکە بزانێت، هەربۆیە بەدڵخۆشیی گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، پاش ئەوە برادەران من و عومەر نگڵییان دەستنیشانکرد تاکو سەردانی مەریوان بکەین، سلێمانی موعینی و مەلا عەبدولڕەحمان و تۆفیقە سوورو حەمەی مینە عەوڵایان دانا بۆ سەردانی ناوچەی موکریان و قسەکردن لەگەڵ عەشائیری ئەو مەڵبەندە. من و عومەر بەرەو مەریوان کەوتینەڕێ و یەکەم شەومان لەماڵی شێخ ئەحمەد کانی میران بەسەربرد، ئەو بۆخۆی لێپرسراوێکی حیزب بوو، دواتر سەردانی کانی سانانمان کرد، بەهۆی مەلا عەلی و مەلا شێخ عوسمانیشەوە پەیوەندیمان بە هەندیك لە عەشائیرەکان کرد وەك حەمەوخانی مەحموودخان و شێخ لەتیفی شیخ الاسلام، داوامان لە دۆستان و لایەنگرانی حیزب کرد لە ئامادەباشیدابن، کاتێك گەڕاینەوە سلێمانی، برادەران لەسەفەرەکەی موکریان و چاوپێکەوتنی عەشائیرەکان بەدڵخۆشیی گەڕابوونەوە، ئەم خۆئامادەکردنانە نزیك بە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٦١ تەواو بوو، کەچی پێش ئەوەی ئێمە جوڵانەوەکەمان لە کوردستانی ئێران دەستپێبکەین، عەشائیرەکانی کوردستانی عێراق لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەخۆکەوتبوون و جموجۆڵێکی بەرفراوانیان دەستپێکرد، لەدەوروبەری رانیە، هەباس ئاغای سەرکەبکان و لەپشدەر شێخ حسێنی بۆسکێن و لەسورداش حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا، لە شارەزوور عەشائیرەکانی ترخانی و رۆخزایی و گەڵاڵی و جاف و وردە تیرەکانی دیکە، لە شلێرو پێنجوێن حەمەرەشید

خان، و شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم و شێخ قادری چوێسە کەوتبوونە جوڵە. دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان دەورێکی بەرچاوی لەمەدا هەبوو، ئێمەش کە زانیمان وەزعەکە خەریکە بە جۆرێکی دیکە دەگوزەرێ، بۆئەوی وەك کوردەی لەهەردوو جەژنە بوومان بەسەر نەیەت، بڕیاری دواخستنی جوڵانەوە چەکدارانەکەی کوردستانی ئێرانماندا و بەوریاییەوە لەگەڵ ئەو جوڵانەویەی کوردستانی عێراقدا بۆ پێشەوە هەنگاومان نا. وەك پێشتر ئاماژەم پێداوە، ئێمە مانگی شەش بارزانیمان بینی و ئەوەی کە بیری لێ نەدەکردەوە شۆڕش بوو، ئێستا ئەم جموجۆڵە ناکاوە چییەو کێ لە پشتیەوەیەتی نازانین، دەستیشمان بە بارزانیدا نەدەگەیشت هەتا شتێکمان بۆ ساغ ببێتەوە، هەربۆیە بەناچاریی و بەهۆی هەستی نەتەوەییەوە پشتیوانی پارتی و عەشائیرەکانمان کردو پشتگیریی جموجۆڵەکەمان کردو بە حەقمان زانی.

ئەم جوڵانەوەیە، وەستایانە بوو!! لەبری ئەوەی لەکوردستانی ئێران بێت لەکوردستانی عێراق قەوما!!، لەدەوڵەتێکدا کە (لانیکەم) ی بەمافەکانی کوردی دانپێدانابوو، ئەم راپەڕینە بوو بە کۆسپ لەرێگای بیرۆکەی هەستەی چەکداریی لەکوردستانی ئێران و پەکی خست و کوردستانی عێراق بوو جێگەی حەوانەوەی ساواك و سیخوڕەکانی ئێران و ئێمەیان بە برا کوردەکانمان دەورەداو رێگای جوڵانەوەیان لێداخستین.

لەسەرەتاوە بڕیارماندا برادەرانمان لەناوەوە لەم رووداوە تازانە ئاگادار بکەین و هۆکاری دواخستنی بیرۆکەی راپەڕینی چەکدارییان لە کوردستانی ئێران بۆ روونبکەینەوە. من سەفەری سنەم کردو چاوم



بەشێخ موعتەسەم کەوت و دواخستنی بڕیارەکەی کراویە دوڵم پێ راگەیاند، لەمەریوانیش برادەرانی حیزبیمان ئاگادارکردەوە.

لەو ماوەیەدا، حیزب لەئاوارەییدا لە کوردستانی عێراق، هەروەها لەناویشەوە، لەگەڵ زۆر کۆسپ و تەگەرە بەرەورووو بوو، بەڵام ئەم کارانەی کردووە:

١- زیندووراگرتن و بەرزکردنەوەی ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەیرکردنی لەلایەن حیزبەکانی سەردەمەوە بەچاوی رێزو خۆشەویستییەوە.

٢- هێشتنەوە یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب.

٣- دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزب.

٤- دەربڕینی هەڵوێست و روونکردنەوەی بۆچوونی حیزبمان سەبارەت بە رووداوەکانی ناوچەکەو فرتوفێڵی داگیرکەران لە بۆنە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکان لەرێگەی دەرکردنی بەیاننامەوە.

٥- ئەنجامدانی هەڵمەتێك بۆ ئاشکراکردن و ریسواکردنی سیاسەتی سەرکوتکاری رژێمی شاهەنشاهی و داواکردنی ئازادیی بۆ گیراوانی دیموکراتی کورد وەك: غەنی بلوریان، عەزیز یوسفی، رەحمەتی شەریعەتی، دکتۆر عەلی مەولەوی و ئەوانەی دوای پەلامارەکەی ساواك بۆ سەر رێکخراوەکانی حیزب خرابوونە زیندانەوە.

٦- بەدەنگەوەچوونی ئاوارەکانی کوردستانی عێراق و دابینکردنی شوێن و جێگەی حەوانەوە بۆیان بەهاوکاری خەڵکی بەشەرەفی کورد.

٧- بەرێکردنەوەی کادری رێکخراوەیی بۆ کوردستانی ئێران و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی شانەکانی حیزب و ئامادەکردنیان بۆ خەبات.

٨- بەستنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ پارت و هێزو کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەرەکانی کوردستانی عێراق و دوورکەوتنەوە لە حیزبی تودە کە بەبیری ئێرانچێتیی خۆی مێشکی لاوانی کوردی شوشتبووەوە.

## حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلول

کە جوڵانەوە حیزبیی و عەشائیرییەکان لەکوردستانی عێراق لە ئەیلولی ١٩٦١ دەستپێکرد، ئەرکەکانی حیزبی دیموکرات لەرووی نەتەوەییەوە زیادیکرد. بەر لەشۆڕش، حیزب بە تەنزیمی ئاوارەکان و راگرتنی قەوارەی حیزب لەچوارچێوەی سەربەخۆیی و تەنزیمی ناوخۆی کوردستانی ئێران تێدەکۆشا، بەڵام هەر لەیەکەم رۆژی جوڵانەوەی ئەیلولەوە، برادەرانی سەرکردایەتییمان لەناوچەکانی کوردستان بەشدارییان لە شۆڕشی ئەیلولدا کردو بەهەموو توانایانەوە کەوتنە هاتوچۆ بۆلای عەشائیرو پیاوە ناسراوەکانی شۆڕش. لەناوچەی رانیە، ئەحمەد تۆفیق بەدەم هەباس ئاغاوە چوو، لە پشدەر مەلاباقی خۆی گەیاندە شێخ حسێنی بۆسکێن، لە پێنجوێن و شلێر، من و سلێمانی موعینی هاوکاری شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم و شێخ عەبدولقادرو عەشایری وێنەو داروخانمان دەکرد، هاشمی حەق تەڵەب و چەند کەسێکی تریش لە شارباژێر هاوکاری عەشایری ئەو



ناوەیان دەکرد، بەمجۆرە نیوەی ئیشی حیزبی خۆمان بەخشی بەو جموجۆڵە هەتا تەقینی یەکەم گوللە لە ١١ی ئەیلولدا.



هاشم حەق تەلەب (قادر شەریف)

ئێمە حەقی نەتەوەیی خۆمان بوو دەبوو هەر وابێت، بەڵام ئەم بەشدارییەمان لە شۆڕشی ئەیلولدا زۆر گران لەسەرکەوت، بەتایبەت، کاتێك سەرانی پارتی لەئاخروئۆخری ساڵی ١٩٦١ و بەهاری ١٩٦٢دا بە پەیوەندییگرتن لەگەڵ شاو دەزگای سازمانی ئەمنیەت/ ساواك

سەرگەرمبوون و تەنیا دەستمایەیان ئێمە بووین کە لەگەڵ شاو رژێمی ئێراندا ساتوسەودامان پێوەبکەن!!!

حیزب، وێڕای بەشداربوونی لە شۆڕشی ئەیلولدا، دەستبەرداری ڕێکخستنی خۆی لە کوردستانی ئێراندا نەبوو. بەڵکو بەشێك لە خەباتی خۆی بۆ بەردەوامبوون لە پەرەپێدانی سیاسیی و ڕێکخستنەکانی سەرفکرد، بەتایبەت کە هێشتا لەکوردستانی عێراقدا بەشداریی چەکداریمان نەکردبوو. ئەوەبوو بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبمان، بۆ بەهێزکردنەوەی ڕێکخستنەکانمان گەڕاینەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سلێمانی موعینی و ملا رەحمانی سێفەتاڵەیی خەڵکی سەرشیوی سەقز ڕۆیشتن بۆ ناوچەی موکریان، من و هاشمی حەق تەڵەب کە ئەقەل تولاّبیشیان پێ دەوت، بەرەو مەریوان و سنە کەوتینەرێ بەرەو مەریوان و پەیوەندیمان کرد بە برادەران مەلا شێخ عوسمان مەردۆخی و مەلا عەلی لیوی و داوامان لێکردن رێ و شوێنی چوون بۆ سنەمان بۆ دابنێن. نازانم سلێمان و مەلا رەحمان گەڕانەوەکەیان چۆن بوو، بەڵام من و هاشم کە جلی فەقێیەتییمان کردبووە بەرو تەنیا دەمانچەیەك و مەخزەنێکی پێنج فیشەکیمان پێ بوو، پاش ئەوەی لەشاخی مورکەوڵمان داگەڕاینەخوار بەرەو گوندی نیزڵ چووینە مزگەوتی گوند تووشی بەزمێکی سەیر هاتین، چونکە لەسەرە ڕێدا هەشت نۆکەس بەجلی ئەرتەشەوە لەسەربانێکی گەورە دانیشتبوون و من گومانم کرد کە سەرهەنگ ئەیوبی و تاقمەکەی بن کە بەرپرسی ئاسایشی ئەم ناوەبوون، هەربۆیە ئیشارەتم بۆ هاشم کرد خۆی تێکنەدا و یەکسەر بەرەو مزگەوت بڕۆین، کە چووینە ئەوێ یەکێکیان نارد بەدواماندا، ئێمەش بە بیانووی ئەوەی کە نوێژ دەکەین



خۆمان دواخست و پاشتر لەدیوی ئەو دیوی مزگەوتەکەوە بە راکردن بەرەو بناری چیاکە رۆیشتین، لە ڕێگا هەندێك لەخەڵکی دێ بەرەو ناو دێ دەگەرانەوە پێیان سەیر بوو دوو کەس بە جلی فەقێیایەتیەوە بەو دانی ئێوارەیە بەرەو شاخ رادەکەن، هەر لەو دەمەشدا چەند سەربازێك بەسواریی دوامان کەوتن کە کوڕێکی شێخی نیزڵیان لەگەڵ بوو، من ناچاربووم داوا لە هاشم بکەم روو لە دارگوێزەڵانەکەی بەری ئەو بەر بکات و خۆشم بە دەمانچەکەوە وەستام و وام پێ باش بوو نەترسانە بکەومە قسە لەگەڵ سوارەکان، پاش ئەوەی سوارەکان هاتن، یەکێکیان کە کوڕە شێخ بوو بەچرایەکەوە هاتەپێش و کەوتە قسە، منیش پێم وت کە ئێمە فەقێین و هاتووین شەو لێرەبین و بەیانییەکەی بچینە لای شێخ عوسمانی مەردۆخ کە سبەینێ شێخ عوسمانی بیارە ئیجازەی مەلایەتییەکەی دەداتێ و لەبەرئەوەی هاوڕێیەکەم خەڵکی عیراقەو بێ پێناسە، بۆیە لە ژاندارمەکان ترساوین و کە داوایان کردووین ناچار هەڵاتووین. دواجار پاش کەمێك پرسیارو وەڵام، کوڕە شێخ ڕێگەی دام بەرێگەی خومدا بڕۆم هەرچەندە هێشتا گومانیشی لەقسەکانم هەر هەبوو، بەهەرحاڵ روومکردە دارگوێزەڵانەکان و زۆر گەڕام و بانگمکرد تاکو هاشمم دۆزیەوە، لەبەر ئەوەی هاشم چاوێکی نەبوو، هەربۆیە شەو بەزەحمەت دەیتوانی بەرێگادا بڕوات، لەڕاستییدا زۆر دەترسام هاشم شتێکی لێ بەسەر بێت جونکە لەژێر ئیختیاری مندا بوو، نەوەك دواتر بەجۆرێکی تر شتەکانیان لێکبدایەتەوە!!! ئەو شەوە لەکێو ماینەوەو زۆرمان برسی بوو، دار هەرمێیەکم بینیەوەو هەندێك هەرمێم هێنا لەگەڵ هاشم خواردمان خوا هەڵناگرێ لە قوزەڵقورت تاڵتربوو، دواتر کلاّشمان خستەژێر سەرو لێی خەوتین.

بەهەرحاڵ، لەم گەڕانەوەیەدا چووینە چەند گوندێك و هاشم چاوی بە شێخ موعتەسەم کەوت و خۆشم سەردانی دۆستانی ئەوێهەنگم کردو پاش ئەوەی گەڕاینەوە سلێمانی، لەگەڵ سلێمانی موعینی و مەلا رەحمان کە لەموکریانەوە هاتبوونەوە یەکمان گرتەوە. لەم دەمەدا دەوروبەری مانگی دوازدە بوو، سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی وەك سەرانی پارتی لەئەنجامی شکستی عەشایر و حیزب لە دەربەندی بازیان و دەربەندی خان وڕوگێژ ببوون، تەنیا شتێك قاڵغانی پارێزگاری پارتی و عەشایربێت، ئەو عەفوە خاصە بوو کە عەبدولکەریم قاسم بۆ سلێمانی و دەوروبەری بڵاوکردەوە. بەمشێوەیە عەشایرەکان پاشەکشەیان کرد و گەڕانەوە ماڵی خۆیان، زۆر لەسەرانی پارتیش دوای عەفوەکە دانیشتنەوە، ئێمەش کە بە نزیکەی ٢٥ چەکدارێکەوە لە دەربەندیخان لە مەسەلەکەوە ئاڵابووین، لەسەرەتادا تاماوەیەك جموجۆڵمان کزبوو، ناهەقیشمان نەبوو چونکە تەنیا بە ئێمە هیچ نەدەکرا، ئەحمەد تۆفیق رووی لە بەغدا کردبوو، ئێمەش روومانکردە ماڵە عەشایرەکان، وەك سەرەتای مانگی ئەیلول، سلێمان و مەلا باقی چوونە سەرکەپکان، من و عومەرو هاشمیش چووینە شلێر. پێشمەرگەکانی حیزب ماوەیەك لە قەڵاچوالان لەلای کوێخا حەمەدەمین مانەوە، حکومەتیش لە چوارتا بوو، ئەو برادەرانە کە من تۆفیقە سوور و کاك سەعیدو حەمەی مینە عەولاو کوێخا کەریم و ساڵحی مینە شەمامم لێ دەناسین، ناچاربوون بچنە (مەروی) و زستان لەوێ بەسەر بەرن و مقەڕێك بکەنەوە.

ئەتوانم بەراشکاوی بڵێم کە پاش شکانی جەبهەکانی دەرەبەندی بازیان و دەربەندی خان و عەفوەکەی عەبدولکەریم، جگە لە



پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، چەکدار وەك پێشمەرگەی مقەڕنشین لە لیوای سلێمانی نەما، ئەویش ئەو تەنیا مقەڕەی مەروی بوو، هەرچەندە پارتیش چەند چەکدارێکیان لە دڕی دانابوو. لەو ماوەیەدا ماتەمینی هەموو کوردێکی خەمخۆری گرتبووەوە، پارتیەکان سکرتێرەکەیان لە بەغدا قاچاخ بوو، عەشایرەکانیش هەرکەسەو لەماڵی خۆی بێدەنگی لێ کردبوو، ناوبەناویش بەرقیەی تەئیدیان بۆ عەبدولکەریم لێدەدا، مەلامستەفاش بەهیچ جۆرێك لە هیچ شوێنێکەوە دەنگی نەبوو، ئێمەش لە شارەکان و لەماڵە عەشایرەکان چاوەڕوانی چارەنووسی مەلامستەفا بارزانی بووین. زۆر لە قەواعیدی پارتی بەهۆی بێ مەوقیفی و مانەوەی سکرتێرەکەیان لە بەغدا لە پارتی ناڕازیی بوون، تەنیا ئومێدیان بە جەلال تاڵەبانی بوو کە وەك ئێمە دەگەڕا بەسەر ماڵە عەشائیرەکاندا، بێ ئەوەی بڕیاری پارتی لەسەر بێت، چونکە ئێمەی سەردانی هەباس ئاغامان دەکرد، جەلال تاڵەبانیش دەچووە لای شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم و حەمەڕەشیدخان، بەکورتی هەم ئەحمەد تۆفیق و هەم تاڵەبانی خەریکی جەولە بوون بەسەر عەشایرەکان بۆئەوەی رووناکییەك بکرێتەوە، لەملاشەوە پۆل پۆل خەڵك پارتیان بەجێدەهێشت و کۆڕو کۆمەڵیان ساز دەکرد.

مانگی کانونی دووەمی ١٩٦٢، ئەحمەد تۆفیق چوو بۆ بەغدا بۆ بینینی هێندێك لەو کوردانەی پەیوەندیان بە بارزانیەوە بوو، لەوێ هێندێك لەوانە چوار فەردە قەمسەڵەو پاڵتۆیان بۆ ئەو برادەرانەی حیزب کۆکردبووەوە کە لەمەروێن، قەمسەڵەکانیان بە نەقڵیاتدا رەوانەی سلێمانی کردەوە، من چووم وەرمگرت و بردمن بۆ برادەرانی مەروێ، ئەو شەوەی گەیشتمە ئەوێ، عەبدولکەریم قاسم هاتبووە دەربەندیخان

به بۆنەی کردنەوەی بەربەستەکەی ئەوێ، لەکاتی گەڕانەوەی بە دڕی دا، شەو لەلای ئەو چەکدارانەی پارتی مامەوە کەلەوێ لە ئەشکەوتەکەدا دەنوستن و جەلال تاڵەبانی سەروکاری دەکردن، وتیان لەکوێ بوویت؟ وتم: لەمەروی، هێندێك قەمسەڵەو شتم بۆ برادەران بردووە، تاڵەبانی وتی: ئەی بۆ نایەن لەگەڵ ئێمە بن؟ منیش وتم: خۆ ئێستا زستانە و هەرکەس لەشوێنێك خۆی مەڵاس داوە، با بەهاربێت ئەوسا ئەگەر پارتی شۆڕشی کرد ئەوە ئێمەش پێشمەرگەکانی حیزب ئەخەینە ئیختیارتانەوە..



جەلال تاڵەبانی

دواتر رووم‌کردە مام جەلال و وتم: ئەرێ بەڕاست ئێمە بەم حاڵەوە چیمان لێ بەسەر دێت و بۆ کوێ هەنگاو دەنێین؟ وتی: سەیرکە با بارزانی دەرگای مەشجەب بشکێنێ ئەو کاتە دەردەکەوێت بزانە چی رووئەدات!!وتم: جا بەڕاستی بارزانی مەشجەبی هەیە؟ پێکەنی و وتی: بارزانی چەکی وای هێشتا نە عێراق، نە ئێران چەکی وایان نییە!!



بەڕاستی قسەکەیم زۆر بەراست زانی و زۆریشم پێ خۆش بوو، کە گەڕامەوە وەك خەبەرێکی خۆش بۆ برادەرانم گێڕایەوە، هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین! ئیتر باش بوو پاش ئەوە من هەموو قسەی هەموو کەسم بە گومانەوە وەرگرتووە و زۆر زۆریشم سوود لێ بینیوە.

ئەحمەد تۆفیق توانیبووی لەبەغدا پەیوەندیی بە بارزانییەوە بکات و شوێن و جێگای بدۆزێتەوە و بەتایبەت لە شەڕەکانی بادینان ئاگاداریی تەواو بەدەست بێنێت، هەربۆیە بە پەلە هاتەوە بۆ سلێمانی بەهۆی کادرەکانی حیزبەوە دەنگ و باسی شەڕەکانی بادینانمان بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە. پارتی لەشەڕەکان ئاگاداربوون بەڵام بەخەڵکیان رانەدەگەیاند، ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو ئەو کارەیان کردو بەوەش بوونە جێگەی رێزو تەقدیری خەڵکی شۆڕشگێڕی سلێمانی و ناوچەکە.

سەرانی پارتی، حیزبی دیموکراتیان، بەتایبەت ئەحمەد تۆفیق، بە مونافیسی خۆیان دەزانی و پرۆپاگەندەی ژەهراویان بۆ دەکرد، لەبەرئەوەی حیزبی دیموکرات بێ قەیدوشەرت لایەنگریی شۆڕشەکەی ئەکردو ئەندامانی پارتی ناوچەی سلێمانی هاندەدا دەست بدەنە چەك، بەڕاستیی من نەمدەزانی بۆچی سەرەتا پارتی خۆی لە جوڵانەوە چەکدارییەکە دوورەپەرێز گرتبوو!!تەنیا جەلال تاڵەبانی لەدەرەوە مابوو ئەویش لەلایەن سەرکردایەتیی و مەکتەب سیاسییەوە پشتیوانی لێنەدەکرا، ئەم باسە پێویستی بە کۆڵینەوە هەیە و پرسیاری زۆر هەیە دەبێت وەڵامی بدرێتەوە. بۆ نموونە:

– بۆچی پارتی لەپێشدا بەگەرمی پشتی عەشائیرەکانی گرت و لەناو شارەکاندا شەکرو چا و خواردەمەنی رەوانەی جەبهەکان دەکرد؟

– بۆچی دوای شکانی عەشائیرەکان و عەفوەکەی عەبدولکەریم پارتیش وەك عەشائیرەکان بڵاوەی لێکردو ڕۆیشتنەوە ماڵەوە.؟

– بۆچی لەماوەی ئەیلولەوە تاکو مانگی گوڵانی ١٩٦٢ پارتی نە بەچاك و نە بەخراپ باسێکی لە جوڵانەوە چەکدارییەکەو مەلامستەفا نەدەکرد و ئەوەش بووەهۆی دووبەرەکیی لەناوخۆی پارتیدا؟

ئەم هەڵوێستە نامەسئولانەیان ببووە هۆی ناکۆکیشیان لەگەڵ حیزبی دیموکرات و بەڕادەیەکی ئەوتۆ هیچ ناوناتۆرەیەکی ناشیرین بەرامبەر بەسەرکردایەتی یەکتری نەما نەوترێت؟!

– هۆی چی بوو پاش ئەو هەموو پێکدادان و شەڕەی ناوچەی بادینان و ئەو هەموو خۆدواخستنە، ئینجا لە عەوالآن کۆنفراسێکیان بەست و بڕیاریاندا شۆڕشی چەکداریی دەستپێبکەن؟!

ئێمە لای خۆمانەوە لەسەر بڕیاری حیزب، ئەحمەد تۆفیق و ڕەشەی قاجاخچیمان ڕەوانەی بادینان کرد بۆ لای مەلامستەفا، بۆئەوەی هەم دەنگوباس و ڕەوشی لیوای سلێمانی بە بارزانی رابگەیەنن و هەم پلانێکیش بۆ هاندانی جوڵانەوەی چەکداریی لە سلێمانی دابنێن، دیارە ئەو دووانە بەهەزار دەردی سەر خۆیان گەیاندبووە لای بارزانی. حیزبی دیموکرات کە تەنیا چەند پێشمەرگەیەکی لە گوندی مەوری هەبوو بەهۆی ئەو پەیوەندییە دۆستانەیەی ئەحمەد تۆفیق بە سەرۆك خێڵەکان و عەشائیرەکانەوە هەیبوو جۆرە متمانەیەکی بەخۆی بوو، هەروەها پەیوەندیی بەهێزی سەرکردایەتیی حیزبمان بە مەلامستەفا بارزانیەوە ئەوەندەی دیکە دڵی خەڵکی باشوری کوردستانی بۆلای حیزبی دیموکرات ڕاکێشابوو.



ئەم ڕەوشە، پارتی تەنگەتاوکردو بەپەلەپڕۆزی کەوتەخۆی بەشێوەیەك لەوە دەترسا ئەو جەماوەرە کەمەی مابووشی لەدەستی بێتە دەرەوە، بەتایبەت پاش گەڕانەوەی ئەحمەد تۆفیق و ڕەشەی قاچاخچی و دەرکردنی بڵاوکراوەی دیسان بارزانی و باسکردنی شەڕە توندەکانی چیای مەتین و شکستپێهێنانی هێزێکی گەورەی قوەی سەیاری عێراقی، حیزبی دیموکرات بەو ئیمکانیەتە کەمەی و بەچەند کادرە بەهۆی پشتگیریی عەشایرەکان و ئەندامانی حیزبی کاژێك و ناڕازییەکانی ناو پارتی، خوازیاری ئەوە بوو بۆ کەمکردنی قورسایی شەڕ لەسەر مەلامستەفا بارزانی، جەبهەیەکی گەورە لە لیوای سلێمانی بەرامبەر سوپای عێراق پێکبهێنێت، ئەوەش بەدڵی سەرانی پارتی نەبوو.

ئێمە بڵاوکراوەی "دیسان بارزانی" مان لە گەڕەکی قەزازەکانی شاری سلێمانی دەرکرد، ئەم بڵاوکراوەیە حەوت ژمارەی لێ دەرچوو کە لە کوردستان و ئەوروپادا بڵاودەکرایەوە، سەروتاری یەکەم ژمارەی بە قەڵەمی ئەحمەد تۆفیق نووسرا بوو، باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە چۆڵکردن و ئاشبەتاڵی جەبهەی دەربەندیخان و دەربەندی بازیان بوو، ئۆباڵی شکستەکەشی خستبووە سەر سەرانی پارتی نووسیبووی: "ئەو سنگ شێرانەی شۆڕشیان بەتاڵکردو چوونەوە باوەشی عەبدولکەریم قاسم"، ژمارە هەشتی دیسان بارزانی پاش ٤ مانگ لە گوندی "گەناو" و ژمارە نۆش لە گوندی "نورەدین"ی ناوچەی پشدەر دەرکرا کاتێك بەڕوەبووین بۆ لای مەلامستەفا بارزانی. ئەوانەی ئەرکی نووسین وچاپکردن و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی دیسان بارزانیان لەئەستۆگرت : ئەحمەد تۆفیق/نووسەر، سلێمان موعینی/نووسەر،



دیسان بارزانی

ژماره ١

مانگی شوبات

سالی ١٩٦٢

(( دیسان بارزانی ))



مەلاسەید رەشید/ڕێکخەری دەنگوباس، مەلا رەحمان سیفەتاڵەیی/تایپیست، عەلی سەرشیوی/پاسەوان، جەمیل مەردۆخی/بەرپرسی پەخشی بەغدا، عومەر نگڵی/بەپرسی پەخشی پشدەر.

هەروەها ئەحمەد تۆفیق، بەرپرسی پەخشی شەوانە بوو، کە لەباخچە و حەوشەی ماڵەکاندا دایدەنا، پارتی بەفەرمانی سەرکردایەتیی هەوڵی کۆکردنەوەی ئەم بڵاوکراوەیەی دەدا و پاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە دەزگای ئەمن ئەم بڵاوکراوەیە پەخش دەکات، جارێکیان عومەری نگڵیان لە "دڕی" بە بەستەیەك دیسان بارزانیەوە گرتبوو، لەلایەن هەر ناودارترین کەسی سەرانی پارتیەوە فەلاقە کرا.

لەراستییدا حیزبی دیموکراتی کوردستان رۆڵێکی هەر گەورەی لە شۆڕشی ئەیلولدا هەبوو، چ لەرووی ئیعلامی و چ لە جەبهەکاندا، کادرانی ئەم حیزبە هەر لە ئەحمەد تۆفیقەوە هەتا سلێمانی موعینی و مەلاباقی و مەلا رەحمان و مەلا سەید رەشید و عومەر نگڵی و وەستا رەئوف و رەشەی قاجاخچی و من و باقی پێشمەرگەکان بەبروایەکی پتەوەوە باوەشمان بە شۆڕشدا کردو هەوڵمان دەدا قەرزی سەردەمی کۆمار بدەینەوە، ئەوەش زۆر کەوت لەسەر حیزبمان، بەشێوەیەك دواتر مانەوەو رێگەی هاتوچۆمان بۆ ناوچەی سلێمانی زەحمەت بوو و ئەندامەکانمان لەم ناوچانە کەوتنە ژێر چاودێرییەوە.

## بەشێکی کەم لەکارەکانمان لەنێو شۆڕشی کوردستان لە باشوور

لەدەوروبەری مانگی حوزەیرانی ١٩٦٢دا، لەلایەن بارزانیەوە داوامان لێکرا هەوڵی بینینی کەسایەتییەکی ئەمەریکیی بەناوی "ویلیام ئیگڵتن" بدەین. بۆئەو مەبەستە منیان دیارییکرد، بەمەرجێك بچمە سنەو لەگەڵ شێخ موعتەسەم لەسەری رێکەوین، ئەگەر ئەویش بە باشی زانی ئەو کاتە من هەوڵی دیدارەکە بدەم، وەك ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی بۆمنیان باسکرد گوایە ئیگڵتن کەسێکی پسپۆڕە لەمێژووی کوردو دۆستی بارزانییەو پێشتر لە کەرکوك بووەو ئێستا لە ئەسفەهان دادەنیشێت. من داوام لە ئەحمەد تۆفیق کرد بەڵگەیەك یان نامەیەکی بارزانیم بداتێ تاکو بیدەمە ئیگڵتن، بەڵام ئەو وتی پێویست بە هیچ نامەو بەڵگەیەك ناکات، هەرئەوەندە سڵاوی بارزانی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ کە بارزانی داوایکردووە بێتە سنوور بۆئەوەی چاوی پێبکەوێت.

لەسەر داوای برادەران، ملی رێگام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گرتەبەرو لەهەورامانەوە چومە تەوریوەرو بەهۆی مەرحوم شێخ سەلامی ئامۆزامەوە شێخ موعتەسەمم ئاگادارکردەوەو دوای دەستنیشانکردنی شوێن و کاتی دیارییکراو، چاومان بە یەکترکەوت، شێخ رازی بوو بۆ دیدارەکە، بەڵام وتی ئەتوانم تەنیا هاوکاریت بکەم کە بچیتە تاران و لەوێوە بۆخۆت کەسێك بناسیت تاکو بتباتە ئەسفەهان، وتم لەڕاستییدا من لەتاران کەس شك نابەم، ناشکرێت ئەو داوایەی بارزانی جێبەجێنەکەم، ئەویش وتی بگەڕێوە بە ئەحمەد تۆفیق و سلێمان بڵێ



با یەکێك لەوان بێت دەیبەمە تاران و ئەوان کە ناسیاویان لەتاراندا هەیە دەتوانن بچنە ئەسفەهان. کە گەڕامەوە ئەحمەدو سلێمانم بینی و باسەکەم بۆ گێڕانەوە، زۆریان پێناخۆش بوو کە کارەکەم بێئەنجام بووە، بەتایبەت ئەحمەد لەسەر رۆیشتنبوو بۆ ناوچەی بادینان بۆلای بارزانی و نەشیدەتوانی بڕوات و داواکەی بارزانی جێبەجێنەکردبێت. ئەوەبوو ئەحمەد تۆفیق خۆی ئەو ئەرکەی گرتەئەستۆ، من لەگەڵی رۆیشتم لەرێگای تەوێڵەوە چووینە نوێن و لەوێوە ئەحمەد چووە سنەو بەهۆی شێخ موعتەسەم و شێخ عەبدوڵاوە کوڵەباڵێکی هەورامیان کردبووەبەرو بە ماشێن بردبوویانە تاران. ئەحمەد لەم سەفەرە ٢٥ رۆژی پێچوو، پاش گەڕانەوەی یەکسەر چووە لای بارزانی، لەوێشەوە بارزانی رەوانەی لوبنانی کردبوو، لەرێگای سوریاوە، ئەحمەد لەسەفەرەکەی لوبنان ئەم کارانەی ئەنجامدابوو:

– بانگێشتی عیسمەت شەریف وانلی، لەوێ بەنوێنەرایەتی بارزانی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردبووەوەو باسیان لەهەموو ئەو رووداوانە کردبوو کە لەو ماوەیەدا لەعێراق روویدابوو.

– چاوپێکەوتنی روژنامەوانیان ئەنجامدابوو بۆ راکێشانی بیروڕای جیهان سەبارەت بە کێشەی کورد.

– لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ کوردستان، (دانا ئادەم شمیدیت)ی رۆژنامەنووسی رۆژنامەی ئەمەریکی نیۆرك تایمزی هێنابوو بۆ کوردستان ، شمیدت ٢٠ رۆژ لەکوردستان مابووەوەو زۆر بابەت و وتاری لەبارەی کوردو شۆڕشەکەیەوە نووسی. لەیەکێك لە وتارەکانیدا باسی لە بۆردومانەکەی گوندی(مندیر) لەناوچەی خۆشناوەتی کردبوو، باسی فڕۆکەکانی عێراقی کردبوو کە ماڵێکیان بۆمباران کردبوو،



دانا ئادەم شمدت

لەماڵەکە منداڵێك لەناو بێشەکە جێمابوو کەلەنێو گڕو چڕە دوکەڵدابوو، ئەحمەد تۆفیق و عومەر نگڵی چووبونە ماڵەکەو پەلاماری بێشەکەکەیاندابوو، ئەم وێنەیە لە نیۆرك تایمزدا بڵاوکرابووەو دیمەنێکی زۆر بەرچاوی هەبوو.

سەبارەت بەهەڵوێستی پارتی دیموکراتیش، بەناچاری لەژێر زەبرو فشاری خەڵك هەڵسان بەگرتنی کۆنفرانسێك لە عەوالآن و بڕیاری بەشداریان لە شۆڕشداکرد، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە بەغدا گەڕابووەوە سلێمانی، لەدەوروبەری مانگی حوزەیرانی ١٩٦٢ بارەگایان لەماوەت و عیساوی کردەوەو پێشمەرگەکانی پارتی، بەسەرکردایەتی حەمید کاوانی، شەڕی پردی تەگەرانیان کردو بەرە بەرە تەنزیمی پێشمەرگە دەستپێکردو لەسەرەتادا بەگەرمیی شەڕیان لەگەڵ حکومەت کرد، لەو لاشەوە، بارزانی لەبادینان باڵادەستبوو، ئەوێی بەجێهێشت بۆ ئەسعەد خۆشەوی و خۆی رووی لەناوچەی سۆران کرد.



دوای چالاکبوونی پارتی لە سلێمانی و دەوروبەری، ئێمە لەژێر رەحمەتی پارتیدا بەتەنگ هاتین و رێگای سەرسنوورو پەیوەندییگرتنمان بە کوردستانی ئێرانەوە لێبەسترا، هەر زووش ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی لەشار دەرچوون و خۆیان گەیاندبووە لەشکری بارزانی، ئێمەش جگە لەخۆشاردنەوە لە پارتی رێگایەکی ترمان نەبوو، هەربۆیە بڕیارماندا لەگەڵ عومەر نگڵی لە تەوێڵەوە خۆمان بگەێنینە ئێران، عومەر وتی من لە کرماشان برادەرم هەیە، دەچمە ئەوێ هەم کاریش ئەکەم و هەم رێکخستنی حیزبیش، منیش رێگەی هەورامانم گرتەبەرو چوومە نوین، پاشتر گەڕامەوە سلێمانی لەوێ مەلا عەبدولڕەحمان و مەلا سەید رەشیدیش هاتبوونەوە سلێمانی کە پێشتر چووبوون بۆ سەرشیوی سەقز، هەرسێکمان خانوویەکمان گرت و خۆمان تێدا شاردەوە، هەم لەپارتی و هەم لە حکومەتی عێراق قاچاخبووین!!نەماندەتوانی لەهیچ رێگایەکەوە خۆمان بگەیەنینە لای ئەحمەد و سلێمان‌و قادر شەریف کە لای بارزانی بوون، هەر لەو دەمەدا کە ئێمە چاوەڕوانی ئەحمەدو سلێمان بووین شتێکمان بۆ بکەن، عومەر نگڵیش گەڕایەوە سلێمانی و هاتەلامان.

وابزانم مانگی تشرینی یەکەم بوو کە نامەیەکی ئەحمەد تۆفیقم بەدەست گەیشت، لەگەڵ نامەیەکی تردا کە بۆ سەرکردایەتی کاژیك (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکسانی کورد) نووسرابوو، لەنامەکەی مندا، ئەحمەد تۆفیق نووسیبووی : لە قۆخەکەی قادر تەگەرانی لەنزیك تەگەرانەوە چاوەڕوانی هاتنی خۆت و هاوڕێیان ئەکەم لەگەڵ چاپەمەنی و کەلوپەلی حیزبدا، هەروەها داوایکردبوو نامەکەی کاژیك بدەمە دەست کاك قادری پینەچی. ئەم نامەیە شادمانی کردین، کاتێك

زانیمان ئەحمەد تۆفیق بە پەلیّ پێشمەرگەوە لەتەگەران چاوەڕێمانە، دوای ئەوەی نامەکەی کاژیکم گەیاند، برادەران کەوتنەخۆ، رەشەی قاچاخچی چاپ و مەرەکەب و کاغەزو پێویستییەکانی تری بەقاچاخ گەیاندە تەگەران، ئێمەش (من و عومەرو مەلاسەید رەشیدو رەئوف مەلاحەسەن) چاوەڕێی وەڵامی کاژیك بووین، دواجار کاك قادر دیدارێکی لەگەڵ کاك محەمەد عەزیز(ناسراو بە حەمەی عەزە دۆم) بۆ سازکردین، من چووم بۆ دیدارەکەو بۆ یەکەمجار ناوبراوم بینی، ئەو



حەمەی عەزیز

وتی کە نامەکەی ئەحمەد تۆفیق وەڵامی ناوێ، سبەی شەو دووکەس لەگەڵتان دێین بۆ تەگەران، شەوی دوایی ئێمەو دوو برادەری کاژیك کە محەمەد عەزیز و شێخ محەمەدی هەرسین بوون، بە بناری گۆیژەدا هەڵگەڕاین و لەکاتی هەتاوکەوتن گەیشتینە قۆخەکەی قادر تەگەرانی،





لەوێ سوتفەی کۆنە برادەرێکمان کرد کە ناوی فەقێ حەسەن بوو، ئەو برادەرە بۆ ماوەی چەند رۆژ خزمەتیکی باشی کردین کە ناکرێ

لەبیربکرێت. دیارە ئەحمەد تۆفیق هەواڵی ئێمەی گەیاندبووە بارزانی، ئەویش وەرەقەیەکی مۆرکراوی خۆی دابووە ئەحمەد و وتبووی برۆ هاورێکانت بێنەوەو بەو چەکانەی بەم دواییە مەحمود کاوانی لە سوپای عێراقی گرتبوو چەکداریان بکە. ئەحمەد تۆفیق، قادر ئاغای نورەدینی و پێشمەرگەی هێنابوو، کەس نەیدەوێرا رێگەی لێبگرێت، ئێمە لە تەگەرانەوە چووینە چوارتا لەوێ سەدیق ئەمین بەرپرسی پارتیمان بینی زۆر پاڕایەوە، دواتر لەرێگەی دۆڵبێشکەوە ناوچەی شاربازێڕمان جێهێشت، پاش بڕیاری هاتنەدەرەوەی پارتی، ئێمە ئیدی نەماندەتوانی لەناوچەی دەسەڵاتی مەکتەب سیاسیی کارو چالاکیی خۆمان بەرینەپێش، چونکە:

– لەبەر دەزگای ساواك کە لەسنوورەکانەوە یارمەتی هەندێك خۆراك و پۆشاکی دەکردن، بۆ دڵخۆشکردنی ئەوان ئێمەیان دێشاند.

– هەر لەکۆنەوە رقیان لە ئەحمەد تۆفیق هەڵگرتبوو، مامۆستا برایم فایلێکی بۆ ئەحمەد کردبوو لەپشتەکەی نووسیبووی (ئەحمەد تۆپیو)

– حیزبی دیموکراتی کوردستان لەکاتێکدا کە سەرانی پارتی بۆماوەی چەندین مانگ خۆیان لەو شۆڕشە بەدوورگرت کە بارزانی رێبەری بوو، بە ئیعلامیەو دەرکردنی بڵاوکراوەی دیسان بارزانی، پشتگیریی گەرمی جووڵانەوەکە بوون و هێرشی توندیان دەکردە سەر بێهەڵوێستی سەرانی پارتی و تەنانەت سلێمانی موعینی (فایەق) لەوتارێکدا ئەو هەڵوێستەی سەرانی پارتی بە خیانەت لەگەڵ کوردو شۆڕش نێوزەدکردو پێی وتبوون"سنگ شێر".!

هەموو ئەمانەو پەیوەندیی بەهێزی رێبەرایەتیی دیموکرات بە بارزانییەوە وایکرد پێشمەرگەکانی حیزب ناچاربن روو لە ناوچەی ژێر





سلێمانی موعینی و رەشەی قاچاخچی

دەسەڵاتی بارزانی بکەن. هەربۆیە پاش مانەوەی چەند رۆژێك لە چەمی تەگەران، تێکڕا بەرەو لای بارزانی بەرێ کەوتین. کاك محەمەد عەزیزمان برد لەگەڵ خۆمان بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی لەڕێی قامیشەوە، بەدۆڵی سەفرەو زەروندا شۆڕبوینەوە، یەك دوو شەو لە

گەناو بۆ پشوودان ماینەوە، هەر لەوێ ژمارە ٧و٨ی دیسان بارزانیمان چاپ و بڵاوکردەوە، ئنجا چووینە پشدەرو لەگوندی نورەدین دوا ژمارەی ئەم بڵاوکراوەیەکان چاپکرد کە ژمارە ٩ بوو.

لە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا بووین، وتیان بارزانی و هێزەکەی روو لە ئاکۆو پشدەر دەکەن، بەڵام بەزوویی نەهاتن، من بەدیار کەلوپەلی چاپەوە لەگوندی وەرتێ مامەوە، محەمەد عەزیزیش چوو بۆ دەرگەڵە، لەگەڵ عەلی مەدەنی کە هاورێمان بوو، ئەحمەد تۆفیق و سلێمان بەرەو لای بارزانی رۆیشتن. دیارە هۆکاری درەنگ هاتنی بارزانی، ئەو شەڕە بوو کە لەناوچەی برادۆست و لۆلان لەگەڵ جاشەکانی شێخ رەشید تووشیان هاتبوو، ئەوەی کە بەسەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتاییهات و هێزەکانی سوپای عێراق شێخ رەشیدیان بە هێلیکۆپتەر گواستبووەوە بۆ رەواندز، پاش ئەو شەڕەو پاککردنەوەی ناوچەکە، لەشکری بارزانی رووی لە دێگەڵەو وەرتێ کردو هەمووومان لە وەرتێ یەکمان گرتەوە. هەر لەم کاتەدا رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف هاتبوو، ماوەی ١٠ رۆژ لەوێ بوو نەیتوانیبوو چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانی بکات، ئێمەش دەمانگێڕا بەنێو گوندەکاندا تاکو چاوی بەهەلومەرجی گوندنشینانی کورد بکەوێت.

لەسەرکەبکان گەڕاینەوەو زستانی ١٩٦٣مان لەناوچەی خۆشناوەتی لەگەڵ بارزانی بەسەربرد، بەردەوام فڕۆکە دەهاتەسەر ناوچەکە، بارزانی بەرۆژ لەگوندەکاندا نەدەمایەوە، شەو دەهات و هەر شەویش دەردەچوو، هەر لەو ماوەیەدا سلێمانی موعینی و مینە شەم و چەند پێشمەرگەیەك بەرەو لای موکریان رۆیشتن، پاش گەڕانەوەیان لەلایەن



مەکتەب سیاسییەوە دەستبەسەرکرابوون، جگە لە سلێمان و قادر شەریف، سەلاحی موهتەدی و محەمەدی ئیلخانی زادەش کە سلێمان لەئێرانەوە هێنابوونی، ئەوانیش گیرابوون، قادر شەریف خۆی دەربازکردبوو هاتە لامان لەگوندی چێوەی خۆشناوەتی چیرۆکی گرتنەکەی ئەوانی پێ راگەیاندین، ئەحمەد تۆفیقیش رۆیشتە لای مەلامستەفاو شکاتی لەم ئاکارەی مەکتەب سیاسیی کرد. مەلامستەفاش هەر لەوێ نامەیەك بۆ مەکتەب سیاسیی دەنووسێت و دەڵێت بیدەنە دەست قادر شەریف با ئەو بیباتەوە، لەنامەکەدا هاتبوو: بۆ برایانی مەکتەب سیاسیی... ، تکایە لە تەنیشت جەماعەتی حیزبی دیموکرات جێگایەکیش بۆ من دابنێن"! ئەم نامەیە بووەهۆی بەردانی سلێمان و هاوڕێکانی و ئەوانیش لەماوەتەوە گەیشتنە ناوچەی خۆشناوەتی، بۆ یەکەمجار سەلاحی موهتەدی و محەمەدی ئیلیخانی زادەم بینی و بووینە هاورێی نزیك.

لەشوباتی ١٩٦٣دا، جەلال تاڵەبانی لەلایەن مەکتەب سیاسییەوە، لەماوەتەوە، بۆ پێشوازیی بارزانی هاتە ناوچەی خۆشناوەتی، مەلا ئەورەحمانی سێفەتاڵەیش، کە هەر لەسلێمانی بوو، چووبووە ماوەت و لەگەڵ تاڵەبانیدا هاتبوو، لەرێگا لەگەڵ تاڵەبانیدا کەوتبووە موناقەشە، تاڵەبانی بە مەلا ئەورەحمانی وتبوو: ئەم قسانەی تۆ ئەیانکەی قسەی کوردکوژەکانە(ئەوسا پارتی بە کاژیکەکانی ئەوت کوردکوژە). ئێمە لە گوندی ئەندیك میوانی ئەنوەر بەگی بێتواتە بووین، ئەوناوە بە پێشمەرگە جمەی دەهات، رۆژی ١ی شوبات بارزانی داوای لە پێشمەرگە کردبوو کۆببنەوە قسەیان بۆ بکات، ئەوەبوو دەمەو ئێوارە هەمووومان لە گوندی ئەندیك کۆبووینەوە، بارزانی وتاری خۆیدا،

بەدرێژی باسی دەرچوونی خۆی لەبارزان و بۆمبارانی بارزان لەلایەن فڕۆکەکانی قاسم و شەڕو رووادوە ناخۆشەکانی ناوچەی بادینانی کرد و چەند خاڵێکی خستە روو، وتی:

– من ئاگاداری شۆڕش نەبووم لە ناوچەی سلێمانی و کەس لە حیزبی و غەیرە حزبی پەیوەندیی پێوە نەکردووم!!

– پاش ئاگاداربوونم لە بۆمبارانکردنی فڕۆکەکانی قاسم بۆسەر کۆبوونەوەکەی دەربەندی بازیان و دەربەندیخان، وەك بێلایەنێك بەرقیەکەم نارد بۆ عەبدولکەریم قاسم و وتبوم کە ئەو کوردانە فەقیر و نەزان بوون نەدەبوو بۆردومانیان بکەیت، ئەویش بەتوڕەییەوە وەڵامی بەرقیەکەی دامەوە، منیش کەزانیم جوابەکەی هەڕەشەیە، داوامکرد هەموو دێهات چۆڵبکەن و زۆری نەبرد فڕۆکەکانی قاسم ناوچەکەمانی بۆمبارانکرد، ئێمەش دامان بەسەر مەخفەری بارزان و چەکمانکردن، کە شێخ ئەحمەدی بارزانی زانی بانگیکردم، وتی ئەبێت چەکی هەموو پۆلیسەکان بدەیتەوە و خۆشت بارزان جێبهێڵیت و بڕۆ بۆ کوێ دەچیت کەیفی خۆتە!!

– هەر زوو بەیانی تەنیاو تاق لەماڵ چوومە دەرەوە بەرەو پێرس، لامنەکردەوە هەتا گەیشتمە سەر چیاکەو کە ئاوڕمدایەوە دەبینم یەك یەك دو دوو دوو خەڵك دوامکەوتووەو خۆمان حیسابکرد ٣٣٠ کەس بووین، بەساردو سەرما رووومان لەهەر گوندێك دەکرد پڕبوو لەجاش، جاری وابوو کە بۆ نانخواردنێك رووومان لە گوندێك دەکرد شەڕ دەقەوما و چەندین کەس دەکوژرا. لەو زستانە نەخۆش کەوتم، کوڕی خاڵم هات وتی من تاقەتی ئەم ناخۆشییەم نییە، ئەچم خۆم تەسلیم دەکەمەوە ئیزنم بدە، منیش ئیزنمداو رۆیشت خۆی دا بەدەستی میرییەوە.



– من کە لەبارزان رۆیشتم، بەنیازی ئەوەبووم بچم بۆ سوریا یان هیچ نەبێت بەهۆی سوریاوە کە لەگەڵ میسر تێکەڵ بوو دەستم بە جەمال عەدولناسردا بگات، بەڵام عەشایری دەڤەری بەرواری باڵا یارمەتی زۆریاندایین و ئەو زستانە ئێمەیان حەساندەوەو بەهاریش شەڕەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناو لەسایەی خواوە ئێستا دەبینین شۆڕش رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر ئەبێت ئینشائەڵا، رۆژێك دێت شۆڕش بەهەموو خواستەکانی میللەتدا بگات، بەڵام ناڵێم کەی و چ رۆژێك، چونکە شۆڕش وەك قیتارێك وایە هەیە لەنیوەی رێگە دادەبەزێت و هەشە تاکۆتایی لەنێو قیتارەکە دەمێنێتەوە، ئێمە ناڵێن با کەس دانەبەزێت، بەڵام ئەگەر دابەزی با پیاوانە دابەزێت، شەو پەلاماری هاوڕێکەی نەداو تفەنگەکەی بفڕێنێت، با بێت بەخۆمان بڵێت زۆر بە مەمنونی پارەو تفەنگی دەدەینێ و تا سنووری حکومەتیش پارێزگاری دەکەین..ئێستاش ئەمرۆ یان سبەی لەوانەیە قاسم بڕوخێت، بەڵام ئێمە زۆرمان ماوە بۆ رزگاریی، دوای روخانی قاسم ئەم قیتارە بێ وەستان دەڕوات هەتاکو کورد بەهەموو ئامانجی خۆی دەگات، کێ دەتوانێت دڵسۆزانە کاربکات مەمنونی دەبین، کێش خراپەمان بکات لێی قبوڵ ناکەین.

– زۆر لەم عەشایرانە گەمەمان پێدەکەن، ئەوە ماوەی دوو ساڵە نە جەبهە ئەبینن و نە یارمەتی شۆڕش دەکەن، لەدوورەوە وەستاون تەماشادەکەن من لەو کەسانە هەرگیز نابوورم، عەشایری میراودەلی و پشدەر رۆژێك پیاوی شای ئێران و رۆژێك پیاوی قاسم و رۆژێك پیاوی ئینگلیزن و دەستی دەستی بە شۆڕش دەکەن، دەبێت لێرەبەدوا راست و رەوان پیاوی کورد بن دەنا لێیان قبوڵ ناکەم و خاکیان رەش دەکەم

هەروەك چۆن خاكی رەشید لۆلانم رەشكرد. بەراستیی مەلامستەفا بارزانی زۆر لەمیراودەلییەكان تورە بوو.

٧ رۆژ پاش ئەم وتارە، واتە لە ٨ی شوبات حكومەتی قاسم بەكودەتای بەعسییەكان رووخا، ئێمە ئەو كات لەگەڵ بارزانیدا بووین لە گوندی دوگمان لەناوچەی پیرانە رەشكە، پێشبینیەكەی بارزانی زوو هاتەدی.

## هێندێك لە رووداوەكانی ساڵی ١٩٦٣ و دامەزراندنی كۆمەڵەی رزگاری•

وەك پێشتر وتمان، كاتێك لەسلێمانی دەرچووین بۆلای بارزانی، لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا، كاك محەمەد عەزیزمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ خزمەت بارزانی بەناوی نوێنەری كاژیكەوە، ئەوەبوو چاوپێكەوتنەكەی كاك محەمەد درێژەی خایاندو لەزۆر رووەوە لەگەڵ بارزانیدا گفتوگۆیان كردو دواتر گەڕایەوە بۆ سلێمانی، لەبەرئەوەی من پەیوەندیی شەخسییم بە برادەرانی كاژیكەوە هەبوو، حەزمكرد لەماوەی ئەم مفاوەزاتە سەردانێكی سلێمانی بكەم هەم بۆ دیدەنی و هەم بۆ شارەزایی لەهەڵوێستی كاژیك بەرامبەر بە مفاوەزات، ئەوەبوو چوومە سلێمانی و لەگەڵ كاك محەمەد عەزیزو شێخ محەمەد هەرسین

---

• ساڵی ٢٠٠٦، یەكەمجار ئێمە بابەتێكی سەربەخۆو زانستیمان لەسەر ئەم رێكخراوە لە ژمارە ١٤ی بلاوكراوەی (پەیامی كوردستان) دا بلاوكردەوە. بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٤). {سەردەشتیی}



دانیشتم و لەبارەی مفاوەزات و لامەركەزیەتەوە قسەمان كرد، ئەوان بە پێی بڕوای قەومیی، قسەكردنیان لەبارەی لامەركەزیەتەوە بە خیانەت ئەزانی. ئەوەبوو دوای چەند رۆژێك مانەوە، گەڕامەوە بۆ لای برادەران كە هەموویان لە چوارقوڕنەو داری قەلان دابەشببوون.

لەكۆتایی مانگی كانونی دووەمی ١٩٦٣، تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیرانی تازەی عێراق بە هێلیكۆپتەر بۆ بینینی بارزانی هاتە چوارقوڕنەو لەبارەی رێكەوتنەوە قسەیانكرد. وەفدێك لەلایەن كوردەوە



بارزانی و تاهیر یەحیا

بۆ قسەكردن بەسەرپەرشتیی جەلال تاڵەبانی روویكردە بەغدا. خەڵك چاوەڕوانبوو لەماوەیەكی كەمدا هەردوو لایەنی كورد و حكومەت لە ماوەیەكی كورتدا بگەنە رێكەوتنێكی شەرافەتمەندانەو كۆتایی بەو

کوشتارو خوێنڕێژییە بێت. ئەوەبوو حکومەت هەر دەستی دەکردو زیاتر هەوڵی ئینشیقاقی دەدا هەتا داننان بەماڧی کورددا، وەفدی کوردیش هەر لەهاتوچۆدا بوو. خەڵك داوای ئاکامی مفاوەزاتی دەکردو لەئەنجامدا حکومەت ئامادەبوو لامەرکەزیی بدا بە کورد، وەفدی کوردیش رووی بەلامەرکەزیی پێشاندابوو، مابووەوە سەرئەوەی بارزانی موافەقەت بکات، بارزانی زیرەکانە دەیزانی لامەرکەزیی شتێکی هیچەو حکومەت بەو لامەرکەزییە دەیانەوێت بڵاوە بە پێشمەرگە بکەن و دوای ئەوەش هەرچییەکیان بویستایە بیسەپێنن، نەشیدەزانی چۆن لەو مفاوەزاتە دەرچێت و لامەرکەزیی رەتبکاتەوە، ئەوەبوو رووی قبوڵی پێشاندا بەمەرجێك موئتەمەرێکی جەماوەریی بگرن‌و رەزامەندیی لەوێوە دەربڕێت، هەربۆیە لایەنی کوردیی حکومەتی ئاگادارکرد کە هەتاکو موئتەمەری شەعبی قسەکردن و دانیشتن دوابخرێت.

بڕیاری گرتنی موئتەمەر پەسەندکراو قەراربوو نوێنەری حیزب و عەشایرو کەسایەتییە نیشتیمانییەکان ئامادەی بن. ئێمەش لە جوملەی بەشداربووان بووین بۆ موئتەمەری کۆیەو زۆر بەتاسەوە چاوەڕوانی ئەنجامەکەی بووین. هەتاکو گرتنی موئتەمەر دە ڕۆژێکی مابوو، لەگەڵ برادەران لەباداوان‌و هیزۆپ‌و چەند گوندێکی تر دابەشبووین. لە کۆتایی مانگی ئاداری ١٩٦٣دا موئتەمەر لەکۆیە گیراو هەر لەوێ بەندێکی نوێ لەژێرناوی "مانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگارییکردن لە لامەرکەزیی دابینبکرێت" خرایە گفتوگۆی وەفدی کوردییەوە لەگەڵ میرییدا.



هەر بۆ پیرۆزیی جەژنی نەورۆزیشمان لەکۆیە کردو بەو بۆنەیەوە وتارو شیعرو نواندن پێشکەشکرا، هەرچەندە دە ڕۆژێکی بەسەر نەورۆزیشدا تێپەڕیبوو ئێمە بەقەزا نەورۆزمان پیرۆزکردوە، کاربەدەست و گەورەپیاوانی دەوڵەت لەهەولێرو کۆیە بەشداریی جەژنی کوردیان کرد، لەسەروی کۆیە دەشتێکیان بۆ سەیران و زەماوەندی میوانەکان رازاندبۆوەو کورسی ریزکرابوو، شوێنی بەتاڵی تێدا نەمابوو، من لەتەنیشت ئەحمەد تۆفیق و لەلای دەستە راستییەوە دانیشتبووم، جەلال تاڵەبانی هات شوێنی بەتاڵی نەدیەوە لای دەستەچەپی ئەحمەد تۆفیقەوە نەبێت، بۆ بەدبەختی ئەو دووانەش قسەیان پێکەوە نەبوو، کاك هەژاریش دری بەخەڵکەکەداو لەلای ئێمەوە چووە نێو شاییەکەوەو بەدەم ڕێگاوە رووی لە ئەحمەد تۆفیق کردو وتی: هەر ئێستا بۆمبایەك ئەتەقێنم!! جەلال تاڵەبانی وتی کاك هەژار پێمان ناڵێی ئەو بۆمبایە چییە؟! هەژار جوابی نەدایەوە، ئەحمەد بە کاك هەژاری وت :تۆ خۆ ناوت نەنووسیوە چۆن تازە شت ئەخوێنیتەوە، ئەویش وتی هەر ئێستا ناوی خۆم دەنووسم و هەر ئێستاش دەیخوێنمەوە!!

هەژار چووە پشتی مایکرفۆنەکەو شیعرێکی لە وەسفی کوردو پێشمەرگەو بارزانیدا خوێندەوە کە زۆر سەرنجڕاکێش و خۆش بوو، بەڕاستی بۆمبایەك بوو کە بەتەقینەوەی زۆرکەسی پێکا!! پاش خوێندنەوەی ئەو شیعرە، سەرانی پارتی بەناوی ئیسراحەتەوە سەیرانەکەیان جێهێشت و لەگەڵ موتەسەرڕڧ هەولێرو قایمقامی کۆیە گەڕانەوە بۆ کۆیە. بەڵام شیعرەکانی هەژار زاڵبوون بەسەر کەشوهەواکەداو بەکەیف و خۆشییەوە نەورۆزمان بردەسەر.

کەشوهەوای موئتەمەرو سووربوونەوەی هێندێك لایەنەکان لەیەکترو زیادکردنی بەندی چەکداری لەسەر بەندەکانی لامەرکەزیی شەڕی



هەژار موکریانی

پێوەدیاربوو، هەر لەسەرەتاوە ئەنجام پێشبینیی دەکرا کە شەڕ دەبێتەوە، ئیتر دوورو نزیکی خوا دەیزانی.



لەم ساتەدا، رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەستا بە دابەشکردنی ئیش وکار بەسەر برادەرانی کادری هەمیشەییدا بەم شێوەیە:

١- ئا لەم کاتەدا کە برادەرانی پارتی و حکومەتی عێراق لە موفاوەزاتدان، رێگای سنوور ئەو چاودێرییەی لەسەر کەمبۆتەوەو پەیوەندییکردن بە برادەران و رێکخستنەکانی حیزبییەوە لە کوردستانی ئێران زۆر پێویستە.

٢- هەتا شەڕ لەکوردستانی عێراق وەستاوە هەوڵبدەین سوود لەو دەرفەتە وەربگرین‌و ئەگەر حکومەتی عێراق لەگەڵ کورد پێکهات ئەوە باشتر، ئەوساکە ئیتر سەرەی کوردستانی ئێرانە!

٣- مانەوەمان لەکۆیە بەم زۆرییە هیچ پێویستییەکی نییە.

هەربۆیە دابەشکراین بەسەر ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەم شێوەیە:

یەکەم: ناوچەی موکریان : سلێمانی موعینی و محەمەدی ئیلیخانیزادەو چەند کەسێکی تری خەڵکی ئەو ناوچەیەیان لەگەڵ بوو.

دووەم: مەلا عەبدولڕەحمان و مەلا سەید رەشید بۆ ناوچەی سەقزو سەرشیو دانران.

سێیەم: من و عومەر نگلیش بۆ ناوچەی مەریوان و سنە.

ئەم سێ دەستەیەمان بەڕێکەوتین بەرەو کوردستانی ئێران، گروپێك پێشمەرگەش لەگەڵ پاسەوانەکانی بارزانی بەرابەری ئەحمەد تۆفیق‌و سەلاح موهتەدی بەرەو بارزان کۆیەیان جێهێشت، ماموستا هەژاریش لەگەڵ تاقمەکەی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ بارزانیدا بوو.

ئێمە چووینە مەریوان‌و نزیکەی هەشت نۆ رۆژێك ماینەوە هاوڕێیان‌و ئەندامانی حیزبیمان بینی، شەوێکیش میوانی شێخ لەتیفی شێخولئیسلامی بووین‌و دەنگوباسی شۆڕشی کوردو مفاوەزاتی حکومەتی عێراق لەگەڵ پارتی‌و رووداوەکانی کوردستانی عێراق چۆن بوو بە برادەرانمان راگەیاندو بەڵێنیشماندا بە ئەندامانی حیزب‌و وتمان بەرێکەوتنی حکومەتی عێراق‌و پارتی، بەزووترین کات لەکوردستانی ئێران شۆڕش دەستپێدەکات، برادەران بە مژدەی دەستپێکردنی شۆڕش لەکوردستانی ئێران زۆر خۆشحاڵبوون، لەراستییدا، هەم هاوڕێیان‌و هەم ئێمەش بەئاواتەوە بووین کوردستانی عێراق رزگاربێت‌و سەرەی کوردستانی ئێران بێت، بەداخەوە، وادەرنەچوو. ئەوەبوو بەعسییەکان ئاگری شەڕیان هەڵایساندو شەڕ بە گەرمیی دەستیپێکرد، ئەمجارەیان بەهۆی مفاوەزاتەوە هەموو کەس لای بەعسییەکان ئاشکرابوون، لەسلێمانی مەنعولتەجەول راگەیەندراو دەسەڵاتدارانی بەعس خەڵکێکی زۆریان گرت‌و زۆریشیان لەتەنیشت حامیەی سلێمانی زیندەبەچاڵکرد. ئێمەش کە زانیمان شەڕ دەستیپێکردۆتەوە، مانەوەمان لەکوردستانی ئێران بەراست نەزانی‌و بێ دواکەوتن بۆ بەشداریی لە شۆڕش‌و پەیوەندیی بە برادەرانەوە گەڕاینەوە بۆ کوردستانی عێراق. لەسەر رێگای چوونمان بۆ کوردستانی ئێران، من و عومەرو مەلا عەبدولڕەحمان‌و مەلا سەید رەشید لە داروخان لەماڵی بەرێز حەمەرەشیدخان لەیەك جیابووینەوەو دواتریش هەر لەوی یەکترمانگرتەوە.

حەمەرەشیدخان یەکێکبوو لە جەنەراڵەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئێمە بە فیداکارێکی رێبازی نەتەوەی کوردو حیزبی



دیموکراتی کوردستانمان دەزانی‌و هەمیشە دیوەخانەکەی بۆ ئێمە وەك بارەگای حیزب بوو، لەکاتی رۆیشتن‌و گەڕانەوەمان بۆ کوردستانی ئێران لەوێ یەکمان دەگرتەوە. ئەمجارە کە شەڕ دەستیپێکرد، من‌و عومەر نیگڵی پێش مەلا عەبدولڕەحمان‌و مەلاسەید رەشید گەیشتینە داروخان، لەم ماوەیەدا خەبەری ناخۆشمان زۆر پێ گەیشت وەك مەنعولتەجەول‌و کوشتوبڕو تاڵانی لەشاری سلێمانی‌و زۆرکاری ناڕەوای دیکەی بەعسییەکان دژی کورد.



حەمەرەشیدخانی بانە و چەند ئەندامیکی بنەماڵەکەی

هەرچوارمان کەوتینەڕێ بەنیازی بینینەوەی ئەحمەد تۆفیق‌و برادەران

که لەکوێیە جێمانهێشتبوون. ئێمە لەشارباژێر لاماندا بۆئەوەی چاومان بە بەرپرسانی پارتی بکەوێت، ئەوەبوو بارەگای پارتیان بە مۆقەت گواستبووەوە بۆ مالومە، بەرۆژ فرۆکە بۆمبارانی دەکرد، هەرچۆنێك بوو خۆمان گەیاندە مالومە، پڕبوو لە ژنو منداڵی خەڵکی سلێمانی کە بێ پێخەفو رایەخ لەنێو ئەو ئەشکەوت و دارانەدا راکشابوون، تەنیا یارمەتیدەرێك کە بەفریای راکردووەکان کەوت دێهاتییەکان بوون، ئەوانەی لەپاروی دەمی خۆیان دەگرتەوەو بەو خەڵکە بێدەرەتانەیان دەبەخشی.

لە مالومە پێشوازییەکی ساردیان لێکردین، چونکە بە ئێمەیان دەوت جەماعەتی ئەحمەد تۆفیق، پارتی کە پێشتر هانی دەستەیەکی نێو حیزبی دیموکراتیان دابوو لە رێبەرایەتی ئەحمەد دەرچنو بەناوی "کۆمیتەی ساخکەرەوە"وە هەڵسوڕێن. ئێمە داوامان لە مەکتەب سیاسیی پارتی کرد لەگەڵمان دانیشنو سەبارەت بە حیزبی دیموکراتو کۆمیتەی ساخکەرەوە قسان بکەین. هەرچەندە وەختەکە زۆر تەنگەبەربوو، پارتی لەنارەحەتیدا بوونو خەڵکێکی زۆریان بەسەرداکەوتبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت ناچارمانکردن لەگەڵمان دابنیشن. وێڕای ئەوەی مامۆستا براهیم ئەحمەدو موهەندیس نوری شاوەیسو چەند کەسێکی تری قیادیان لەمەکتەب بوون، بەڵام بۆ دانیشتن لەگەڵمان، نوری ئەحمەدی تەها ئامادەبوو، لەدانیشتنەکەدا قسەو باسێکی زۆرکرا، سەرئەنجام گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پارتی ناتوانێت بەو شێوازە هەیکەلییەتەی حیزبی دیموکراتەوە، واتە بەو دەستەی رابەرایەتییەوە کە نزیکە لە بارزانییەوە، هاوکاریی بکات، چونکە یان بەو بیانوەی کە پارتی موحتاج بەئێرانەو ئێرانیش ئەم



نزیکییەی پێ ناخۆشە. ئەحمەد تۆفیقو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵەکانی ٥٩-٦٠ وە ناکۆکیان هەبوو، لەم کاتەشدا کە شۆڕش دەستیپێکردووە، ناخۆشیی نێوانیان زیادی کردو بەوهۆیەشەوە سەرانی حیزبیش لەهەردوولاوە رووبەڕووی ململانێیەکی نادروست ببوون، نە پارتی حورمەتی میوانی لە حیزبی دیموکرات دەگرتو نە حیزبی دیموکراتیش بەچاوی خاوەنماڵەوە لە پارتی دەڕوانی.

بۆ سەردانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، بە وەرەقەی بارزانی هاتوچۆماندەکرد، بۆ هێندێکمان کە جێگەی کاری حیزبیمان بە سنوورەکانی پارتیدا تێدەپەڕی، زۆر زەحمەت بوو بتوانین خۆمان لە پارتی ببوێرێنو لەپشتی ئەوانەوە بچینە ئەو دیوی کوردستان یان لەوێوە بگەڕێینەوەو لەگەڵ هاوڕێیانمان. لەم دیدارەی خۆمان بۆ مالومە، زیاتر باسمان لەسەر ئەو موراقەبەو چاودێرییە بوو کە پارتی لەسەرمانی دانابوو، داوامانکرد لە هاتوچۆکردن بەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا ئازادبین. دیارە قسەکانمان لەوبارەیەوە بێسوود بوو،چونکە ئەوان داوایان لێکردین لەلای ئەوان بمێنینەوەو لەگەڵ مەلا ئەبوبەکر کاربکەین و بۆ ساخکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێبکۆشین. بەبڕوای ئەوان حیزبی دیموکرات پێویستی بە ساخکردنەوە هەبوو، من دەمزانی ئەم قسانە لەکانگای دڵیانەوە نییە تەنیا بۆئەوەیە ئینشیقاقێکی گەورە بخەنە نێو حیزبی دیموکراتو ئەو وزەیە لەکاربخەن کە بە پشتیوانی بارزانی تێیدا پەیدا ببوو، چونکە ساواکییەکان هەم لە ئەحمەد تۆفیقو هەم لە فایەق/ سلێمانی موعینیو هەروەها لەو سەرکردەو بەڕێوەبەرانەی حیزبی دیموکرات دەسڵەمینەوە، بەڵام ئەگەر مەلائەبوبەکر ببێت بە ئاگریش ئەوا جێگەی

خۆی نەدەسووتان، ئێستەش بۆ سەلماندنی ئەو راستییە پاش چەندین دەیە بەسەر دامەزراندنی ئەو کۆمیتەی ساخکەرەوەیەدا، تاقە ئەندامێکی ئەو کۆمیتەیە وەك رێبەرێك یان تەنانەت سیاسییەکی چالاك بەرچاوناکەوێت، دیارە مەلا ئەبوبەکر بۆخۆی لەو کۆمیتەیە هەمەکارەبوو!!

لەپاش ئەوەی کە زانیان ئێمە لەگەڵ مەلائەبوبەکر نابین، داوایانکرد هیچ نەبێت لەگەڵی دابنیشین‌و قسەبکەین، ئەگەر قەناعەتی پێکردین ئەوا لەلای ئەو بمێنینەوەو کاری حیزبی بکەین، ئیتر چ پێویست دەکات ئێمە هەڵتەك هەڵتەك هەموو جارێك لە سنوورەکانی تەوێڵەو پێنجوێنەوە رێگای دووروودرێژی لای بارزانی‌و ئەحمەد تۆفیق بگرینەبەر.

ئێمە لەسەر قسەی نوری ئەحمەدی تەها بۆ یەکەمجار لەگەڵ مەلائەبوبەکر دانیشتین‌و ناسراویمان پەیداکرد، کوڕێکی ناشارەزا نەبوو، بەین بەین لەقسەکردندا تێدەکەوت‌و شتێکی دەوت پاش کەمێك لەبیری دەچووەوە چی وتوە یان گوێگری بە ساویلکە دەزانی‌و بەپێچەوانەوە شتێکی تری دەوت، ئێمە زۆرمان وت و کەمی بیسترا، ناچار خواحافیزیمان کردو بەرەو پشدەرو لای بادینان رێگەمان لەماوەت و ئاوکورتیەوە بوو، مەلا ئەبوبەکریش ئەوکاتە بنکەکەی لەئاوکورتێ بوو، لەمالومە لەگەڵمان کەوت و هەم بەناوی چاوساغ و هەم بەڵکو بەدەم رێگاشەوە قەناعەتمان پێبێنێت‌و لەلای ئەو بمێننەوە، دیارە ناحەقی نەبوو ئەگەر لەکارەکەی سەرکەوتووبوایەو من و مەلاعەبدولڕەحمان و مەلا سەید رەشیدو عەمەر نیگڵی گلبدایەتەوە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستدەهێنا!



ئەوەبوو ئەم خەوە زڕەی نەهاتەدی و هەوڵەکانی بوونە بڵقی سەرئاو، لەبەرەوژووری ماوەت سەرکەوتین‌و بەدیوی ئاوکورتێدا شۆڕبووینەوە، لەدوورەوە دوو سێ چادری سپی دەرکەوتن، مەلا ئەبوبەکر بە ئەنقەست ئێمەی بەلای چادرەکاندا بردو کتوپڕ تولەسەگێگی فەرەنگیی لەچادرەکە دەرکەوت‌و هات بۆمان بەچەشنێك زۆرمان لێ نزیکبووەوە، لە چادرەکەش جیهازی بێسمی لێ دامەزرابوو، بەوەدا زانیمان ئەمە ئەبێ چادری ئێرانییەکان بێت و سەگەکەش هی ئەوان بوو.

لە مەلا ئەبوبەکرمان پرسی ئەو چادرانە چین و کێن؟! وتی ئەوە چادری عیسا پەژمان و سەرهەنگ ئەیوبی و سەرهەنگ مودەرسیە کە کاتێك بێنە ئێرە لەنێو ئەو چادرانەدا دەمێننەوە و پاسەوانی تایبەتیان هەیە. ئێمە لە مەلا ئەبوبەکر توڕەبووین و وتمان باشە کە تۆ ئەزانی ئەم چادرانە بنکەی ساواکن بۆچی ئێمەت بەم نزیکەدا هێنا؟! مەلا وتی جا چ قەیدیە حەز دەکەن ئەچین بۆنێو چادرەکان و هیچیش نابێت!!وتمان چۆن چۆنی هیچ نابێت، ئێمەو ئەوان کوجا مەرحەبا، وتی کاکە من وەك ئێوە ناترسم و تا ئێستا چەند جارێکیش چاوم پێیان کەوتووەو هیچیشیان نەکردووە! ئەوان لێرە لەبەر پارتی ناتوانن هیچ بکەن! منیش دامە قاقای پێکەنین و روومکردە برادەران و وتم راستدەکات ئەم ساواکییانە لە ژێر ئاڵای پارتیدان!!!

ئێمە خۆمان ئامادەکرد ئەگەر مەلا ئەبوبەکر بە نیازخراپی ئێمە بەنزیك ئەو چادرانەدا بەرێت ئەوە هەتا دوافیشەك شەڕی خۆمان ئەکەین، ئیتر دوای ئەوە چی ئەبێت با ببێت، هەربۆیە هەتا لەو ناوچەیە دەرچووین دەست لەسەر ماشەی پیرە بڕنۆ ئامادەی بەرگریی بووین.

لەئاوکورتێ پەڕینەوە ئەوبەر لەناو خاکی ئێراندا ڕێگایەکی نزیك هەبوو ئەچووە گەناو لە بەشی عێراق، لەو ڕێگەیەوە تێپەڕین بۆ گەناوو ناوچەی پشدەرایەتی.





### عیسی پژمان

لەمانگی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، شەڕ بەگەرمیی لەناوچەی بادینان دەستیپێکرد، ئێمە کە ڕۆشتین لەرێگا شەڕ نەبوو، تەنیا مەترسیی فرۆکەمان هەبوو، هەربۆیە زیاتر بەشەو دەرۆیشتین و لەدۆڵی شەهیدان و ناودەشتەوە شۆڕبووینەوە بەرەو رەواندوز. شەوێك لەچایخانەکەی رەواندوز ماینەوە، گوندێکی لێبوو کە بە گوندی وەهاب ئاغا مەشهور بوو، بەیانی زوو بەر لە ڕۆژبوونەوە لەگەڵ کارواندا رۆیشتین بۆ هەودیان لەوێش بەشاخێکی بڵندا سەرکەوتین، شەو لەو شاخە ماینەوە بۆ بەیانی چووینە گوندی شانەدەر، ئەم ناوچەیە بە بارزان حیساب بوو، بەرۆژ گرمەی تەیارەو زرمەی تۆپ و دوکەڵی ئاگری ئەو چیاوچۆڵانە ترسی لەدلاّن ئەخست، هەرچەند زیاتر دەرۆیشتین گرمەو زرمە و دوکەڵ زێدەتر دەبوو.

برادەرانی حیزبمان لەناو ئەو گرمەو دوکەڵەدا لەگەڵ بارزانیدا بوون، ئێمە دەبوایە خۆمان بگەیاندایە لایان‌و بەدێهاتە چۆڵەکانی بارزاندا ئەڕۆیشتین‌و کەسمان نەدەبینی، یەك گوند نەبوو کەسێکی تێدامابێت یان لەو شەڕەدا بوون یان لەشیو و دۆڵەکاندا ژن و منداڵ بەلانکەوە خۆیان شاردبۆوە، زۆرمان برسی بوو، گوندێك لەسەرە ڕێگامان بوو ناوی (بی دارون) بوو، لامانداماڵێکی لێبوو تەنیا پیرەژنێکی تێدابوو، ناشوکری ناڵێم نە ئەو لە کوردییەکەی ئێمە دەگەیشت و نە ئێمەش لەو حاڵی دەبووین. هەرچۆنێك بوو تێمانگەیاند کە برسیمانە و لەبەری سۆرانەوە هاتووین و دەمانەوێت بچینەلای بارزانی، پاش ئەوەی کە زانی پێشمەرگەین و جاش نین، هەستا تەماتەیەکی بۆ سوورکردینەوەو بۆی دانایین‌و نانیشی خستینەبەردەست، پارویەکمان خستەبەردڵ،

پیرەژن سوێندی خوارد کە لەو تەماتەیە باشتری لا نییە بۆمان دانێت‌و داوای بواردنی کرد، سوێندەکەی هێندە دڵتەزێن بوو تەزوویەک بەهەموو گیانمدا هات!!





مەلامستەفا بارزانی و ئەحمەد تۆفیق و چەند پێشمەرگەیەک

کاتێک لەشەڕەکە نزیکبووینەوە، برادەرانی ئێمەش بەشداربوون، بانگی شارەزایەکمان کرد کە چۆن بتوانین ئێمەش خۆمان بگەیێنینە نزیک شەڕەکە، لەوەڵامدا وتی: ئێوە ناتوانن بگەنە نزیکی شەڕەکە چونکە یەکەم لەبەرئەوەی زێی بادینان لەبەیندایە، دووەمیش چونکە بە فەرمانی بارزانی نەبێت کەس بۆی نییە لەئاوی بادینان بپەڕێتەوە، مەگەر وەرەقەی ئیدریس بارزانی پێبێت، ئەویش کەس ناگاتە ئەو بەرەوە مەگەر ئەو پیاوانەی کە نان و پێویستییەکان بۆ پێشمەرگەکان دەبەن، خۆتان ئەزانن لەبەر فڕۆکەش کەس بەدەرەوە نییە، ئێوەش پێویستە خۆتان بشارنەوە هەتا شەو دادێ ئەوسا چارەیەک بۆ پەڕینەوەتان دەدۆزریتەوە، زانیمان لەگەڵ ئەم پیاوە زۆر وتن زیادەیە، ویستمان لەژێر پردەکەی ریزان خۆمان بشارینەوەو بە پەناگەیەکی قایممان زانی، پیاوەکە پێیوتین :نەکەن لەژێر ئەو پردە بمێنن چونکە فڕۆکە رۆژانە دووسێ جار بۆمبارانی دەکات، بەقسەی پیاوەکەمان کردو گۆڕستانێک لەوناوە بوو خۆمان تێدا شاردەوە، ١٧ گۆڕی تازەی تێدابوو وتیان ئەوە گۆڕی ١٧ پێشمەرگەیە هەر دوینێ شەو ئەسپەردە کرابوون و لەو شەڕەدا شەهید ببوون.

دیارە ئەم شەڕە گەورەیە لەمێژوودا بە شەڕی چیای "پێرس" ناودەبرێت و دوای تێکچوونی مفاوەزاتی ١٩٦٣ بە گەورەترین شەڕ لەشۆڕشدا دەژمێردرا، برادەرانی ئێمەو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ بارزانی و لەنێو شەڕەکەدا نزیکەی مانگ و نیوێک مانەوە، بارەگاکەمان لە گوندی پیرەکەپرە بوو، بەپێی توانا بەشداریی ئەو شەڕەمان کرد.

ئێواره داهات ، کاك ئیدریسمان بینیەوە، لەبەرئەوەی ناسراویمان هەبوو شەخسەن دەیناسین و پێویستی بە زۆر شت نەبوو، نامەیەکی نووسی بۆ ئەو پێشمەرگەیەی لەسەر ئاوەکە بوو کە بمانپەڕێنێتەوەو شارەزایەکمان لەگەڵ بخات بۆلای برادەران لە "پیرەکەپرە" کە بەبن چیای پیرسەوەیە لەسەر ئاوەکە. ئێمەش نامەمان دایە دەست پێشمەرگەکەو چاوەڕوانی پەڕینەوە بووین، وامانزانی هەر هیچ نەبێت بە کەڵەك دەمانپەڕێننەوە، سەیرمکرد شتێکیان هێنا سێ چوار دەسکی بەژێرەوە بەسترابوو، وتمان ئەمە چییە؟!!وتیان ئەمە کوننەیە! سوارتان ئەکەین و ئەتانبەینە ئەوبەر ئاوەکە!!

شاخ و دارستانەکان بەچەشنێك ئاگریان گرتبوو دوکەڵ بەری ئاسمانی گرتبوو، زریوەی ئەستێرەو رووناکی ئاگرو رەشایی دوکەڵ لەناو ئاوەکەدا بەرجەستەی خەباتی شۆڕشی کوردستانی دەکرد، هەرچوارمان سواری کوننە بووین و دوو کەسمان لەگەڵ سواربوو کە بەمشانو بەوشاندا ئاوەکەیان لائەداو ئێمەش بە خوێندنی ئایەتەلکورسی چاومان بڕیبووە ئەوبەری ئاوەکەو خۆمان دابووە دەستی قەدەر..

لەسەر ئامۆژگاری کاك ئیدریس برادەرێکی شارەزامان لەگەڵ هات بۆ پیرەکەپرەو مەقەڕی حیزب لەوێ بوو، لەوێ بەدیداری برادەران شادبووینەوە، سلێمانی موعینی لەگەڵ چەند کادرێکی دیکە لەکوردستانی ئێران بوون و بەشداری شەڕی پێرس نەبوون. لەپیرەکەپرە، ئەم گوندە خنجیلانەیەی بناری پێرس، سەرەتای پارچەبوونێکی تری حیزبی دیموکراتی کوردستان تروکا، دیارە لەبەر



خولیای مادەپەرستیی و دەسەڵاتخوازیی ، ئیختیلافە حیزبییەکان دەبێتە مایەی بەدبەختیی و ئاژاوە..!

لە ١ی تەموزی ١٩٦٣دا، لەگوندی "پیرەکەپرە"ی بارزان "کۆمەڵەی رزگاری کوردستان" کۆبوونەوە نهێنییەکانی خۆی دەستپێکردو هەستا بە دانانی پرۆگرام و پەیڕەوی حیزب و دەستەی دامەزرێنەران و پەیمانیاندا هەتاکو کۆنگرەی حیزب ئیشوکاری حیزب بەڕێوەبەرن. ئێستا کە چەندین ساڵ بەسەر مێژووی دروستبوونی ئەو حیزبەدا تێدەپەڕێت، پێمخۆشە چەند راستییەك بخەمە روو. ئەندامانی کۆمەڵە بریتیبوون لە:

١- سەلاح موهتەدی (مستەفا) کە لەسەرەتاوە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە لقی قوتابیان کاریکردووە، لەمانگی شوباتی ١٩٦٢دا، سلێمانی موعینی ناوبراوی لەگەڵ خۆی هێنا بەناوی ئەوەی بارزانی بینێرێتە دەرەوە بۆ ئەوروپا. کاتێك ئەو هاتە کوردستانی عێراق شەڕ دەستپێکردبوو بواری ئەوەی نەبوو بچێتە ئەوروپاو لەگەڵ شۆڕشدا مایەوە هەمیشەش گلەیی ئەوەیدەکرد کە سلێمان بەڵێنی ئەوەی پێداوە رەوانەی دەرەوەی بکات و راستی لەگەڵ نەکردووە. مستەفا، کە ناوی حەرەکیی کاك سەلاح بوو لەکوردستانی عێراق، بەوهۆیەی کە عەشیرەتی دیبوکری و باوك و کەس و کاری ناسراوی بارزانی بوون، لەلایەن بارزانییەوە زۆر رێزی لێدەگیراو هەمیشە لەگەڵ کاك هەژار هاموشۆی بارزانیان دەکرد. دیارە بۆ ئێمە زۆر خۆشبوو کە سەلاح هاتوچۆی بارزانی بکات و ئەگەر ئیشێکمان هەبوو رایپەڕێنێت، چونکە نەختێك لە ئەحمەدو سلێمان عاجز بووین

لەبەرئەوەی لای بارزانیان لەئێمە داخستبوو، کاک سەلاح وتووریاو زیرەك بوو، بۆچوونی راستیشی زۆر بوو.

٢- کاک محەمەدی ئیلخانیزادە خزمی کاک سەلاح بوو، پێکیشەوە لەگەڵ موعینی ئاوارەی ئەم دیو بوون، ئەو کوڕێکی کوردپەروەر بوو وەك عەشایر هەڵسوکەوتی دەکرد، زیاتر لەگەڵ تفەنگ سەروکاری بوو، کەمتر حەزی لەسیاسیەت بوو وەك من بزانم لایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لەهیچ ئۆرگانێکی حیزبدا کاری نەکردبوو، بارزانی بەهۆی ناسراوی کۆنی لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا زۆر رێزی لێدەگرت، سێ قۆڵیی موکریانییەکان(کاک هەژارو کاک سەلاح و کاک محەمەد) بێ رێگریی هاتوچۆی بارزانییان دەکرد.

٣- کاک مەلا عەبدولڕەحمان سیفەتاڵەیی، خەڵکی سەرشیوی سەقز. ئەم برادەرە خوێنەوارو شاعیرو سیاسییەکی ئازاو راستگۆبوو، لەپێناوی خزمەتی نەتەوەی کورددا لەهیچ فیداکارییەك درێغی نەدەکرد. ئەو ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، ناوچەی بەرپرسیارێتیی سەرشیوی سەقزو دەوروبەری بوو، بەهۆی بیری نەتەوەیشەوە دۆستی نزیکی کاژیك بوو، بەتایبەت لەگەڵ شێخ محەمەد هەرسین شەوورۆژ پێکەوەبوون.

٤- کاک عومەر سادق نگڵی خەڵکی ناوچەی کەلاتەرزان کەسێکی ژیرو گەنجێکی نەترس و بوێر بوو، سەرەتا لە حیزبی شۆڕش هەڵسوڕانی هەبوو، پاش هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە، هاتە ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

٥- منیش وەك جەمیل مەردۆخی خەڵکی ژاوەرۆو دامەزرێنەری یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان و دواتر ئەندامی حیزبی



دیموکراتی کوردستان بووم، بە هاوکاریی عومەر نگڵیش ماوەیەك بەرپرسی ناوچەی سنەو مەریوان بووم.

دیارە هەر لەسەرەتای کارکردن بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە هەریەك لەم دوو بەڕێزەش ئامادەی دانیشتن و گفتوگۆکان بوون کە بریتیبوون لە:

یەکەم: کاک عەبدولڕەحمان: هەژار موکریانی زاناو نووسەری گەورەی کورد و دۆستی نزیکی بارزانی کە هاوکارمان بوو لەدانانی پەیڕەو پرۆگرامی کۆمەڵەی رزگاری.

دووەم: مەلاسەید رەشید: خوێندەوارو ئەدیب و دڵسۆزی نەتەوەی کورد، ئەم بەڕێزە، لەیەکەم رۆژی کارکردنی سیاسییەوە، ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەو کاتەش لەگەڵ ئێمەدا دانیشتبوو بەناوی حیزبی دیموکراتەوە گوێگر بوو، بەهیچ جۆرێکیش بەشداریی لە دانانی تاقە بەندێکی پرۆگرامی کۆمەڵەی رزگاریی نەکردووە.



لەراستەوە:مام عەلی، فتاح کاکەڕەزا، جەمیل مەردۆخیی، سەلاحی موهتەدی، حەسەن ئاغا ، مەلا رەسوڵ پیش نماز

بۆچی ناوی "کۆمەڵە" مان هەڵبژارد؟! دیارە ئەم پرسیارە پێویستیی بە وەڵام هەیە، هێندێکمان لەسەر ئەو بڕوایە بووین مادام ئێمە خۆمان بە نەتەوەیی دەزانین و پرۆگرامی "ژ . ک" لە پرۆگرامی تێکڕای حیزبەکان نەتەوەیی ترە، با ناوی حیزبەکەمان بەناوی کۆمەڵەوە بێت. کاک سەلاح لەگەڵ ئەو رایەدا بوو کە بەر لەدروستبوونی حیزبی دیموکرات، عەشایرەکان یەکیان گرتووەو بەو یەکگرتنەیان وتوە کۆمەڵە، دوای جمهوریەتی کوردستانیش بە حکومەتەکەیان وتوە حکومەتی کۆمەڵە، ئێستا لە وڵاتی موکریان ناوی کۆمەڵە ناوێکی غەریب نییە، ئەگەر وتت کۆمەڵە، عەشایرو مەلاو کاسبکارەکان یەکسەر ئەزانن ئەو کۆمەڵەیە کەلەکاتی خۆیدا حکومەتی کۆمەڵەی پێکهێنا ئاڵای کوردی هەڵکرد. ئەم بۆچوونەی کاک سەلاح تائەندازەیەك جێگای



خۆی بوو لە دووسەرەوە، یەکەم: ئەگەر لە کوردستانی ئێران بەئەندامێکی حیزبی دیموکرات بەرخورد بکرێت ئەو ئەندامە بە چاوی مونشەق نەڕوانێتە کۆمەڵەو فەرق و جیاوازیی نییە، دووهەمیش ئەوەیە کە بەزووترین کات جەماوەری خۆی پەیدا ئەکات.

کۆمەڵە، سەرەتا بەناوی خوا دەستی بە داڕشتنی مادەکانی پرۆگرامی خۆی کردەوە، لەنێو مادەکاندا کە بریتییبوو لە ٣٢ مادە، باسی سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کراوە، سی و دووهەمین مادە ئەمە بوو کە دەڵێت:" کۆمەڵە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە مەزهەبی رەسمیی کورد ئەناسێ لە کوردستاندا".

ئەگەر سەرنجێك بدەین دەردەکەوێت کۆمەڵە ئەو رۆژە ئەوپەڕی ناسیۆنالیستی و راستڕەویی و کۆنسێرڤاتیزمی پێوە دیار بوو، کە لەساڵی ١٩٦٣دا وەك عەیبێکی گەورەی سیاسیی دەبینرا کە باسی خوداو ئاین و مەزهەبی تێدا بکرێت. کاك سەلاحیش ئەودەم بڕوای بەتەواوی هەموو ئەو مادانە هەبوو.

بابزانین دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٧٩دا شۆڕشی ئێران سەرکەوت، کێ ئەم کۆمەڵەیەی هەڵوەشاندەوەو ئەم کۆمەڵەیەی ئێستای لێکەوتەوە، من واتێدەگەم ئەمجارەش بۆچوونەکان وەك جاری پێشوو بووە، بەڵام بەدیوی چەپدا وەرچەرخا. چونکە فاتیحی شێخولئیسلامی ئیشارەتێکی کرد بەدامەزراندنی کۆمەڵە لەکاتێکدا من موناقەشەی ئەوەمدەکرد کە کورد دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە چی بکات باشە! فاتیح وتی ئێمە چەند حیزبێکی وردی پێشکەوتووین هەموومان یەکئەگرین و ناوی خۆمان دەنێین کۆمەڵە! وتم کۆمەڵە هەیە چۆن ناوی خۆتان ئەنێن کۆمەڵە؟! وتی ئەم کۆمەڵەیە وەك ئەو کۆمەڵەیە نییەو

لەگەڵ کاك سەلاح قسەمان لەسەر کردووەو هەموو شتێکمان تەواوکردووە. ئیتر لەسەری نەڕۆیشتم، ئەوەبوو کۆمەڵەیان بەمشێوە تازەیە خستەبازاڕەوە، ئەمجارە کۆمەڵەیان لە بەرگی کوردیی رووتکردەوە، هەرلەبەر ئەو رووتییەش بوو کە لەکوردستاندا نەژیاو یەك یەك و دوو دووە رەقبوونەوە!!!

دیارە دامەزراندنی کۆمەڵە لەو هەلومەرجەدا، کە وەك رەوتێکی نەتەوەیی خۆی بۆ ئامانجەکانی کوردو سەربەخۆیی کوردستان تەرخان بکاتو بڕوامان وانەبوو، کە خەبات و ماندووبوونی هەژارانی کورد لەپێناوی تەنیا چینێکی وەك کرێکاردا بێت و هیچ کات هەژارێکی کوردی ژێرچەپۆکی بێشوناس و وڵاتمان پیّ وەك کرێکارێکی قەڵەوی ئەمەریکی خاوەن دەوڵەتی چەکدار بە بۆمبی ئەتۆمیی نەبوو، بەوهۆیەی کە ئەو جۆرە دەنگە ناسازەمان لەنێو حیزبی دیموکراتدا دەبیست و پێمان ناخۆش بوو، وێڕای ئەوەی رۆژانە لەو دەنگ و ئاوازە ناخۆشانە لەئێرانەوە ئەگەیشتنە ریزی شۆڕشی ئەیلولو نێو ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی وەك پاشگەزبووبێتنەوە لە بیری نەتەوەیی بەرچاوئەکەوتن، ئێمە ترسی ئەوەمان لێنیشت ئەگەر خۆمان رێکنەخەیەن، ئەم زرە مارکسییانەی نێو حیزبی دیموکرات وەك پێشوو جارێکی دیکە خۆیان ئەخەنەوە باوەشی حیزبی تودەو ئیدی هیچمان بۆ ناکرێت، هەروەها ترسی ئەوەشمان بوو بارزانی بە دامەزراندنی کۆمەڵە بزانێت، چونکە ئەو دژی پارچەپارچەبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، هەربۆیە پێمان باش بوو، بارزانی سەبارەت بەو مەسەلەیە لەلایەن کاك سەلاح و کاك هەژارەوە ئاگاداربکرێتەوە پێش



ئەوەی ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی دەستیان بە بارزانیدا بگات، چونکە پێمان وابوو کارێکی وا خراپ بەسەرماندا دەشکێتەوە، هەروەها هەرگیز پێمان وانەبوو کە بەو خێراییە هەواڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی رزگاری بگاتەوە بە ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی.

## چارەنووسی کۆمەڵەی رزگاری و ئەندامەکانی

کاك هەژارو کاك سەلاح، لە دەرفەت دەگەڕان بە بارزانی رابگەیەنن، کە شتێکی وا هەیە و داوای پشتیوانی لیّ ئەکەین کە چۆن چاوی لە کاژیکە ئاوەهاش چاوی لە ئێمە بێت، بەڵام بە بۆنەی درێژەکێشانی شەڕەوەو گەڕانەوەی ئێمە بۆ گەلاڵەو دوورکەوتنەوەمان لە بارزانی، ماوەی ئەوە نەبوو ئاگاداریی بارزان بکەین. زیاتر خەتاکە دەکەوتە ئەستۆی کاك هەژار، چونکە ئێمە گەڕاینەوە بۆلای گەلاڵەو چۆمان و کاك هەژار لەگەڵ بارزانی مایەوە، ئەو ئەیتوانی لەو ماوەیەدا مەلامستەفا لەو مەسەلەیە ئاگادار بکاتەوەو بەداخەوە نەیکرد،و لەدواییدا بوو بەبەڵگە بەدەست ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینیەوە، هەتا لە ئەنجامدا بەسەرماندا شکایەوەو ئاکامەکەشی بووە هۆی گرتنی ئێمەو گەڕانەوەی کاك سەلاح و کاك محەمەدی موهتەدی بۆ کوردستانی ئێران و قۆڵبەستکردنیان لەلایەن ساواکەوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەچەند تێبینیەك بدەم:

– ئێمەی ئەندامانی کۆمەڵەی رزگاری هەمووومان پابەندبووین بەمانەوە لەڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بڕیارماندابوو لێرەبەدوا زیاتر

بچینە نێو خەڵکەوەو هەوڵی زیاترمان بۆ ئەوە بێت ناوچەی دیارییکراوی چالاکییەکانمان جێنەهێڵین کار بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەندامانی نەتەوەیی ئامادە بکەین بۆ دوارۆژ ئەگەر حیزبی دیموکرات لە مارکسییەت پاشگەز نەبۆوە، خۆئەگەر حیزبی دیموکرات رێگای نەتەوەیی گرتەوەبەر ئیدی چ پێویست بەمانەوەی کۆمەڵە ناکات و خۆی حەل دەکات.

– لەساڵەکانی ١٩٥٨-١٩٦٣ و لەوەش بەدوا، هەر حیزبێك لەکوردستان پێکهاتبا پێویستی بەرەزامەندی بارزانی هەبوو، بۆنموونە خودی پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای ئەو هەموو خوێندەوارو لاگرەی هەیبوو نەیدەتوانی بێ بارزانی کۆنگرەیەك بگرێت. لە کۆنگرەی چوارو پێنجی پارتی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو زۆر لە هاوبیرانی دژی بارزانی بوون، وێڕای ئەوەش بێ بارزانی نەیانتوانی کۆنگرە بگرن و دوایش بەسەرۆکی خۆیان هەڵیانبژاردەوە!! هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستانیش، بێ مەلامستەفا بارزانی لە کوردستانی ئێراندا قسەی رەوا نەبوو، رۆشنبیرانمان هەمیشە داوای پشتگیریی بارزانیان لێدەکردین، هەربۆیە ناچاربووین رەزامەندیی بارزانی بۆ کۆمەڵە وەربگرین. بە ئەزمون بۆمان دەرکەوتبوو هەر حیزبێك بارزانی پشتگیریی نەکات ناژی، تەنانەت لەساڵەکانی ١٩٦٤ تاکو حەفتاکان، کادرە خوێندەوارەکانی سەر بە باڵی ئیبراهیم ئەحمەد بەناوی پارتی راستەقینەوە شەش ساڵ کاریانکردو جگەلەوەی پەناشیان بردە بەر ئێران و دواتریش عێراق، بەڵام ناکام بوون و دواجار جاڕی هەڵوەشاندنەوەی خۆیاندا..



– بەبڕوای من، ئەوەی ئێمەی تووشی ئەو چارەنووسە تاڵە کرد و ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی لێ ئاگادار کردینەوە، خوالێخۆشبوو مەلاسەید رەشید بوو، کە ئاگاداری وردی سەبارەت بە چۆنێتی دامەزراندنی کۆمەڵەی رزگاری بوو. مەلا عەبدولڕەحمان ئەوەی بەشداری کۆبوونەوەکانی دەکردو وای لەئێمە دەگەیاند کە رۆژێك دێتە پاڵمان و هاوکاریمان دەکات، بەڵام وادەرنەچوو، بەڵکو چی بینیبوو دوای مانگ و نیوێك ورد ورد ئیسحاقی و موعینی لە جەریانەکە ئاگادار کردبوو.

لێرەدا تۆماری کۆمەڵە دەپێچمەوەو ئەگەرێمەوە بۆ باسی شەڕی پێرس و پیرەکەپرە، لەم شەڕەدا رۆژانە فرۆکەی عێراقیی و سوریی چەندین جار بەرەی شەڕیان بۆمباران دەکردو ژیان و گوزەران رۆژانە خراپتر دەبوو، بەڵام وێڕای ئەو هەموو فشارەش، هێشتا حکومەتی عێراق هیچ سەرکەوتنێکی بەدەستنەهێناو پێشمەرگە سەنگەری خۆیان گرتبوو. رۆژانە پێشمەرگە نانێکی بەردەکەوت، چاوو شەکر هەر نەبوو،



ئەحمەد تۆفیق و مەلاسەید رەشید



ئەوەندە گۆشتی رووتمان خواردبوو نەخۆش کەوتبووین، وەزعی ژیانی برادەرانی حیزب زۆر خراپ بوو، بارەگاو مەقەڕمان نەبوو هەتا بە نۆرە پشوو بدەین، ئێمەش وەك حەرەسەکانی بارزانی بێ شوێن و جێگا بووین، شەوێك سەرلەبەیانی بارزانی ئەکەوێت بەسەر رووداوێکدا کە لە برادەرێکی حیزبی ئێمەی بینیبوو کە مام عەلی عەجەم بوو، مام عەلی تەرسەقولی کۆکردبووەوەو گڕیدابوو هەم بە دوکەڵەکەی مێشولە هاروهاجەکانی چەمی پیرەکەپرەی لەخۆی دوورخستبووەوە کە ئیسراحەتیان لە پێشمەرگە هەڵگرتبوو، هەمیش قتوی جگەرەکەی خستبووەسەرو ئاوو تۆزێك چای تێکردبوو تا دەمبکێشێ و چایەك بنۆشێ. مەلامستەفا کە ئەمەی بینیبوو بەزەیی پێداهاتبووەوەو یەکسەری پێی وتبوو ئەحمەد تۆفیقم بۆ بنێرە!!

ئەحمەد تۆفیق داوای مەلامستەفای پێ سەیر بوو، هەروەها ئێمەش دەمانپرسی دەبێ بارزانی ئەحمەدی بۆچی بێت؟!! ئەحمەد تۆفیق رۆیشت بۆلای مەلامستەفاو زۆر بەکەیف خۆشییەوە گەڕایەوە، وتی براینە ئەم دوو کەلە شەکرەیان بەدیاری هێنابوو بۆ بارزانی، ئەویش بۆ ئێوەی ناردووەو وتویەتی لەئێستاوە لێرە مەمێنن بڕۆن بۆ لای حاجی ئۆمەران و نزیکی سنوور لەکوێ پێتان خۆشبوو بارەگا بکەنەوە و ئەم برادەرانەش لەم تەنگانەیە رزگابکەن، چونکە ئەوانە فێری ئەم ژیانە نین و خۆئەگەر شتێکتان دەستکەوت و لێتان زیاد بوو بەشی ئێمەش بنێرن. ئەم هەواڵە بۆئێمە خۆشبوو، چونکە تا ئەو کاتە ماڤی ئەوەیان بە حیزبی ئێمە نەدەدا بنکەو بارەگای سەربەخۆمان هەبێت، تەنیا کەسانی وەك کاك مەلائەبوبەکری گەرماوی بوون هەقی ئەوەیان بوو بنکەیان هەبێت!! لەگەڵ ئەوەش بارزانی فەرمانیکرد پەیوەندیی زیاتر بکەین بە

ئەندامانی حیزبەوە لەناو کوردستانی ئێراندا. ئەوەبوو کە هەر ئەو ڕۆژە چەند وڵاغێکی خۆمان هەبوو هێندێك شتومەکمان لێبارکردن و پیرەکەپرەمان بەرەو چۆمان و حاجی ئۆمەران جێهێشت، لەهەمان ڕێگە لەئاوەکە کردمانە ئەوبەرەوە بەڕێگەی مێرگەسورو برادۆستدا هاتین، شەوێك لەچۆمان بووین یەك چایخانەی لێبوو، شەو لەسەربانی ئەو چایخانەیە نووستین و بەیانی مەنزڵمان بردە "ئالانە" کە ئاواییەکی چۆڵ بوو، گشتی چووبووە کوێستان ماڵێکمان کرد بە بارەگای خۆمان نەختێك حەساینەوە. بارزانی پارەیەکی بە ئەحمەد تۆفیق دابوو، کاوڕێکمان لێ کڕی و تۆزێك شەکروچامان لەزینۆی بەدەستهانی و تۆزە تۆزە بەنانی گەنم ئاشتبووینەوە..

لەئالانەدا، دانیشتنێکی حیزبیمان گرت، ناومان نا کۆنفرانسی ئالانە، لەم کۆنفرانسە هێندێك بڕیارماندا، لەوانە گەڕانەوەی کادرەکان بۆ ناو کوردستانی ئێران بەمشێوەیە:

١- سلێمانی موعینی بۆ دەوروبەری مەهابادو سەردەشت.

٢- سەید ڕەشید و مەلا عەبدولڕەحمان بۆ سەرشیوی سەقزو دەوروبەری .

٣- من و کاك عومەر بۆ مەریوان و سنە.

بەمجۆرە کارەکانمان دابەشکردو بڕیاریشماندا لە سونێش مقەڕێکی دیکە بکەینەوە. هەر دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە کاك حەسەن رستگاریش هات بۆئالانەو لەوێ پەیوەندی بە حیزبی دیموکرات و شۆڕشی ئەیلولەوە کردو هەر لەوێ کرابە بە مەسئولی مقەری حیزب، پاشتریش کاك مەلا ڕەسولی پێشنماز پەیوەندی بە کاك حەسەنەوە کرد. لەم کۆنفراسە بڕیارماندا قەبزی حیزبیی چاپبکەین، ئەوسا



ڕۆنیۆکەمان لە سونێ بوو، لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی و مەلاسەید رەشیدو مەلا عەبدولڕەحمان و عومەرو ژمارەیەك پێشمەرگە چووین بۆ سونێ. لەوێ لەسەر یەکێك لە خانۆکان مقەڕمان هەڵداو هێشتا هاوین بوو ساردی نەکردبوو پێویستمان بە خانوو نەبوو. هەر ئەوکات کاك رەئوف مەلا حەسەنیش بەیەکجاری سلێمانی جێهێشت و هەر بەگەیشتنی بۆ سونێ کرا بە بەرپرسی مەقەری حیزب.



لەڕاستەوە: دکتور یاسین سەردەشتی، وەستا رەئوف مەلا حەسەن، جەمیل مەردۆخیی

دوای دانانی مەقەڕ و حەسانەوەمان، هەستیان بە چاپکردنی قەبزەکان، مەلاسەید ڕەشید مەسئولی چاپخانەو مۆری حیزب بوو، کەس نەیدەتوانی نزیکی چاپخانە ببێتەوە، عومەر کرێکاربوو لەبەردەستی مەلاسەید ڕەشیدو فرسەتی هێنابوو بەدزییەوە پرۆگرام و

پەیڕەوی لەچاپدابوو بێئەوەی سەید ڕەشید بزانێت. خەڵکی سەرسنوور بە بیستنی کردنەوەی بارەگای حیزب لە سونێ لەباش و خراپ ڕێگایان کرایەوە بۆ بارەگاو هەرکەس داوای بەیان و ڕۆژنامەی حیزبیان دەکرد.

عومەر یەك دوو ژمارە لەو پەیڕەوپرۆگرامانە ئەدات بە برادەرێك لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ لای سەردەشت، هێشتا ئێمە لە سونێ بووین ژمارەیەك لەو پرۆگرامانە بەهۆی سلێمانی موعینیەوە کە لەودیو دەبێت ئەگاتەوە بە مەقەڕ، دوای ئاشکرابوونی پرۆگرامی کۆمەڵەو پەیدا بوونی ورەور لەنێو برادەران، مەلاسەید ڕەشید کە بڕیاربوو بچێت بۆلای سەرشیوی سەقز، لەسەفەرەکەی پەشیمان بووەوەو لەگەڵ ئێمە هات بۆ لای ماوەت و پێنجوێن. هێشتا هەر شەڕەو بەعسییەکان لەسەر حوکمن بەڵام لای ماوەت و پێنجوێن ئارامەو شەڕی تێدا نەبوو، جگەلەوەی کە فڕۆکەکان هێندێك جار ئەهاتنە ئەو ناوەو هێندێك بۆمبیان دەباراند کە زیانێکی ئەوتۆی نەبوو.

ئێمە بەرەو ماوەت هاتین، مستەفاو کاوە ( سەلاح و محەمەدی موهتەدی) بەجێمان، ئێمە کە دەمانزانی مستەفاو کاوە ئەکەونە بەر غەزەبی ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی تەنیا دڵمان بەوە خۆشبوو کاك هەژار فریان بکەوێت. چۆمان بیرلێکردبۆوە ئاوا دەرچوو، مستەفاو کاوە لە قەڵادزە دەستبەسەرکران و هەژاریش بۆماوەیەك بەناوی ئیجازەوە هاتە قەڵادزە لەلای مستەفاو کاوە مایەوە.

من و عومەر و مەلا عەبدولڕەحمانیش، گەیشتینە ماوەت و ڕۆیشتین بۆ مەکتەبی سیاسیی، کاك عەلی عەبدوڵڵا بەرپرسی کارگێڕی مەکتەب بوو، زۆر بەخێرهاتنی کردین و داوای لێکردین لەگەڵ کاك مەلا



ئەبوبەکر بین وئیتر نەگەڕێینەوە بۆلای پشدەرو حاجی ئۆمەران. ئێمە زۆرمان وت و کاك عەلی نەیبیست، وتی کاتێك ئێوە لێرەوە ئەتوانن بچنە ئەودیو کە لە مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا بن.

ئێمە بڕیارماندابوو قەبزەیەکی حیزبی چاپبکەین بەبێ مۆرو بەبێ ئیمزا، بۆئەوەش لەڕێگەی کاك عەلیەوە داوامان لەپارتی کرد کە وەسائلی چاپی هەبوو قەبزەی ٥ تمەنی تا ١٠٠ تمەنیمان بۆ چاپبکەن لەژێر ناوی "لیژنەی لێقەوماوانی شۆڕشی کوردستانی عێراق"، ئەویش بەم مەرجانە بۆیکردین:

– کە لە کوردستانی ئێران هاتینەوە لە لیوای سلێمانی لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی بمێنینەوە.

– ئەگەر لەگەڵ کاك مەلا ئەبوبەکر نەبین هەر بەناوی حیزبی دیموکراتەوە مقەڕێکمان بۆ بکەنەوە.

– دەستی برد کۆپییەکی پرۆگرامی چاپکراوی کۆمەڵەی دەرهانی و وتی لەمە بکۆڵنەوە بزانە ئەو کەسانە سەر بە چ کۆڕو کۆمەڵێکن..

ئێمە هەموو مەرجەکانمان پەسەند بوو (مەلا ئەبوبەکر) نەبێت، تازە ئەمانزانی دوای ئاشکرابوونی پرۆگرامی کۆمەڵە ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی وازمان لێناهێنن و بەپشتیوانی بارزانی چۆنیان بوێت بەسەرماندادێنن. ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە هەمووی بەر لەهاتنە سەر حوکمی عەبدولسەلام عارف و کودەتا بەسەر بەعسییەکاندا بوو، بۆیە شتەکە زۆر ترسێنەر نەبوو، چ مەکتەب سیاسیی و چ کاژیکەکان و تەنانەت کاك هەژاریشمان بە پاڵپشتی خۆمان دەزانی و ئومێدمان هەبوو کە بارزانی والێبکەن پشتمان بگرێت و بتوانین ئەحمەد و سلێمان وەتاق بخەین، بەڵام بۆ بێشانسی عەبدولسەلام عارف کودەتای

کردو پارتی و مەکتەب سیاسیی دژی مفاوەزات وەستان و چاری بارزانیان نەکردو تۆماری ئێمەشیان پێچایە مەکتەبی سیاسیەوە، ئەحمەد تۆفیق و موعینی، کەڵکیان لە رەوشەکە وەرگرت و جامەدانەی سوریان لەسەر بەست و هەتا پای مەرگ هاتن بۆمان!! ئێمە تاکو چاپکردنی قەبزەکان لەعیساوێ و ئاوکورتی ماینەوە، بەهیوای ئەوەی کە لە سەفەری ئێران گەڕاینەوە لەمەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی پارتی بمێنینەوە، وەرەقەی عەدەم تەعەروزیان بۆکردین بۆئەوەی لەسەر سنوور رێگامان لێنەگرن. ئێمەش لەدەوروبەری مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ دا ماوەتمان جێهێشت و رومانکردە کوردستانی ئێران، من و کاك عومەر رۆیشتین بۆ سنەو مەریوان و مەلا عەبدولڕحمانیش بەرەو سەرشیوی سەقز، بڕیارماندا لەمێژووی دیارییکراودا لە دیوەخانی حەمەڕەشیدخان لەگوندی داروخانی ناوچەی شلێر یەکبگرینەوە. من لە مەریوان کاك عومەرم جێهێشت و بەتەنیا رۆیشتم بۆ سنە، نزیکەی شەش حەوت رۆژێك لە سنە مامەوە بەتایبەت بەهۆی شەهید سەید سەدیقەوە لە وێڵە پەیوەندییەکانی ئەمجارەمان زیاتر بوو، محەمەدی خریقی و مەلا ساڵح خوسرەوی و چەند برادەرێکی کوردپەروەری تر داوەتیان بۆکردم و ئەو کارانەی کە دەبوو ئەو رۆژانە بکرێت هەمووم جێبەجێکرد، لەکاتی گەڕانەوە شێخ موعتەسەم و شێخ عەبدوڵڵای کوڕی بە جێبەکەی خۆیان منیان تا سەرباخەکەی خۆمان هێناوەو منیش دوای چەند رۆژێکی دیکە لەسەرباخەوە بەرێگەی هەوراماندا گەڕامەوەو لەرێگادا چەند برادەرێکی دیکەی وەك مەلا ئەمین نوینیم بەسەرکردەوەو گەڕامەوە شلێرو هەر سێکمان وەك دامان نابوو لەدیوەخانەکەی حەمەڕەشیدخان یەکمانگرتەوەو لەوێوە روومان



لەماوەت کردەوە. ئێمە حەزمان ئەکرد ئەگەر مەکتەب سیاسیی مەجالمان بدات دەگەڕێنەوە سونێ بۆ مقەری حیزبی دیموکرات، ئێمە هەستمان بەو گرفتەکردبوو کە دەشێت ئاشکرابوونی کۆمەڵە بۆمان بێنێتە پێش، بەڵام پێموابوو دەتوانین ئەو گرفتە چارەسەر بکەین، بەتایبەت ئەحمەد تۆفیق قسەی منی وەرئەگرت، بەڵام مەکتەب سیاسی ئیزنی گەڕانەوەی نەداینێ. زانیمان ئەگەر زۆری لەسەر بڕۆین کێشەکە گەورەتر ئەبێت، وتمان باشە ناگەڕێنەوە بەڵام وەك بەڵێنتان داوە ئەبێت مەقەڕێکی جیاوازمان بۆ بکەنەوە کە پەیوەندیی بە مەلا ئەبوبەکرەوە نەبێت، وتیان باشە.

نووسراوێکیان نووسی بۆ سیتەك کە ئازوخەمان بۆ سەرفبکەن لەگوندی "وڵیاوا" بەناوی مقەڕی تۆڕاوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوەکەمان برد بۆ سیتەك و لەوێش رۆیشتین بۆ وڵیاوا، ئەم گوندە مەکتەبێکی تێدابوو گەنجینەی گەنم و جۆی شۆڕش بوو، لەوێ هۆدەیەکی بەتاڵی تێدابوو کردمان بەشوێنی دانیشتن بەرە بەر گەنجینەکان چۆڵبوون و ئەوانیشمان داگیرکرد. برادەرانی ئەودیو زانیان مەقەڕمان کردۆتەوە بەگەرمیی هاتوجۆیان ئەکردین، لەسنە سەید عەلی برای شەهید سەید سەدیق لە وڵیاوا چەند رۆژێك لەلامان بوو. عەلی قوتبی کە ئەندامی حیزبی هەڵوەشاوەی شۆڕش بوو دوای چەند ماوەیەك لە بەندیخانە، لە وڵیاوا پەیوەندی کرد بە حیزبەوە. کاك ئەحمەد ناسراو بە ئەحمە بچکۆل پەیوەندیی پێوەکردین. بەم جۆرە رۆژ بە رۆژ برادەرانمان لەزیادبووندا بوون و هەر بەناوی حیزبی دیموکراتەوە ئیشمان دەکردو هیچ پێویست نەبوو ناوی کۆمەڵە بهێنین. هەر لەم ماوەیەدا کاك مەلائەبوبەکر لەگەڵ چەند برادەرێك هاتن بۆ

ولّیاوا دووبارەیان کردەوە کە پێکەوە کاربکەین، ئێمە ئامادە نەبووین کۆمیتەی ساخکەرەوە بەفەرمیی بناسین، بەڵام ئامادەی ئەوەبووین هاتوچۆمان هەبێت. هەربۆیە دوای گەڕانەوەی ئەوان ئێمە رۆیشتین بۆ "مڕانێ" لەناوچەی سیوەیل باردیدەکەمان دانەوە. هەتا ئەم ساتەش هەر بەعسییەکان لەسەر حوکم بوون، بەڵام کە عەبدولسەلام کودەتای کرد ئیتر دەوران گۆڕا و باردۆخێکی تازە هاتەکایەوە. ئێمە ئەوەمان بۆ ساخبۆوە کە ئەحمەد تۆفیق و موعینی بۆ لێدانی ئێمە کەڵك وەردەگرن و بارزانی ئیجبار دەکەن سەلاحیەتیان بداتێ بۆ تۆڵەسەندنەوە لێمان. پاش گۆڕانی هەلومەرجەکە، من و مەلا عەبدولڕەحمان رۆیشتین بۆ مەکتەب سیاسی و تێمانگەیاندن کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی بێنەسەرمان و ئەزێتمان بدەن جا بەر لەوەی ئەوان بێن، ئێمە دەچین بۆ سەنگەسەر، بۆ بینینی ئەو دووانەو بەهەر زمانێك بووە بەڵکو بتوانین لەدەستیان رزگاربین، مەکتەب سیاسی وتیان باشە بڕۆن بەڵام لەگەڕانەوەدا سەرمان لێ بدەنەوە.

لەم سەفەرەدا، نزیکەی ٢٠ رۆژ لە سەنگەسەر ماینەوە، دانیشتنمان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و موعینی کردو وەعدیاندا نەیەنە سەرمان، بۆخۆمان لە ولّیاوا دانیشین هەتا بارودۆخەکە ئەکەوێت بەلایەکدا، ئەوکات مقەڕەکەی ولّیاواش ئەکەینە بنکەیەکی ترو ئێمە بەڕێوەی دەبەین، داواشمانکرد مواجەهەی بارزانیمان بۆ وەرگرن هەتا ئەویش لەو بەڵێنە ئاگاداربێت، زۆر ماینەوە دیاربوو ئەوان حەزیان نەدەکرد بارزانی ببینین لەوە دەترسان گەر بارزانی ببینین رێگەی پیلانگێڕانیان بۆ نەمێنێتەوە، ئێمە لەسەر ئەو بەڵێنە گەڕاینەوە بۆ ولّیاوا.



هەر لەسەنگەسەر بۆمان دەرکەوتبوو کە بارزانی زۆر لە مەکتەب سیاسی توڕەیە، ئەحمەد تۆفیق و موعینیش ئەمەیان زانیبوو زۆر دڵخۆش بوون، وایان بیرکردبۆوە کە ئەگەر مەکتەب سیاسی لاواز بێت لێدانی ئێمە بۆ ئەوان ئاسان دەبێت، هەتا دەشهات نێوانی بارزانی و مەکتەب سیاسی دژوارتر دەبوو، لەکاتی گەڕانەوە لەمەکتەب لاماندا، ئەمجارە مەکتەب زۆر قەرەباڵغ بوو، شەو بوو لەژوورێك ئەم بەڕێزانە کۆببوونەوە: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا، سەید عەزیز شەمزینی. لەدەرەوەی ژوورەکەش جەلال تاڵەبانی بە کزییەکەوە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو شتێکی ئەنووسی لەسەر مێزەکەی بەردەمی. مەلا عەبدولڕەحمان وتی: مامە تۆ تەشریف ناهێنیتە ژوورەوە، ئەویش وەڵامی دایەوە: ئێوە بچنە ژوورەوە منیش دێم. تا لەوێ بووین هەر نەهاتە ژوورەوەو لەپاشان ئێمە وتمان مام جەلال دەبێت لە جەماعەت تۆرا بێت!!

سەفەرەکەی خۆمان بۆ گێڕانەوەو زۆریش پاڕاینەوە کە هەرچۆن بووە ئەم عاجزییەی نێوان مەکتەب سیاسی و بارزانی نەگاتە شەڕو کوشتار. دیاربوو هەر کاك ئیبراهیم قسەکەر بوو، لە وەڵامی قسەکانی ئێمەدا وتی : " جارێکی تر سەر بۆ مەلامستەفا دانانەوێنم وە لێرەش (واتە لەماوەت) رادەوەستم هەتا جامانەسوور ئەگەنە ئێرەو شەڕیان لێرە لەگەڵ ئەکەم، مەلامستەفا وەك قەڵایەك ئاغاو عەشیرەتی بەخۆیەوە هەڵواسیوە بۆئەوە نابێت بەهیچ جۆرێك لەگەڵی دانیشم ، لەگەڵ جەمال گۆرسێل و شای ئێران ئەبم لەگەڵ مەلامستەفا نابم، بەداخەوە من خەڵکی سلێمانیم هەیەو ئەو بارزانی هەیە "



ئیبراهیم ئەحمەد

سەید عەزیز شەمزینی

زانیمان قسەکانی ئێمە جێگا ناگرێ، پێمانوتن کە لەقسەکانی ئەحمەد تۆفیق و موعینییەوە وادیاربوو کە ئەگەر ملکەچی بارزانی نەبن دێتە سەرتان ئەوە ئێوە دەتوانن بڕۆن بۆ ئێران ئەی ئێمە چیبکەین؟! وتیان ئەگەر هاتنەسەرمان خەبەرتان ئەکەین!! زۆری پێنەچوو پۆل پۆل پێشمەرگە رویانکردە سەنگەسەرو مەکتەب سیاسیان بەجێئەهێشت، لەشەڕێکی یەك دوو رۆژەدا تاقە پێشمەرگەیەکی سەربە پارتی نەمایەوەو هەموو پەیوەندییانکرد بە بارزانییەوە، سەرانی پارتیش بەناچاری خۆیان تەسلیمی ئێران کردو ساحە چۆڵ بوو، ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینیش بۆ ئەو رۆژە دەگەڕان، چوونە لای بارزانی و پێیانوت چەند کەسێکی ئێمە تفەنگی ئێوەیان بردووەو هەتا ئێستا لەپەنای مەکتەب سیاسیدا بوون نەمانتوانی چەکیان بکەین ئێستا هەر لەوێ ماونەتەوە، ئەمری ئەویان وەرگرتبوو بۆ داگیرکردنی مەقەڕی ئێمە و مەلا ئەبوبەکر. شەو بوو کۆمەڵێك جامانەسوور گەمارۆی



مەقەڕەکەیان داین، لەپێشدا وامانزانی کە بارزانین، کە هاتنەپێشەوە بینیمان پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون و بەرپرسیان سلێمانی موعینی بوو، هەرچەندە لەگەڵ سلێمانمان وت کەڵکی نەبوو، مەقەڕەکەیان داگیرکردو ئێمەیان بە گیراویی برد بۆ چوارتا تاکو تەسلیم بە شۆڕشیان کردین. لەم لاشەوە دوو کەس بەناوی عەلی قوتبی و ئەحمەد بچکۆڵ تفەنگی ئێمەیان بردبوو بەرەو وێنەو دارۆخان رایانکردبوو، کاك عومەر رۆیشتبوو بەدوای تفەنگەکاندا لەبەرئەوەی کاك عومەریش هەوڵی گرتنی هەبوو، سلێمانی موعینی و جەماعەتێك کەوتبوونە شوێنیان لەدارۆخان هەریەکە لە عەلی قوتبی و ئەحمەدە بچکۆڵ و شێخ بایزو عومەر نگڵیان دەستگیر کردبوو، تفەنگفڕێنەکان ئازاد دەکەن و عومەریان بەدەستی بەستراو بردبوو بۆ زیندانی سەنگەسەر. دوای هەشت رۆژ سلێمان هاتەوە بۆ چوارتاو ئێمەشیان برد بۆ سەنگەسەر، هەرشەو چاویان بەستینەوەو بەرەو شوێنێکی دیکە گواستیانینەوە، پاشان بۆم دەرکەوت ئەم شوێنە سوڵتانەدێی ناوە، لەم بەندە نزیکەی دوو مانگ ماینەوە بێئەوەی کەس لێمان بپرسێتەوە.

رۆژێك ئاگاداریان کردینەوە کە قازیی حیزب دێت مەحکەمەتان دەکات، لەبەرخۆمانەوە بیرمان لە قازیی حیزب و مەحکەمەی حیزب دەکردەوە، ئەبێ قازیی کێ بێت و چۆن مەحکەمەیەکمان بکات؟! لەدوورەوە سلێمانی موعینی و چەند پێشمەرگەیەك پەیدابوون، هەموو جامانەی سووریان لەسەردابوو، بەکێکی خرکەیان لەلای سەروی ئەوانەوە دانیشت، بە حەرەسەکانیان وت فلانە کەسمان بۆ بێنە، زیندانەکە مەکتەب بوو، ئەوان لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتبوون. یەکەم کەس من بووم رۆیشتم لەبەردەم دادگا رایانگرتم، سلێمانی موعینی



لەراستەوە: مەسعود ، سلێمانی موعینی، مەلامستەفا، ئیدریس ، سابیر ،
پیشمەرگەیەکی بارزانی

وتی: وەڵامی پرسیارەکانی قازیی حیزب کاک محەمەد ئەمینی سیراجی بدەرەوە، کەناوی سیراجی هێنا لەوەڵامدا وتم: ئەو قازیی حیزب نییەو کۆمۆنیستەو هەرگیز ئیعترافیشی پێناکەم، لەوە نەدەترسام بتوانن هیچمان لەگەڵ بکەن چونکە حەرەسەکانمان بارزانی بوون و ئەمان بە بێ ئەمری بارزانی هیچ ناکەن، لەجوابەکەی من کە وتم ئەو پیاوە کۆمۆنیستەو حیزبی نییە دیاربوو پێیان خۆشبوو، ئەوان زۆریان وت و من کەمم بیست ناچار منیان کردەوە بەندیخانەو مەلاعەبدولڕەحمانیان برد، ئەویش لەمن ڕەقترو خۆڕاگرتر بوو، کاتێک سلێمان و ئەوان ئێمەیان جێهێشت هەڕەشەی زۆریانکرد با ئێوە جوابی قازیی حیزبتان نەدابێتەوە، خۆتان ئەبیننەوە!! دوای ئەوەی ئەچنەوە سەنگەسەر لێژنەیەك پێکئەهێنن بۆئەوەی داوا لەبارزانی بکات ئێمە



ڕەوانەی بادینان بکات بۆ لای ئەسعەد خۆشەوی، لەوێش بەهەر جۆرێك بووە بمانکوژن!! سلێمانی موعینی زۆر سوور ئەبێت کە لیژنەکە هەستێت بە جێبەجێکردنی ئەم کارە، ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ سلێماندا دەبێتە دەمەقاڵەیان و دەڵێت: ڕەفیق ئەمانە لەهەموو تاڵیی و ناخۆشییەکی ئێمەدا بەشداربوون و پێنج ساڵە پێکەوە لەسەر سەرینێك پێکەوە نوستوین، من ویژدانم ڕێگەم پێنادات بەم کارە هەڵسم، خۆ کوفریان نەکردوو فەرەزەن با حیزبێکیش دروستکەن، ئەوان لە ئێمە کوردترن و ئێمە هیچمان نییە بتوانین بەر بەئازادی خەڵکی تر بگرین.
ئەوەبوو پاش چەند ڕۆژێك ئێمەیان بردبوو بۆ ڕانیە، کاتێك خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی هەرسین ئاگادارئەبێت ئێمە گیراوین و برادەرانمان لای بارزانی تێچێنی زۆریان بۆ کردووین، ئەویش هەم لای پارتی و هەم لای بارزانی دەستڕۆیشتبوو، خێرا بەپەلە هاتە بەندیخانەی ڕانیەو لەگەڵ من و مەلا عەبدولڕەحمان قسەی کردو وتی هەر ئێستا دەرتاندەکەم و بەداخەوە درەنگ پێمزانی دەنا نەمدەهێشت ڕۆژێك لە بەندیخانە بمێننەوە، بۆبەیانی بارزانی تێئەگەیەنێت، ئەویش ئەحمەد تۆفیق بانگدەکات و ئەڵێت ئەو بۆچی ئەو کەسانەتان تا ئێستا ئازاد نەکردووە، ئەحمەد نازانێت چ وەڵامێك بە بارزانی بداتەوە، هەربۆیە هات و ئێمەی لەزیندان هێنایە دەرەوە، داوایکرد لەگەڵ ئەو بمێنینەوە، ئێمە لەبەرئەوەی زۆر ماندووبووین و بەهۆی زیندانەوە مێشکمان هیلاکبوو داوای ئیجازەو ئیسراحەتمان کرد، لەسەر داوای خۆیان بەماشینی تایبەت ئێمەی هێنایەوە بۆ شاری سلێمانی و دوای ماوەیەك خۆمان بە ئیش و کاری ژیانەوە خەریك کرد، چاوەڕوانی ئەنجامی موفاوەزاتی عبدالسلام عارف و بارزانیمان دەکرد، هەر

لەهەمان کاتدا عومەریش لە زیندان ئازادبوو، لەگەڵ کاك سەلاح و کاك محەمەد یەکیانگرتەوەو گەڕانەوە کوردستانی ئێران خۆیان بەدەستەوەدا، بەمجۆرە کۆتایی بەتەمەنی کۆمەڵەی رزگاریش هات!!

بەڵێ دوای سێ مانگ و یەك رۆژ زیندانی، لەهاوینی ساڵی ١٩٦٤ بەدەستی برادەران ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی، ئازاد کراین، ئیدی بۆ هەتا هەتایە نزیکی ئەو برادەرانە نەکەوتین، بەشێوەی سیاسیی ئامادە نەبووین بۆ رۆژێکیش وەختی خۆمانیان لەگەڵ بەرینەسەر، بەمجۆرە لەگەڵ کۆمەڵەدا کۆتایی بە ژیانی حیزبایەتی ئێمەش هات، هەرچەندە لەساڵی ١٩٧٣دا، لە کۆمیتەی مۆقەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەوعە پەیوەندییەکم هەبوو.

سەرئەنجامی کاك مەلا ئەبوبەکریش بەشێوەیەك بوو کە لەگەڵ مەکتەب سیاسی گەڕایەوە بۆ ئێران و لە گەرماو مایەوەو مەقەڕو شتومەکەکانیان لەلایەن ئەحمەد تۆفیق و سلێمانەوە دەستی بەسەرداگیرا..

ساڵی ١٩٦٤ لە سلێمانی هەتا مانگی ئابی ١٩٦٥ لەشاری سلێمانییەوە بە ئیش وکاری شەخسیی و پەیداکردنی بژێوی ژیانەوە خەریکبووم و بەهیوا نەبووم جارێکی دیکە شار بەجێبێڵم و روو لە شاخ بکەمەوە، بەڵام شەڕی دوابڕاوی کوردستان هەر نەبڕایەوەو ناچاردەبووم روو لەسەنگەر بکەمەوە، بەڵام ئەمجارەیان نەك لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو پەیوەندیم کرد بە لقی چواری پارتییەوە لەماوەت.

من هەر لەزووەوە بڕیارمدابوو لەهیچ ئۆرگانێکی حیزبیی کارنەکەم، بۆیە هەر شوێنێکی حیزبیان بۆ دانام قبوڵم نەکرد تەنیا داخوازی من



ئەوە بوو ببمە پێشمەرگەیەکی سادە لە جەبهەکان خزمەت بکەم، لەدەوروبەری مانگی ئابی ١٩٦٥دا بەنامەیەکی رەسمی لە لقی چوارەوە پەیوەندیم کرد بە هێزی قەرەداغەوە، لەهێز منیان ناردە لقی سێی شارەزوور، ماوەیەك لەگەڵ عەریف تاڵیب و دواتریش کاك محەمەد فەرەج هەڵەبجەیی سەرلقمان بوو، ئەو پەلەی من پێشمەرگەی بووم سەرپەلەکەمان ئەحمەد رۆستەم بوو، لەگەڵ هەموو ئەو ماندووبوونەی ژیانی پێشمەرگایەتیی تاکو ساڵی ١٩٦٦هەم کاتبی پەل و هەم پێشمەرگەی جەبهەش بووم. هەر لەو ساڵەدا کە دووبەرەکیی تەواوی هێزی پێشمەرگەی داگرتبوو، لەهێزی قەرەداغ ئینقیلابێکی عەسکەریی روویدا، بەوەش ئیدی پێشمەرگایەتیی لە خەباتێکی نەتەوەیی چووەدەرو بووە جەنگێکی نێوخۆ، ئەوەی من شانازیم بە بەشداریکردن تێیدا نەکردو بڕیاری وازهێنانم دا.

لەکۆبوونەوەیەکی پێشمەرگەییدا لەگوندێکی بناری شارەزوور، رەئیس کەمال وتارێکی دوورودرێژی بۆ پێشمەرگەکان خوێندەوە، وتی : ئێمە لەم شەڕانەدا کە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کردوومانە زیانێکی زۆرمان دیتووە، بۆنموونە ئێستا ئەگەر من لەسوپای عێراقدا بمامایەتەوە پلەی عەقیدم دەبوو، ئەمتوانی حەقی کورد وەربگرم بێئەوەی فیشەکێکیش بتەقێنین و کەسێکیش بکوژرێت، خۆ ئەگەر بەئاشتی ئەو مافەمان چنگ نەکەوتایە ئەوا وەك عەقیدێك توانی کودەتایەکی سەربازیم دەبوو بەسەر حوکمداو بەو کودەتا نەك بەشەڕی شاخ کوردمان رزگاردەکرد..پێشمەرگەکان زۆریان پێخۆشبوو کە کاك کەمال بەم ئاسانییە باسی رزگاریی یەکجارەکیی کوردی بۆ دەکردن و هەموو بەیەکجار دایانە چەپڵەلێدان!! من چەپڵەم لێنەدا، سەرپەلێکمان هەبوو ناوی فەتاحی حەمەڕەزا بوو، وتی ئەوە بۆ چەپڵەت لێنەدا؟! وتم چی بڵێم بەخوا قسەکانیم بۆ قووت نەدەچوو، فەتاح ئەم وەڵامەی زۆر پێناخۆش بوو.

## وازهێنانم له شۆڕشی كوردستانی عێراق و تێهەڵچوونەوە لەخەباتی كوردانی ڕۆژهەڵات

دوای ئەم ئینقیلابە، بەناوی دیداری شێخانی قەرەداغ، كە بە بنەماڵە یەكئەگرینەوە، ئیجازەیەكم كردو تفەنگەكەشم دانا، بەكورتی، ڕۆژێكی زۆر تاریك و نادیار بوو، كەس متمانەی بەكەس نەمابوو، لەملاوە پێشمەرگە ئەچوو بۆ ئەو لاو، لەولاوە ئەهات بۆ ئەملا، سەرگەردانییەكی بێشومار ڕوویدابوو. من بێ تفەنگ ڕوومكردە قەرەداغ و لەئاوایی حەمەی كەرەم بووم بە میوانی خوالێخۆشبوو شێخ مستەفا. ڕووداوەكەم بۆ گێڕایەوەو وتم : لەوانەیە من بە زۆر ناچار بكەن لەگەڵیان بكەوم، بەڵام لەدڵەوە بڕیارمداوە خۆم لەم براكوژییە بەدوور بگرم. كاك شێخ مستەفا هەڵوێستەكەی منی زۆر لا پەسەند بوو، وتی: لێرە لە ماڵی ئێمە بمێنەوە هەتا ڕەوشەكە ئارام دەبێتەوە، ئەو كاتە من ئەوان ئەبینم و لە بیروڕای تۆ ئاگاداریان دەكەم. دواتر كاك شێخ مستەفا قسەی لەگەڵا كردبوون و تێی گەیاندبوون كە جەمیل، ئامادەنییە بۆ هیچ لایەكتان (پێشمەرگایەتیی) بكات. دوای مانگێك مانەوە لەئاوایی حەمەی كەرەم، تازەدێ، جەمیل ئاواو شیوی قازی، لەو ماڵە خزمانەدا، لەگەڵ شێخ مستەفا هاتمەوە بۆ سلێمانی و ئەمجارەش بڕیاری ئیش و كارو كەسابەتمدا.

لەساڵی ١٩٦٦ هەتاكو ساڵی ١٩٧٠، لەڕووی ژیانی شەخسییەوە چەند هەنگاوێكم نا، سەرلەنوێ ماڵم كردو هاوسەرم بۆخۆم دۆزییەوەو بوومە خاوەن منداڵ و بە تەواویی خوداحافیزیم لەژیانی تاكەكەسی



كرد. بەدەرچوونی بەیانی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، هیوام زیاتر بوو، كە جارێكی تر كورد تووشی مەینەتیی و دەردەسەریی نابێتەوە. پاش ئەم بەیانە، تاڕادەیەك ئازادیی بەرچاوئەكەوت منیش خەریكی كارو دوكانی خۆم بووم، هیچ كات بەتەمای ئەوە نەبووم پەیوەندیی بە كۆنە هاوەڵانی سیاسیی پێشوو بكەمەوەو كەسانی وەك ئەحمەد تۆفیق و هاوكارانی بدوێنم.

ڕۆژێك نامەیەكیان دایە دەستم، خێرا خەتەكەم ناسی، نامەی ئەحمەد تۆفیق بوو، بەڵام من و نامەی ئەحمەد تۆفیق لەم كاتەدا كوجا مەرحەبا. ئەو لەبەغداوە نامەكەی نووسیبوو، لەپێشتردا بیستبووم كە ماوەیەكی كەم پێش دەرچوونی بەیانەكەی ١١ی ئادار، ئەحمەدو مەلا سەید ڕەشید لە شۆڕش رایانكردووەو پەنایان بۆ بەغدا بردووە، بەڵام بەتەمای وەها نامەیەك نەبووم لە ئەحمەد تۆفیقەوە، ئێمە كە پێشتر زۆر نێوانمان تێكچووبوو، ئەحمەد لەم نامەیەدا پەشیمانییەكی زۆری لەو كارە نامرۆڤانەیەی پێشووی دەربڕیبوو كە دەرهەق بە ئێمە ئەنجامیاندا بوو.

زانیم ئەحمەد تۆفیق، هەم لەسەفەرەكەی بۆ بەغدا پەشیمانەو هەم لەو هەڵوێستە ناشرینانەی خۆی و سلێمانی موعینی، بۆیە ئەم كاغەزەی نووسیوەو ئەیەوێت ئەم جارەش بەهۆی خەتی ئێمەوە كە مەلا عەبدوڵرەحمان و مەلاسەید ڕەشیدو چەند برادەرێكی تری وەك عەبدوڵلای مەلا عوسمان و كاك خدرو عەلی قوتبییەوە، هەستێتەوە. ئەو لە نامەكەدا زۆر پاڕابۆوە كە بچم بۆ بەغداد و چاوی پێم بكەوێت، لەسەرەتاوە نیازم نەبوو جوابی نامەكەی بۆ بنووسمەوە، لەپاشان وەڵامێكی نامەكەیم دایەوەو بۆم نووسیبوو كە هاتنم بۆ بەغدا

زەحمەتەو داوای لێبوردنم لێکردبوو. بەڵام ئەو نامەیەکی تری بۆ نووسیمەوەو زۆر پاڕابووەوە کە بچم بۆ بەغدا، هەربۆیە وام بەباش زانی سەردانێکی بەغدا بکەم نەوەکا هەموو ڕۆژێك نامەیەکم بکاتەسەرو دواتر پارتیش بیکەن بەخاڵێك.

لەبەغدا، من و ئەحمەد تۆفیق پاش دابڕانی پێنج ساڵ یەکترمان بینیەوە، ئەو زۆر پەشیمانی لەوکارانە دەربڕی کە پێشتر روویاندابوو، هەروەها دیداری مەلاسەید رەشیدیشم کرد کە ئەوکاتە لەماڵی کاك هەژار بوو. مەلا سەید رەشید زۆر لە ئەحمەد تۆفیق توڕە بوو، وای پێشاندەدا کە ئەحمەد تۆفیق ئەوی بەزۆر لەگەڵ خۆی بردووە بۆ بەغدا. من هەوڵی زۆرمدا ئەو ناکۆکییەیان چارەسەر بکەم بۆم نەکرا، جارێکی تر لەگەڵ کاك رەئوف مەلاحەسەن، بۆ ئاشتکردنەوەی ئەو دووانە پێکەوە رۆیشتین بۆ بەغدا، ئەم جارەش هەر بێسوود بوو. دواجار لەگەڵ کاك ئەمیر قازی و رەشەی قاچاخچی، خێزانی مەلاسەید رەشیدمان بە بوکیی لەسلێمانییەوە برد بۆ بەغدا، لەم سەردانەشدا ئەوپەڕی کۆشش و هەوڵی خۆمان خستەکار بۆ ئاشتکردنەوەی ئەحمەد تۆفیق و مەلاسەید رەشید ئەنجامی نەبوو، وابزانم زیاتر مەلا سەید رەشید لەگەڵ ئاشتبوونەوەدا نەبوو، بەداخەوە هۆیەکەیم بەتەواویی بۆ روون نەبوو.

لەماوەی دانوسانی ئاداردا، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو لەفەرەنساوە گەڕایەوە بۆ عێراق و لەکوردستانی عێراق بەکۆکردنەوەی ئەندامانی حیزب لە کۆیە کۆنفرانسێکیان بەست و جیا لەهەندێك ئەندامانی حیزب مەوجودیەتی خۆیان کردو دەستەو یەخەی هەندێکی تر راوەستان، ئەوانەشی لەگەڵ دکتۆر نەبوون کۆمیتەیەکیان بەناوی



کۆمیتەی مۆقەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا و مەقەریان بردە گوندی "بۆڵێ"، بەمجۆرە گردۆڵکەیەکیان لەسەر رێگای دکتۆر قاسملو قوتکردەوە.

ئەحمەد تۆفیق گێڕایەوە وتی: لەکۆڵانێك لەم کۆڵانانەی بەغدا تێئەپەڕیم لەو سەرەوە رەحمانی قاسملو دەرکەوت هەر کە چاوی پێم کەوت پێیەکی هەبوو دوانی تری بۆ قەرزکردو رایکرد، وتم: ناحەقی نەبووە تۆی بەماجراجو زانیوە!! پێکەنی و وتی: بڵێی وابێ؟!!!

ئەحمەد لەبەغدا زۆر ئەترسا، وتی داوام لە حکومەت کردووە جەوازی سورییم بۆ دەربکەن وەڵامم نادەنەوە. لەدوای ١٩٧٤ەوە، شەڕ دەستیپێکردەوە برادەرێك لە زیندان بەرببوو گێڕایەوە وتی:" ئەحمەدم بینی لەزیندانی ئەبوغرێب نەخۆش بوو، میزی گیرابوو، نەیدەتوانی بڕوات بۆ سەرئاو، لەدواوە یەکێك لە حەرەسەکان شەقێکی تێهەڵداو سەرمەوقولاتی بردو لەناو حەوشەی زیندانەکە بێهۆش کەوت، دواتر بردیانەوە بۆ ژوورە ئینفرادییەکەی و جارێکی تر چاوم پێی نەکەوتەوە.

برادەرانی کۆمیتەی مۆقەت کە لەگوندی بۆڵێ بوون، داوایان لێکردم هاوکارییان بکەم و پەیوەندییان بۆ بگرم بە قەومییە کوردەکانەوە، کە لەگەڵ من هەمیشە دۆستایەتیی وهاوبیرییان هەبووە. لە گەڵ کاژێك پەیوەندیم کردو پێم ڕاگەیاندن کە کۆمیتە داوای هاوکاریتان لێدەکات، ئەو کاتە تۆفیقی نوری بەگیان دانابوو بە مەسئولی عەلاقات.

لەم پەیوەندییەدا، کاژێك ، نزیکەی ٥٠ کیلۆ بەڵگەو نامەی رەسمیی و خەتی سەرانی جمهوری کوردستانیان پێشکەش بەکۆمیتەی مۆقەت کردو من ئەم بەڵگەنامانەم رەوانەی بۆڵێ کرد نازانم لەپاشان چییان

بەسەرهات. ئەم بەڵگانە خەتی پێشەوای تێدابوو، هی مەلامستەفا بارزانی تێدا بوو، چی فەرمانی رەسمی مەنتیقەی سەردەشت و بانە بوو لەلایەن حیزبەوە بە ئارم و شیعاری حیزبەوە نێراوە، لەناو ئەم بەڵگەنامانەدا بەدی دەکرا. ئەوان بڕیاریاندا چی بەکەڵکی بڵاوکردنەوە بێت بڵاوی بکەنەوە. ئەم بەڵگەنامانە لەکاتێکدا حەمەرەشیدخان کۆماری کوردستانی جێهێشت لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ ئەم دیو، لەم دواییە پێشکەش بە کاژیکی کردبوو، کاژیکیش پێشکەشی کۆمیتەی مۆقەتی حیزبی دیموکراتی کردبوو.

بە بەتاڵکردنی شۆڕشی کورد، بەهۆی ڕێکەوتنامەی جەزائیرەوە، کۆمیتەی مۆقەتیش بەتاڵ بوو، هەر یەکێکیان بەدەردێك چوو، ١٥٠ کەسیان رادەستی ئێران کرانەوە، لەوانە: مەلا سەید رەشید، مەلا عەبدولڕەحمان و عەلی قوتبی و عەبدوڵڵای مەلا عوسمان و کاك خدر...بەمجۆرە تۆماری پارچەیەکی تر لە پارچەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێچرایەوە...

بەراستیی، کاتێك ئاوڕ لەرابردوو و رووداوەکانی ئەو دەورانە دەدەمەوە چەندین خاڵی دژبەیەك و ناکۆکم دێتەپێش چاو کە وەڵامم بۆ هێندێکیان هەر پێ نییە. مەلامستەفا، زۆر ئامۆژگاریی برادەرانی دەکرد کە ئەگەر ئەیانەوێت ئیش بۆ کورد بکەن ئەبێت لە وابەستەیی حیزبی تودە خۆیان رزگاربکەن و بە رانکوچۆغەی کورد قەناعەت بکەن و سەربەخۆ حیزبی دیموکرات بەڕێوەبەرن و چاویان لە پارەوپولی حیزبی تودەوە نەبێت، دیارە یەکەم هەنگاوی خۆرزگارکردن لە هەژمونی حیزبی تودەو سەربەخۆکردنەوەی حیزبی دیموکرات لەسەرەتای شەستەکانەوە دەستپێکردو ئێمەش بە برسێتیی و رووت و





ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ لەنێوان ئێران و عێراق

قوتی ئاڵای حیزبمان بەشەکاوەیی راگرت و بەشدارێکی چالاکی شۆڕشی کوردستانی عێراق بووین بە هەموو شێوەیەکی چەکداریی و سیاسیی و ئیعلامیی و وەك حیزبێکی قەومیی هەڵدەسوڕاین و وێڕای هەلومەرجە ئاڵۆزەکەی کوردستانی عێراق، پەیوەندییمان بە کوردستانی ئێرانەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی بوو، جگە لەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەو بێوەفاییەی کە لەلایەن هەمووانەوە دەرهەقمان کرا.

دیارە زەقترینی ئەو خاڵە ناکۆکانە، ئاکاری کەسانی وەك ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی (فایەق) و ئەوانی دیکەش بوو. ئەوان جامانەی سوریان کردبووە سەرو پەلاماری فلان مقەڕیان دەدا!! ئایا

ئەوان بەفەرمانی بارزانی ئەم جامانە سورانەیان کردبۆ سەر یان هەر بۆخۆیان بۆ خۆهەڵنان و ئیفرات و خۆسەپاندن ئەم ئاکارەیان دەنواند؟! باشە ئەگەر ئەم ئیفراتەیان راست بێت، ئەی بۆ دواتر سلێمانی موعینی بەدژی مەلامستەفا بارزانی و بەهاندانی لایەك کەوتە شەڕ لەگەڵ ئێران و سەرئەنجام گەیشتە ئەوەی کە دیمان!!! یان ئەحمەد تۆفیق دوای ئەو هەموو هەوڵو تێکۆشانەی لەپێناو شۆڕشی ئەیلول کردی، چی وایلێکرد رابکاتە بەغداو پاشان لەچوونەکەی بۆ ئەوێ پەشیمان بێت؟!! مەلا سەید رەشید لە ئیفراتییترین برادەرانی حیزبیی، ئەوەی ئەو لەجامانەی سوریش تێپەڕی کردبوو!! دەیوت: "ئەگەر ئیدریس بارزانی مەلامستەفای باوکی جێبهێڵێت و بڕواتە ناو حکومەت ، من هەرگیز مەلامستەفا جێناهێڵم!!"

کاتێك ئەحمەد تۆفیق بەئەمری مەلامستەفا بۆ شاردنەوەی لەبەرچاوی ئێرانییەکان ئەنێررێتە دەڤەری بادینان بۆ لای ئەسعەد خۆشەوی، هەموو رۆژێك ئەحمەد نامەیەك ئەکاتە سەر مەلامستەفا و هەرجارە بە بیانویەکەوە، هەتا بەنامە زۆر بۆ بارزانی ئەهێنێ و ئەویش ناچاردەبێت هێندێك لەبرادەرانی حیزبی دیموکرات بانگ بکات و پێیان ئەڵێت:" براینە بۆخاتری خوا ئەحمەد چی دەوێت؟! من ئەوم ناردۆتە دەڤەری بادینان ئەو بۆخۆی هەمەکارەیە، بەئەندازەی هێزێك مەسرەفی هەیە، دیوەخانی لێداناوە و هەموو رۆژێك بەوشاخانەوە خەریکی ڕاوە! چی بکات کەس لێی ناپرسێتەوە! بادانیشێت هەتا بزانین وەزع چی بەسەردێت، ئێستاش تۆ وەرە (دەستی بۆ مەلاسەید رەشید رادەکێشێت) بڕۆ بۆ لای ئەحمەد تۆفیق لەباتی من چی دەوێت قسەی لەگەڵدا بکە هەتا بۆی بکەم، ژنی دەوێت! کچی کێی پێ باشە هەتا بۆی



بێنم، ئەگەر نەیاندا ئەوە بەزۆر بۆی مارە دەکەم، هەرچەندە تا ئێستاش شتی وام نەکردووە!! حەزی لەدەرەوەیە بۆ کوێ پێی خۆشە رەوانەی دەکەم، بەس با کەم نامەم بکاتە سەر، هەموو رۆژێك نامەیەکی ئەوم بۆ دێت هەر پێم دەکرێت وەڵامی نامەی ئەو بدەمەوە!!"



لەراستەوە: سالار، حەسەن رستگار، ئەمیر قازی، ئەحمەد تۆفیق، مەلا سەید رەشید، عەولای مەلا عوسمان

ئەوە بوو مەلاسەید رەشید بەناوی بارزانییەوە چوو بۆ لای ئەحمەد تۆفیق لەباتی ئەوەی زمانی مەلا مستەفا بێت هانی ئەحمەدی دا بوو پێکەوە چوونە ناو حکومەت و شۆڕشیان بەجێهێشت، دوای ئەوە بە نزیکەی ١٥ رۆژ بەیانی ١١ی ئادار دەرچوو، هەربۆیە ئەو دووانە نەیاندەزانی چۆن لەو هەڵەیە بێنە دەرەوە، ئەوەش بووە هۆی دابڕانی ئەو دووانە لەیەکتری!! مەلاسەید رەشید کە دەیوت ئەگەر ئیدریس ببێت بەجاش ئەو مەلامستەفا جێناهێڵێ، کەچی بەناوی بارزانییەوە چوو ئەحمەدی هەڵفریواندو هەردووکیان سەریان لە بەغداوە دەرهێنا!!

دیاره لەساڵەکانی ١٩٦١ بۆ ١٩٦٦ لەنێو سەرانی پارتیشدا شتی سەیر دەوترا، قسەی هێندێکیان بەتایبەت مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد زۆر کاریگەریی هەبوو، هێندێك لەو قسانە :" مەلامستەفا بارزانی کەسێکی نەخوێندەوارو عەشائیر و دیکتاتۆرەو هەڵساوە بە دانانی کۆسپ لەسەر ڕێگەی ئەم شۆڕشە بەوەی : ئەحمەد تۆفیقی کردووە بە داردەستی خۆی و بەرەڵای ناو ئەم ئاغاو دەرەبەگانەی کردووەو جەماعتێکی کوردی ئێرانیشی خستۆتە پشت سەری، ئەگەر ئەحمەد تۆفیق پیاوێکی کوردپەروەرە با بچێتەوە کوردستانی ئێران و لەویٚ کوردەکان بیکەن بە والی سنە!!، هەروەها بارزانی شێخ لەتیفی لە سیتەك قوتکردۆتەوە بۆ کۆسپ خستنە ئیشم!! (ئەمیر ئەلشەرقی) بۆ من قوتکردۆتەوە{مەبەستی حەمەرەشید خانی بانە بوو} ئەم پیاوە شۆڕشی مەهابادی جێهێشت و ئیستەش دەرەبەگێکی گەورەیەو خوێنی میللەت ئەمژیٚ!!". ئەم قسانەی ئیبراهیم ئەحمەد زۆر گەنجی قەناعەت پێکردبوو، بەڵام تەنانەت ئەویش بۆخۆی دوای نەمانی ئەو کەسایەتییانەی کە بەکۆسپی دەزانین لەجیاتی ڕێبەرایەتیی میللەت هەستا چووە هەندەران و پاڵی لێدایەوە، گوایە:" ئەو بۆ خۆی زیاتر حەزی بە ئەدەب بووەو زۆر ئارەزووی سیاسەتی نەکردووە!!"

بەهەرحاڵ، پاش دەرچوونی بەیاننامەی ئادار، زۆر کەس شانی دایەوە بەر ئیش و کار و هیوا بۆ خەڵك گەڕایەوە و بەتەمای گەڕانەوەی شەڕو شاخ نەبوون و پێیان وابوو سبەی حوکمی زاتی بۆ کورد جێبەجیٚ ئەکرێت و کوردستانی عێراق لەهیمەتی ئاسایش و ئارامیدا هەناسەیەکی راحەت هەڵکێشیٚ و رووبکاتە ئاوەدانکردنەوەو بنیادنان. بەڵام بە پێچەوانەی ئاواتەکانی گەلی کورد، ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٤



حکومەتی عێراق بەهەموو هێزو توانایەکی شەڕی دژی کورد دەستپێکردەوە، دوای ڕێکەوتنی شای ئێران و سەدام حسێن لەجەزائیر، شۆڕشی کورد داتەپی و ئەمجارەش ئاوارەو پەرتوبڵاو بوو، هێشتا کورد ناسۆری ئەو برینەی لەدڵدا بوو کە شۆڕشی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ دەستپێکرد و جارێکی دیکە هیوای کورد کەوتە ئاسۆ.



شۆڕشی ئێران لەساڵی ١٩٧٩

منیش، وەك ڕێبوارێکی ڕێگای ئازادیی کورد و رزگاریی کوردستان، هیوام بەم دەرفەتە نوێیە هەبوو، تاکو کوردانی رۆژهەڵات لەرێگەی کۆبوونەوە لە ڕێکخراوێکی نەتەوەییەوە، سوود لەو دەرفەتە وەربگرن و مافە نەتەوەیی و فەرهەنگی و سیاسییەکانی گەلەکەمان قۆناغ بەقۆناغ بێنینەدی، بۆئەم مەبەستەش پەیوەندیمان بە برادەرانی خۆمانەوە لەنێوخۆی وڵات کرد، کە کار بۆ ئەو ئامانجە بکەین، بەڵام بەداخەوە وەڵامی ئەوان ئەوەبوو کە " ئێمە تازە دوای بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە ناکەوین و ئەگەر ئەو هاوڕێیانە خوازیاری کار و تێکۆشانن بابێنە نێو

ریزی "حیزبی یەکسانی" کە لەسەر بنەمای کۆمۆنیستی دامەزراوە!! هەربۆیە ئیدی ئەم ساتە دوا خاڵی کۆتایی پەیوەندییەکانی کۆن و تازەی من و ئەوان بوو، هەروەها بڕیاریشمدا کە ئەم ساتە بکەمە دوا خاڵی کارو چالاکی سیاسیی خۆشم و هەروەك هاوڵاتییەکی سادە خەریکی ژیانی شەخسیی و خێزانی ساکاری خۆم بم، بەڵام هەمیشە دڵم لەلای خەون و ئاواتەکانی میللەتەکەم بووەو هەتا دوا ساتی ژیانیشم چاوەڕیی بەدیهاتنی سەرکەوتنی یەکجارەکیی خەباتی کورد و رزگاریی یەکجارەکیی تەواوی کوردستان و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی میللەتەکەمم..



لەڕاستەوە : دکتور یاسین سەردەشتیی، شێخ ئیبراهیم مەردۆخیی، جەمیل مەردۆخیی،

(یەکێتی قوتابیانی ئاینیی و مەدەنی کوردستان) یان هەوڵێکی مەدەنییانە و قوربانیی کاربەدەستە شۆڤێنیستەکانی ئێران



دکتۆر یاسین سەردەشتی

هەڵگیرسانی شۆڕی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و ڕوخاندنی رژێمی پاشایەتیی دەسەندەخۆری بەریتانیاو ڕۆژئاوا لەعێراق و لەجیاتی دامەزراندنی

کۆمارێکی نیشتمانی گ
بەسەرکردایەتی (عەبدولکەریم قـ
بەقۆناغێکی گرنگ و جیاکـ
لەمێژووی عێراق دادەنرێت
ئەوەی لەڕێگای کودەتایەکـ
بەڕابەرایەتی قاسم رژێمی پاشـ
لەعێراقدا ڕوخێنراو بەشی
بنەماڵەی پاشایەتیی و فـەرمـ
سیاسەتکارەکانی ئەو ڕژێمە، لەسـ
هەموویانەوە (نوری سەعید) لەناوبران
شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨
لەعێراق ڕوداوێکی چاوەڕواننەکراو
بۆ جیهانی ڕۆژئاواو رژێمە وابەستەکـ
لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چـ
دەرەوەی ڕژێمی نوێی کۆماری عێراق
لەپاکتی بەغدا ساڵی ١٩٥٩
ڕاگەیاندنی سیاسەتی بێ لایەنی لـ
ئاستی دەرەوەو پتەوکـ
پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤـ
هەندێك لەوڵاتە سۆشیالیستەکان هـ
بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوای لەناوچەکە

[1] بۆ زیاتر: الزبيدي، محمد حسين، ثورة
١٩٥٨ في العراق. اسبابها ومقـ
ومسيرتها وتنظيمات الضباط الأحرار
للشؤون الثقافية والنشر، بغداد، ١٩٨٣.







# یەکێتی قوتابیانی ئاینی و مەدەنی کوردستان

## کۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە

نووسینی : دکتۆر یاسین سەردەشتی

زانکۆی سلێمانی

## نامەی تێکۆشەری دێرینی کورد " کاك مەلا عومەر نیگڵی " و روونکردنەوەو دەرخستنی چەند زانیارییەکی گرنگ سەبارەت بە مێژووی " حیزبی شۆڕش " لە رۆژهەلاتی کوردستان

مامۆستای زۆر بەڕێزو خامە بەپێزو بەرهەم بەهێز و بۆمن و خوێنەرانی تری نووسینەکانت هەتا بڵێی ئازیز، دکتۆر یاسین سەردەشتی...

بەر لە هەر باسێك دەمەوێت رێزو خۆشەویستی و پێ زانینی خۆمت پێشکەش بکەم ، بەتایبەت بۆئەوەی بەشێکی بەرچاوو هەست پێ کراو لە کاتوساتەکانی خۆتت بەخشیوە بە لێکۆڵینەوەو خەوش و خاك لێ دورخستنەوەو ئاشکراکردنی بەشێك لەسەردەمێك لە خەباتی شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و باس کردن و وەبیرهێنانەوەی کۆمەڵێك لەو کادرو کەسایەتیانەی مەیدانی تێکۆشانی ئەو سەردەمە، کە تەنانەت خۆشیان لەبیری خۆیان نەمابوون و کەس یان باسیان نەدەکردن یاخود بەخێر ناویان نەدەبردن.

دیارە من تەنیا " ژیان و تێکۆشانی سیاسی ئەحمەد تۆفیق" و "بیرەوەری یەکانی جەمیل مەردۆخی" تا بەشی شەشەمم دیوە. کە یەکەمیان وەك کتێبێکی بەنرخ لەچاپ دراوەو دووهەمیان کە من لەسەر سایتی کوردستان پۆست دەمخوێندەوە، تازەکی لەسەر سایتەکە دیار



نیەو نازانم چی بەسەرهاتووەو هیوادارم ئەویش تەواو بکرێ و لەچاپ بدرێت.

هەر ئەم دوو بەشە لە نوسین و لێکۆڵینەوەو رێك خستنەکانت، بە من و هەموو خوێنەرێك نیشان دەدات کە چەندەت شەونخونی کێشاوەو چەندە لەگەڵ ئەم و ئەو قسەو باست کردوەو چەندە توانیوتە لەپای گێڕانەوەدا دانیشی و رۆژو مانگ و ساڵ و رووداوەکانیان وەبیر بێنیتەوە تا لەزمانی خۆیانەوە بینوسی.

دیارە لەگەڵ تەواوی سوپاس و پێ زانینم دا لەزۆر شوێنی نووسینەکان رەخنەی گەورەو چوکی واشم بەبیردا دی، کە ئارەزووم دەکرد هەموو وەك رووداوەکان وەك خۆی بگوێزرایەتەوە. دیارە رەخنەکانی من بەر لەجەنابت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرە دێرینانەم کە بابەتەکانت لەزمانی ئەوانەوە گواستۆتەوە...

ئاخر منی هەژار کە لەتەمەنی دە دوازدە ساڵی یەوە تائێستا بەر شەقی زۆردارو داگیرکەربووم و پێشمەرگایەتی و برسیەتی و بریندداربوون و گیران و زیندان و ئەشکەنجە نەما نەیکێشم، نەتوانیومە بەخۆدا رابگەم و نە بە ژن و منداڵ و ژیانی بنەماڵەیی خۆم دا. هەر خەبات و کۆڵ نەدان و کۆڵ نەدان، هەتا ئێستاش لەنەمەنی بان ٧٠ ساڵی دا هێشتا عارم نەگرتوەو هەردەڵێم "ئازادیی". بەو حاڵەش هیچ کات چاوەڕێ نەبووم کەسێك باسێکی خێرم لەسەر بنووسێت...

تەواوی ئەندامان و تەشکیلات و دۆستانی حیزبی دیموکرات لەسەردەمەدا لەناوچەی سنەو مەریوان و هەورامان و ژاوەرۆ ، هەر ئەوانەبوون کە ئێمە بۆ کۆمەڵەی شۆڕش پێکەوەمان نابوو وە گشتیان

لەرێگای منەوەو دوای پەیوەس بونی من بە حزبی دیموکرات بوونە بەشێك لە حزبی دیموکرات.

من لەسەفەر بۆتارانی ئەحمەد تۆفیق دا لەسلێمانی یەوە تا گوندی دێرمۆلی و مالی شێخ موعتەسەم و لەگەڕانەوەدا هەر بەهەمان رێگەدا لەگەلی بووم و ئەم چوون و گەڕانەوە بەیارمەتی و پاراستن و دۆستان و هاوڕیانی من کە لە کۆمەلەی شۆڕشەوە پەیوەس ببون بە حیزبی دیموکرات ئەنجام درا. من لە چەندین سەفەری نێوان سلێمانی و بەغدا لەگەل ئەحمەد تۆفیق بووم و بەشێکی زۆر لە نهێنیەکانی لە من نەدەشاردەوە.

من هەر لەیەکەم رۆژی پەیوەس بوونم  بە حیزبی دیموکراتەوە وەك کادری دەرەجە یەك "استلاحی ئەحمەد تۆفیق بوو" وەرگیرام و مەسئولیەتی هەمان تەشکیلاتی ناوچەکانی سنەو مەریوانم پێ سپێردرایەوە.

من لەچەندین سەفەر لەگەل یادی بەخێر هاوڕێ سلێمانی موعینی هات و چۆی ناوچەکانی بانە؟، سەردەشت، سوێسنایەتی، مەنگوڕان، بۆکان و چۆمی مەجیدخانم کردووەو لەیەکێك لە سەفەرانەدا بوو کە ئێمە لەناو داربۆزەکانی نزیك ئاوایی قەرەگوێز دیدارمان لەگەل قاسم ئاغای ئیلخانی زادە، کاك سەعد موهتەدی، کاك سەلاح موهتەدی،سلێمان ئاغاو چەندین کەسایەتیی تر کردو لەبیرم ناچێ کاك هەمزەئاغا دەمانچەیەکی توێکاریۆڤ روسی بەمن بەخشی و فەرموی ئەمن لە تەمەنی ئێستای تۆدا بووم خودی قازی محەمەدی پێشەوا خەلاتی کردووم.



هەر لەو سەفەرەدا بوو کە ئێمە لەسەرەوە دوو رۆژنامەنووسمان لەگەل خۆ هێنا بۆ ناو شۆڕش بۆ خزمەتی سەرۆك بارزانی کە خەلکی ئوروپا بوون و کاك سەلاح موهتەدی و هاوڕێیانی لەتارانەوە کارئاسانیان بۆ کردبوون تائێمە وەرمانگرتن.

هەر دوای ئەو سەفەرە کە گەڕاینەوە بۆناو شۆڕش بۆلای هاوڕێیانی ترمان، من دەستمکرد بە رەخنەگرتن کە ئەوەندەی من لەو سەفەرانە دیومە ئێمە لەناوچەی بانەو سەردەشت و موکریان تەشکیلاتی حیزبیمان نییەو ئەو سەفەرانەمان تەنیا بە هاوکاریی دۆست و ئاشنا ئەنجامداوەو وەك حیزب لەو ناوچانە حزورمان نییە. لەکاتێکدا لەبەرەکەتی کۆمەلەی شۆڕشەوە لەناوچەکانی مەریوان و سنەو هەورامانات تەشکیلاتی رێکوپێکی نهێنی حزبیمان هەیەو زۆریش هەلسوڕاون. وە داوام ئەوەبوو چەند کادرێکمان بگەڕێنەوە بۆ موکریان و بەهەمان دۆست و ئاشنای حزبیی تەشکیلاتێکی نوێ سازکەین کە جێگای تەشکیلاتی پێشوو کە زەربەی خواردبوو بگرێتەوە.

یەکەمین خالی ناکۆکیی من لەگەل بەشێك لە هاوڕێیان لێرەوە دەستیپێکرد و وێڕای رێزو خۆشەویستیی و هاورێیایەتیم رەخنەم لەرابەرییکردنی ئەحمەد تۆفیق هەبوو. لەکۆبوونەوەی فراوانی هاوڕێیانمان لەکۆیە ٨ کەس بۆ رابەری کاتیی حزب هەلبژێردران یان دروستروایە بلێم دیارییکران کە یەکێك لەوانە من بووم. ئەو کاتە کاك سەلاح موهتەدی و کاك محەمەدی ئیلخانی زادەش هاتبوون و رەخنەکانی من رەخنەی زۆرتریشی هاتبوونەپال و ئەوە کە هاورێیانی کادرو پێشمەرگەمان نامونەزەمن و کەس نازانێت کێ بەرپرسە کێ ئەندامەو کێ نییە. هەروەها رەخنە لە دەخالەتکردن لەناکۆکیی نێوان

دەفتەری سیاسیی و بارزانی دا، لایەنگریی و موخالەفەتی ئەم یان ئەو وەزیفەی ئێمە نییە و کە نەتوانین گوڵ بین دڕکیش نەبین و شتی وا هاتە گۆڕێ و سەرەنجام هەموو پرش و بڵاو بووین.

من گومانم لەوەدا نییە کە ئەگەر هەرکام لەئێمە لەکاك ئەحمەدو کاك سلێمانەوە تادەگاتە من کە ئەو دەورانە کەمتر لە ١٨ ساڵ تەمەنم بوو بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمە، هەرگێز بەو شێوەی ئەو کاتە قسەو رەفتار ناکەین و مەنتقی تر بەرخورد دەکەینو نابینەهۆی پرشوبڵاوبوونی حزب و هاوڕێیانمان و ئەو گشت کەسایەتییە سەربەرزانەمان لەدەست نەدەچوو. بەڵام بەداخەوە نە عەقڵی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەو نە تەمەنی ئەو کات بۆ ئێستا. وە ئێمە بێ جیاوازیی بەرپرسی هەموو روداوە دڵتەزێنەکانیشین.

ئێستا بێینە سەر بیرەوەرییەکانی کاك جەمیل، من لەپێش دەستنیشانکردنی هەر رەخنەیەکدا گەلێك خۆشحاڵم کە هاوڕێیەکی دێرین و خۆشەویستم کاك شێخ جەمیل توانیویەتی لەو تەمەنەدا ئەو سەردەمانە وەبیرخۆی بێنێتەوە و باسیان بکات. ئافەرین و دەستخۆشانە لەویش و لەجەنابیشت دەکەم.

دیارە من هێندە سەختگیر نیم کە پێم وابێ دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ بەسەرهاتێك بگێڕیەوە یا بینووسی مەرجە هەموو خاڵێکی وەك خۆی بێ. ئینسان شتی لەبیر ئەچێ و شتی لێ ئەگۆڕێ و من ئەگەر خاڵێکم بەرچاوئەکەوێ و بەجۆرێکی تر لەزەینی مندا ماوەتەوە بەشتێکی ئاسایی دەزانم.

ئەوە لای من زۆر زۆر گرنگە ئەوەیە کە رووداوگەلێك هەن باری مێژوییان هەیەو نابێ لەوبارەیەوە ناهەقی بکرێ.



بۆنموونە، باسی پێکهاتنی کۆمەڵەی شۆڕشی کوردستان ئەکەم: ئەم حیزبە بەهاری ساڵی ١٣٣٩ی شەمسی (١٩٦٠ زاینی/ سەردەشتیی) لەشاری سنە پێکهات، لەو سەردەمانەدا زۆر زۆر رووداوی تریش روویدابووکە گرنگ و سەرنجڕاکێش بوون. لەعێراق حکومەتی پاشایەتیی رووخابوو حکومەتێکی نیمچە دیموکراتیك پێکهاتبو، حیزب و سازمانی سیاسیی ئازادکرابوون. پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر فەعال بوو هەم کوردایەتیی و هەم شیوعیگەریی گەشەیکردبوو. تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی لەرۆژهەڵاتی کوردستان زەربەی سەختی وێکەوتبوو، کادرو ئەندامانی یا هەڵاتبوون بۆ باشووری کوردستان یان گیران و لەزیندان بوون. ناکۆکیی لەنێوان بەرژەوەندیی ئامریکاو ئینگلیس لەسەر زمانان بوو. تیمسار بەختیارو داورودەستەکەی کە گوایە بەپیلانی ئینگلیسییەکان لەفکری کودەتابوون سەرکوتکرابوون و بەو بۆنەوە شابونای ئێران "سورەیا" کە خزمی بەختیار بوو تەڵاقدراو تەبعید کرابوو. ئەوەی چوار کەلیمە سیاسەتی دەزانی و لەلێکدانەوەو چاوەڕێ دا بوو کە ئینگلیس وازناهێنێ و پیلان ئەگێڕێ و لەخەیاڵی خۆیاندا ئامریکاو ئینگلیس و ئێران و عێراقیان وەشەڕدەداو ئارەزووی خۆی چی بووایە وای پێشبینی دەکرد. ماڵی مەلاو حوجرەی فەقێو دوکانی بەقاڵ و خیابان هەر چەپ چەپ بوو.

ئا لەوبارو وەزعەدا، ئازادیی خەڵکی کوردستان لەعێراق و تەبلیغاتی رادیۆی بەغدا کاری کردبووە سەر خەڵکی گوردستانی ئێران. بەتایبەتی ناوچەی سنە کە ئەو زەربە تەشکیلاتییەی ناوچەکانی موکریانی حیزبی دیموکرات لەناوچەی سنە روونەدابوو چونکە

لەبنەڕەتدا حیزبی دیموکرات لەم ناوچەیە تەشکیلات و تێکۆشانێکی ئەتۆی نەبوون وە هێشتا خەڵك نەترسابوون.

بەر لەپێکهێنانی کۆمەڵەی شۆڕش، وەك کاك جەمیل خۆی باسیکردووە کۆمەڵێك فەقێ لەحوجرەکان و قوتابی لەمەدرەسەکان ڕێکخراوەیەکیان سازماندابوو بەناوی یەکێتی قوتابیانی دینی و مەدەنی کە رابەرییەکەی کاك جەمیل وەك فەقێ و کاك فاتح شێخولئیسلامی وەك قوتابی مەدرەسە ئەیانگێڕا.زۆری پێنەچوو ئەم ڕێکخراوە زەربەی خواردو کاك جەمیل هەڵات بۆ کوردستانی عێراق و مەلا سالح ناوێك بوو ئەویش هەڵات و کاك فاتیح گیرا. پاش ماوەیەك کاك فاتیح بەواسیتەکاری بەربوو. بەڵام کاك جەمیل و مەلاساڵح نەگەڕانەوە.

لەهەمان سەردەمدا، کۆمەڵێکی زۆر لەفەقێ بۆ خوێندن دەچوونە باشووری کوردستان بەڵام زۆری پێنەچوو بژی و بروخێ و هیتاف و میتینگ و تەزاهورات و تارو شیعرو سرودی خەڵکی باشووری کوردستان کاری تێئەکردن و وەك پشکۆی سوور ئەگەڕانەوە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات و قەستیان بوو بە شەو ورۆژێك رژێمی شا بڕوخێنن و کوردستان ئازاد کەن.

من یەکێك بووم لەو پشکۆیانەی کەلەپێنجوێن دەمخوێندو بەیەکەمجار بەکری حاجی سەفەر هات بۆ حوجرەی مزگەوتی پاشاو پەلمی گرت و بردمی بۆناو قوتابیان و چیان ئەزانی فێریان کردم و گەڕامەوە بۆ بۆ مەریوان و پاشان بۆ شاری سنە.

عەلی قوتبی بێسارانی لەمن گەرم وگەشتر لەناوچەی قەرەداخەوە گەڕایەوە بۆ سنەو عومەرو عەلی یەکمانگرت و هێندە بەگوڕ بووین



وامانەزانی دەتوانین لەچەند حەوتوویەکدا گەروشی خۆرو زەوی تێکبدەین.

چی بکەین و چی نەکەین، بڕیارماندا بگەڕێین تا سۆراغێکی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەکەین و پێی پەیوەستبین و هاوکاریی لەگەڵ بکەین. بەچراوە ماڵ بەماڵ دەگەڕاین بەشوێن ئەندام یان لایەنگرێکی حیزبی دیموکراتدا، پەیدا نەبوو و پەیدا نەبوو. کاك فاتیح شێخولئیسلامی لەزیندان بەربوو، من و کاك فاتح ئاشنایەتیی پێشتری خۆمان و بنەماڵەمان هەبوو و ئیعتیماد لەنێوانماندا زۆر بوو. من و عەلی قوتبی تەماسمان لەگەڵ گرت و بڕیاربوو سێ کەسیی و بەیارمەتی دۆستانی گشتمان هەوڵبدەین یا حیزبی دیموکرات پەیدا بکەین یا ئەگەر نەکرا بۆخۆمان شتێك سازکەین.

دوای ماوەیەك کاك فاتیح بەمنی راگەیاند کە لەگەڵ سەید مەحمودی ئامۆزام و کەسێکی تر بڕیارمانداوە سازمانێك پێکەوەنێین و ناو و پرۆگرام و پێڕەوێکی رەشنووسیشمان بۆ ئامادەکردووە و پرسی: ئایا منیش حازرم هاوکارییان بکەم؟ وەڵامی من ئەرێ بوو. وە خێرا تەرتیبی مولاقاتی من لەگەڵ کەسی سێهەم درا. ئەویش شێخ نەسرەدین نەقشبەندیی بوو کە خاڵۆزای کاك فاتیح و ئامۆزای شێخ عوسمانی دوڕۆ بوو. من فەقێ بووم، کاك فاتیح لە دەبیرستان ئەیخوێند. مەلا سەید مەحمود دەرسی مەلایەتی تەواوکردبوو ببوو بە موعەلیم و جارێکیش گیرابوو و بەربوو. شێخ نەسرەدین کارمەند بوو ئیخراج کرابوو، خێزانەکەی لێی جیاببۆوەو لەشەرایەتێکی رۆحیی ناڕازیی و توڕەییدا بوو. لەگەڵ شێخ نەسرەدین لەماڵی ئەوان کە

فەقیرانەو کرێچی بوو دانیشتین و مسۆدەی پرۆگرام و پەیڕەوەکەی نیشاندام و خوێندمەوەو بەوردیی لەسەر خاڵ بەخاڵی قسەمان کرد: ناوی حیزب: کۆمەڵەی شۆڕشی کوردستان، ئامانجی بەرز: کوردستانێکی یەکگرتوو، کوردێکی سەربەخۆ.

دوای دوو رۆژ عەلی قوتبی لەلایەن منەوە راکێشراو بوو بە ئەندامی پێنجەمی کۆمەڵەی شۆڕش. هەرکەس هەردۆست و هاوڕێیەکی جێی بڕوای شك دەبرد پەیوەندیی دەکرد بەکۆمەڵەوە لەشانەی سێ کەسیدا سازمان دەدران. تەواوی ئەوانەی لەگەڵ کاك جەمیل و کاك فاتیح هاوکارییان کردبوو کران بە ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕش. لەوانە: سەید مەحمودی سەجادی، ئیسماعیل ئەیوبی، ئەسعەد مودەرسی، ئەسعەد نەقشبەندی و پاشان چەندین کەسایەتیی گەورە و ناودار لەوانە شێخ موعتەسەمی حیسامی کە ئامادەبوون لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕش هاوکاریی بکەن، بە بێئەوەی بزانن دامەزرێنەرو رابەری ئەم کۆمەڵەیە ئەم چەند کەسە وردیلانەن.

زۆری نەخایاند کاك فاتیح سەرلەنوێ گیرایەوە، شێخ نەسرەدین کەوتنە شوێنی بیگرن، هەڵات و پەنای بردە بەرماڵی حەمە ڕەشید خان لەدارۆخان، سەید مەحموودی شێخولئیسلامی کە خوشکی فاتیحی خواستبوو خەریکی ژیانی بنەماڵەیی و کاری موعەلیمی خۆی بوو. کاروباری حیزبیی لە راکێشانی ئەندامی تازەو سازماندانی شانەکانەوە بگرە تا سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەبەران و کادرانی خۆجێ و تا روونووسکردنی پرۆگرا و پەیڕەو بەدەستنووسی و بڵاوکردنەوەی بەناو ئەندامان و لایەنگراندا، هەمووی بڕا بە بالای من و عولی قوتبی دا.



لەسەقزەوە تا کامیاران، لە لەیلاخەوە تا هەورامان، لەسنەوە تا دارۆخان لەهاتوچۆو راکەراکدا بووین و هەرچەند حەوتوو جارێك سەری دارۆخانمان دەداو لەگەڵ شێخ نەسرەدین کە بەناوی نهێنی کاك محەمەد لەوێ بوو کۆبوونەوەو راو تەدبیرمان دەکردو دەگەڕاینەوە بۆ ناوچەکان. ئاخری عەلی قوتبی لە سنە لە مەئموریەتێکدا گیراو من تەنیا کەوتم و بەشەکاری عەلیش بە من بڕا.

ئەم کێشمە کێش و هەڵات هەڵاتە دەوامی هەبوو تا نەورۆزی ١٣٣٠ ی شەمسی. لەماوەی ئەو دە یازدە مانگەی هەڵسوڕانی ئێمەدا بەسەدان کەس ببوون بە ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕش ، مەرجی ئەندامەتیی تەنیا قبوڵکردنی ئامانجی بەرزو تێکۆشان لەو پێناوەدا بوو، بەهەر شێوەیەك کە دەتوانن.

نەك بەهۆی لێزانی و رابەرایەتیی بلیمەتانەی ئێمەوە کە لەڕاستیدا زۆر کاڵ و سیاسەت نەزان و وردیلەبووین ، بەڵکو لەبەر ناڕازییبوونی خەڵكً لە رژێمی شاو تەئسیراتی کوردستانی عێراق و هەستی کوردایەتی نێو خەڵك هێندە ناوی کۆمەڵەی شۆڕش لەو چەند مانگەدا بەرزببۆوەو هێندە ئەندام و لایەنگرو پشتیوانی بۆ پەیدا ببوو، کە ئێمە گیرمانخواردبوو چۆنیان سازمان بدەین و چۆنیان رابەرایەتیی بکەین. دیارە غەیرە ئەو چەند کەسەی سەرەتا کە سەرجەم ٥ کەس بووین، کەسی تر نەیدەزانی ئەم لاشە زل و زەبەلاحە سەرێکی هێندە گچکەو شل و وڵی هەیە. بەڕاستی ئەو سەردەمە جێگای کەسانی لێزان و سیاسەتمەدار بۆ رابەری ئەو کۆمەڵە خاڵی بوو.

سەرئەنجام، شێخ نەسرەدین کە لەو ئاخرانەدا لەگوندی چوێسە لەماڵی شێخ عەبدولقادر پەنای گرتبوو لەئاکامی توندڕەوی و وەزعی

خۆیدا چووه دوورۆ و لەگەڵ شێخ عوسمان کردی بەشەڕو ئاخری لەلایەن ژاندارمی سەولاّواوه گیراو زیندان کرا. عەلی قوتبی دوای زیاتر له ٢ ساڵ زیندان ئازاد کراو ئێمه یەکمان گرتەوه. بەڵام شێخ نەسرەدین هێشتا لەزێندان مابوو. عەلی باسی ئەوەی دەکرد کە لەگەڵ شێخ نەسرەدین لەزیندانی سنه دوو ساڵ پێکەوه بوون شکنجەو ئازارێکی زۆریان چێشتووه، بەڵام نه ئەوو نه شێخ نەسرەدین کەم و زۆر دانیان بەهیچ نهێنییەکدا نەناوەو نەچوونەتە ژێر هیچ تۆمەتێك. کاك فاتیح شێخو لئیسلامی دوای ماوەیەك لەزیندان بەردراو لەتاران چووە دانیشگاو پاشان لەگەڵ هاوڕێیانی تر یەکێتی خوێندکارانی کوردیان پێکهێناو دواتریش یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی سەرەتایی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان. سەید مەحمودی شێخولئیسلامی هەروەك پێشتر لەمەریوان بەژیانی شەخسی و موعەلیمییەوه خەریك بوو.

منیش دوای نەورۆزی ١٣٣٠ کە بیستم شێخ نەسرەدین گیراوه، دەورێك گەڕامەوه بەسەر شانەکانی کۆمەڵەداو هەموو نهێنییەکانم سڕییەوەو نەمهێشت هیچ ئاسارێك دەستی دوژمن بکەوێت و پاشان خۆم گەیاندە گوندی خورماڵ و لەگەڵ شێخ جەمیل یەکمانگرتو دواتر بەحیزبی دیموکرات پەیوەسبووم. زۆربەی هاوڕێیان و شانەکانی شۆڕشم کێشایه ناو حیزبی دیموکرات و ئیتر جگە لەکاك فاتیح و شێخ نەسرەدین و عەلی قوتبی، ئەوانیش بێ بەڵگەو دەلیل، کەس لە کۆمەڵەی شۆڕش نەگیرا...

کۆمەڵەی شۆڕشی کوردستان هەر بەو سادەییەی کە عەرزم کردی و لەلایەن ئەو چەند کەسە ساویلکەو بێ تەجروبە، بەڵام دڵسۆز و



خۆبەخشەوه، پێکهات و بەو مەسیرەدا تێپەڕی و تا ئەو جێگایە بڕی کرد و ئاواش کۆتایی هات کە باسم کرد.

ئاخر ئیتر کارەسات نییە هاوڕێیەکی دێرین و ئازیزی وەك کاك جەمیل مەردۆخی ببێ بە شایەدحاڵی ناحەقی ە بنووسێ کۆمەڵەی شۆڕش لەلایەن ساواك و بەمەبەستی کزکردنی حزبی دیموکرات پێکهاتووە؟!!!!!!!!

یەکەم: حیزبی دیموکرات لەناوچەی سنەو مەریوان هەر بوونی نەبوو تا ساواك بە کۆمەڵەی شۆڕش کزی بکات و ئەگەر ببووایە نە کاك جەمیل و نە کاك فاتیح قوتابیانی دینی و مەدەنیان پێکدەهێناو نە ئێمە پێویست بوو کۆمەڵەی شۆڕش سازکەین.

دووەم: حیزبی دیموکرات لەناوچەی موکریان بوونی هەبوو کە ئەویش لەلایەکەوه کە ئەویش لەلایەکەوه حیزبی توده وەك ئەژدەها هەڵی دەلووشی و لەلایەکی ترەوه هەر ئەندامان و کادرانی خودی حیزبەکە یەکتریان لەو داو بوون بە هاوکاریی ساواك لەگیانی یەك و حیزبەکەیان کز کردو پێویست بە کۆمەڵەی شۆڕش نەبوو.

سێهەم: بەرلەوەی من پەیوەسبم بە حیزبی دیموکرات، کاك ئەحمەد تۆفیق ئیعلامییەکی لەدژی کۆمەڵەی شۆڕش دەرکردبوو وە بەپیلانی ئینگلیسییەکانی لەقەڵەمدابوو کە ئەویش تۆمەتێکی بێ پایەو هەستکردن بە هاتنەمەیدانی شەریکێکی ناخوازو رەقیبێکی تازە نەفەس بوو.

چوارەم: کاك جەمیل ڕاست دەکات و من هەر هاتمە ناو حیزبی دیموکرات بەبێ ئەوەی نهێنییەکان بدرکێنم ، باسی پرۆسەی پێکهاتن و هەڵسوڕان و مەسیری تێکۆشان و دواییهاتنی کۆمەڵەی شۆڕشم

نووسی و دام به کاك ئەحمەد تۆفیق و فایەق، وە هەر دوای ئەوە زەین و نەزەریان دەرحەق بە کۆمەڵەی شۆڕش گۆڕاو داوای لێبوردنیان سەبارەت بەو ئیعلامیەی خۆیان لەمن کرد.

لەدواییدا وێڕای ڕەدکردنەوەی تۆمەتەکانی کاك شێخ جەمیل دەرحەق بە کۆمەڵەی شۆڕش و دەرخستنی ڕاستییەکان، هیوادارم کاك شێخ جەمیلی خۆشەویست ئەم ڕوونکردنەوەم بە وەڵامدانەوە بە دەرخواندەکەی خۆی لا وەربگرێ کە داوایکردبوو کەسانی پاشماوەی کۆمەڵەی شۆڕش سەبارەت بەو حیزبە بنووسن و ڕاستییەکان بەیان بکەن.

هیوادارم جەنابت مامۆستا یاسین حەوسەڵەت هەبێ و ئەم نووسراوە ئاڵۆزەی من بخوێنیتەوە کە لەتەمەنی بان و ڕۆحێکی پەرێشان و بەدەستێکی لەرزان بۆم نووسیوی و لەگەڵ خۆشەیستی خۆمدا بۆ جەنابت پێشکەشتانی دەکەم و لەوانەیە پێت خۆشبێت بزانیت ئەو پێنج کەسەی دامەزرێنەرانی سەرەتایی کۆمەڵەی شۆڕش چیان بەسەرهات.

١- کاك فاتیح شێخولئیسلامی (چاوە) : کە پێڕەو پرۆگرامی کۆمەڵە کە یەکەم ڕەشنووسی لەلایەن ئەوەوە نووسراو ئامادەکرابوو، دواتر لەدەورانی دانیشگا بەهاوکاریی هاوڕیانی تر یەکێتی خوێندکارانی کوردیان پێکهێناو پاشان یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی سەرەتایی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیی زەحمەتکێشانی کوردستان بەرابەری کاك فوئاد مستەفا سوڵتانی و دوای ئینشعابەکانی کۆمەڵە ئەو لەگەڵ جەریانی چەپ بە ڕابەری مەنسوری حیکمەت، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریان



پێکهێناو ئێستاش شوکور لەژیاندا ماوەو یەکێکە لەرێبەرانی حزبی حیکمەتیست.

٢- عەلی قوتبی بێسارانی پاش بەربوونی لەزیندان هات بۆلای من بۆ باشووری کوردستان و بەکۆمەڵەی ڕزگارییەوە پەیوەستبوو. دواتر چووە ناو حیزبی دیموکرات لای کاك ئەحمەد تۆفیق پاش ئەو نەهامەتییەی بەسەر شۆڕشی ئەیلولدا هات دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کۆمەڵێکی تر تەحویلی ئێرانی درانەوە و دوای چەند ڕۆژێك بەردراو گەڕایەوە بۆ لای من لە مەریوان و بەدوای شۆڕشی ٥٧ دا (١٩٧٩/ سەردەشتیی) لەگەڵ کۆمەڵێك لەهاوڕیانی دێرین کۆمەڵەی یەکسانیان پێکهێنا . بەڵام لەئاخردا هاتەوە ریزی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو پێشمەرگە بوو لە بێساران، لەشەڕێکدا لەگەڵ تاقمێك کە ناوی خۆیان نابوو "ڕزگاری" و سەر بە بەعسی عێراق بوون گیانی بەختکرد.

٣- شێخ نەسرەدین نەقشبەندی دوای ٣ ساڵ لەزینداندا بەربوو، بەڵام دواتر گیرایەوە و لەزیندانی ڕژێمدا مایەوەو تا شۆڕشی ٥٧ کە زیندانەکانیان شکان ئەویش بەربوو و هاتەوە مەریوان و زۆری هەوڵدا سازمانێکی تازە پێکبهێنێ. بەڵام کەس بەقسەی نەکردو چووە تاران و لەوێ گیراو ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئیعدامی کرد.

٤- سەید مەحمودی شێخولئیسلامی هەر لەماڵی خۆی مایەوە...

٥- منیش کە پێم دەڵێن عومەر نگلی، دوای کۆمەڵەی شۆڕش پەیوەسبووم بە حزبی دیموکرات و بەپێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلول و کاری حیزبییەوە خەریکبووم تا لەگەڵ کۆمەڵێك لەهاوڕێیان لە حیزبی دیموکرات چووینە دەرەوە و کۆمەڵەی ڕزگاری مان پێکهێنا . وێڕای کاروباری کۆمەڵەی ڕزگاری، سازمانێکمان پێکهێنا بەناوی " لیژنەی

یارمـەتی لێقـەوماوانی شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق". بـەناوی ئـەو لیژنەیـەوە هەرچی توانیمان یارمـەتی ماڵی لـەناو خـەڵکی کوردستانی ئێران کۆکردەوە چ بەنەقدی و بەشمەك لەڕێگای سەردەشت و قەڵادزێ وە بـەهێزەکانی سـەر بـە بـارزانی و لـەڕێگای مـەریوان و هەوورامانـەوە بەهێزەکانی سەر بە مەکتەبی سیاسیی پارتی و کارمان بەسەر ناکۆکیی ئـەو هێزانـــەوە نـــەبوو. دوای عـــەفواتێك گەڕاینـــەوە ئێـــران "دیـــارە بەشێکمان" وە لـەوێش بەشێوەی جۆراوجـۆر لـە فەعالیەتـدا بـووم تـا بـــەهاوڕیانی کۆمەڵـــەی شۆڕشـــگێڕی زەحمەتکێـــشانی کوردســـتان پەیوەسبووم. جزو پێشمەرگە سـەرەتاییەکانی کۆمەڵـە بـووم و لەبەشـە جۆراوجۆرەکـانی کۆمەڵـە لەوانـە نزیکـەی پێـنج سـاڵ لـەرادیۆی کۆمەڵـە کارمکرد.

لەئاخردا بەهۆی نەخۆشییەوە ڕەوانەی ئاڵمان کرام و لەئینشعابەکانی نـاو کۆمەڵـەدا نـەبووم بەئەنـدامی هـیچ بەشـێکیان و رقـم لەکەسـیان نەبووەو هەموو هاوڕێیانی جارانی کۆمەڵەم بێ جیاوازیی خۆشدەوێت.

زۆر شت هەیە بۆت بنووسم بەڵام لەوە زیاتر دەستم گۆناکاو بمبوورە لەوەی مێشکت بەم نامە شپرزەیەوە ماندوو دەبێ. ئێستا مـن هێشتا ڕۆژەکانی نەورۆز ماویەتی و بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی نـەورۆزت لێدەکـەم و هیوادارم ساڵێکی نوێی پڕ لەسلامەتی بەرهەمی نوێ بەسەربەری.

عمر نگڵی / شاری کۆڵن–ئاڵمان ٣/٣٠ /٢٠١٣

ئیمزا



## پاشکۆی ژمارە ( ٣)


مادینە

# ...ەڕەیەکی ون لە مێژووی ڕۆژنامەگەری سیاسی کوردی

# پاشکۆی ژمارە ( ٤ )



میژووی زارەکی

١٤ کوردستان

شمارە ٣٢ـ شنبە ٢٤ تیر ١٣٨٥ ـ ١٩ جمادی‌الثانی ١٤٢٧ ـ ١٥ جولای ٢٠٠٦

## سرنجێك لە "کۆمەڵەی ڕزگاری کوردستان "

دوکتور یاسین سەردەشتی

دیسانەوە ڕۆژنامەگەری کوردی